# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣١٣)- (١٨)ی نیسانی ٢٠٢٢



بەڕێوەبەری جێبەجێکاری
گەنەڵ ئینێرجی:

**کوردستان بووەتە سەنتەرێکی گەورە بۆ هەلی گەورەی وەبەرهێنان**



بەڕێوەبەری
هیلالی ئیماراتی:

**دەمانەوێت بەرهەمهێنانی گاز بگەیەنینە دوو هێندەی ئێستا**



سەرۆک و
جێبەجێکاری شاماران:

**بەرهەمی پەترۆڵی خۆمان دەگەیەنینە دوو ئەوەندە**



سەرۆکی
پیرۆت گرووپ:

**کۆشکی سپی ڕێنماییان کردین تەنیا لە کوردستان وەبەرهێنان بکەین**



بەڕێوەبەری جێبەجێکاری
گەڵف کیستۆن پەترۆلیۆم:

**ڕاناوەستین، تا دەگەینە توانای ڕاستەقینەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستان**

# وەرچەرخانی جیۆپۆلیتیکی وزە

## توانای ڕاستەقینەی هەناردەکردنی هەرێمی کوردستان






# پرۆسەی ئەنفال لە کوردستاندا

١٤

هەر چەندە عەلی حەسەن مەجید، بەرپرسی یەکەم و ڕاستەوخۆ و خاوەن دەسەڵاتی تەواو و ڕەها بوو، بەڵام هەر یەکە لە: فەریقڕوکن عەدنان خەیروڵڵا، نزار خەزرەجی، فەریقڕوکن سوڵتان هاشم، فەریقڕوکن کامل ساجد ئەلجەنابی و فەریق ئەیاد خەلیل زەکی و فەریق بارق (بارق عبدالحاج حنطة) لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و بێسەروشوێنکردنی هەزاران ئافرەت و پیاو و منداڵ و هاووڵاتیی کوردستاندا بەشدار بوون.

تاوانی ئەنفال، یەکێکە لە تاوانە گەورە و ترسناکەکانی ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس کە بە پێی نەخشە و پیلانێکی تۆکمە و بە هەشت قۆناغی یەک لە دوای یەک لە ساڵی ١٩٨٨دا کرا. دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس، ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە وەک یەکێک لە تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد و کوردستان ناسێنرا.

لێرەوە، هەر قۆناغێک وەک ئەوەی لە بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکاندا هاتووە، دەناسێنین و دەیخەینە ڕوو، ئەگەر چی لە دەرەوەی بەڵگەنامەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ڕاو سەرنجی جیاواز لە ڕێکەوت و کات و شوێنی قۆناغەکانی شاڵاوەکانی تاوانەکە و جێبەجێکردنیدا هەیە، هەر وەک بەشێک لە بیروبۆچوونەکانیش نزیکن لەوە کە لەلایەن دادگاوە سەلمێنراون و پشتڕاست کراونەتەوە.

پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید و هەوڵی پاکتاوکردنی گەلی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بەهەشت قۆناغ جێبەجێ کرا.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی یەکەمی کتێبی (نێچیرڤان بارزانی.. ڕوانگەیەك بۆ چارەسەر) لە ئامادەکردنی (نوری بێخاڵی) بە بەرگێکی ناوازەوە چاپکراو کەوتە بەردەستی توێژەرانی سیاسی و ئەکادیمیست و خوێنەرانی کتێبەوە، ئەم کتێبە شرۆڤەو وتاری کۆمەڵێك توێژەرو نووسەر دەگرێتە خۆ، تێڕامانێکە لە دیدگای سیاسیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، بەشێکی ئەم وتارو شرۆڤانە پێشتر لە گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕەکاندا بڵاوبوونەتەوەو بەشێکی دیکەشیان نوێن و بۆ ئەم کتێبە نووسراون.

ئەم وتارو شرۆڤانە تیشکێکی زیاتر دەخەنە سەر ڕوانگە و ئامانج و باوەڕەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەروەها دەروازەیەکی باشن بۆ سەردەرهێنان لە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق.

ئەم کتێبە دانسقەیە باس لەوە دەکات کە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە سەردەمێکدا ئەرکی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆ گرت، کە گۆڕان بەسەر هاوکێشە سیاسییەکان و چەمکەکانی ئاسایش و بەرژەوەندی لە ناوچەکەو جیهاندا هاتبوو. نائارامییە هەرێمایەتییەکان دوای بەهاری عەرەبی، شەڕی درێژخایەنی داعش و لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا، بەرژەوەندی و ناکۆکییان بۆ پرسە نێودەوڵەتییەکان و ئاڵۆزییەکی چڕتریان خستبووە ناو پەیوەندیی وڵاتان ناوچەکەوە، پاراستن و هێشتنەوەی هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدراڵ لەناو عێراقدا و ڕاکێشانی ڕایەڵێك بۆ لێکگەیشتن لەنێوان بەغداو هەولێرو ئەمانەو زۆر ڕووداوو پێشهاتی دیکە پێویستیان بە ستراتیژو بەرنامەیەکی سیاسیی ورد بوو. بۆیە ڕوانگەی سەرۆکی هەرێم سەرکەوتوو بووە لەسەر ئاستی ناوخۆو عێراق و دەوروبەرو دەرەکیدا، ئەمەش لە ڕێی دیباۆماسییەت و دارشتنی سیاسەتێکی حەکیمانە کە نەخشە ڕێگایەکی سەرکەوتوو بوو بۆ پارێزگاری کردن لەم قەوارەیەو باشترکردنی پەیوەندییەکانی نێوخۆیی و هەرێمی و نێو دەوڵەتی.

دەستخۆشی لە نووسەر (نوری بێخاڵی) دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە جوان و دانسقەیە، بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# کتێبی نوێ




چاپی دووەمی کتێبی (چۆن دیموکراسی لە تەکنۆلۆژیا ڕزگار دەکرێت؟) لە نووسینی (فرانسیس فۆکۆیاما) و وەرگێڕانی سیاسەتمەدارو ڕووناکبیر (ساسان عەونی) و دیزاینی هاوکارمان (لوقمان ڕەشیدی) بە بەرگێکی ناوازەوە کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، وەرگێڕی کتێبەکە لە بەشێکی پێشەکییەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دوو زانای دیکە بە ناوەکانی (باراك ڕایشمان) و (ئەشیش گۆیل) بۆ نووسینی ئەم بابەتە هاوکاریی فۆکۆیامایان کردووە.

گرنگیی تێزەکانی نووسەر (فۆکۆیاما) لەوەدایە کە ئەو بابەتانەی باسیان لێوە دەکات و دەیانوروژێنێت، بابەتی کێشەکانی سەردەمن و تێپەڕینی کات لە گرنگیی گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو تێزانە کەم ناکاتەوە، بۆیە وەرگێڕی ئەم کتێبە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەبەر پێویستیی خوێنەر و کتێبخانەی کوردستان بەو جۆرە بابەتانە، هەروەها ئاشناییان لەگەڵ ناوی (فۆکۆیاما) و کارگەریی دیدگاو تێزو نووسینەکانی لەسەر دارشتنی سیاسەت و سیاسەتکارانی ئەمریکا و جیهان، بە پێویستی زانیوە ئەو بابەتە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەکادیمی و سیاسیی کوردستان ئاگاداری ئەم هەوڵە تێزو لێکۆڵینەوانە بن.

هەرچەندە بابەتەکە لە ڕووی بەکارهێنانی زمان و دەستەواژە زانستی و تەکنەلۆژییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە دوورن لەو پسپۆرییانە، تا ڕادەیەك قورسەو تەنانەت بە زمانی کوردیش ئەو چەمك و دەستەواژانە هەندێك زەحمەتن و دانەڕێژراون، بەڵام وەرگێر هیوادارە سەرکەوتوو بووبێت لەوەی کە بە زمانێك دایرشتووەتەوە کە بۆ خوێندنەوەو تێگەیشتن ئاسان بێت.

وەرگێڕی کتێبەکە ناساندنی بۆ هەر سێ زانا کردووە، لەگەڵ پسپۆڕییە زانستییەکانیان، هەروەها پەراوێزێکی تایبەتی بۆ شیکردنەوەی ئەو کەسایەتی و ناوو یاسایانە داناوە کە لەناو باسەکەدا هەن یان ئاماژەیان پێ دراوە.

بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە وەرگێڕی ئەم کتێبە سیاسەتمەدارو ڕووناکبیر (ساسان عەونی) دەکەین کە بەو هەوڵەی توانیویەتی کەلێنێك لەو پسپۆری و بوارە لەنێو کتێبخانەی کوردستان پڕبکاتەوە.. لە چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتردا.

# کتێبی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (هونەری دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هینری کیسنجەر، مامۆستای یارییەکە) لە نوسینی مارتن ئندێك، لە وەرگێڕانی سیاسەتمەدارو ڕووناکبیر (ساسان عەونی) کەوتە کتێبخانەی کوردی و بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە هاوکارمان(لوقمان ڕەشیدی) کاری دیزاینی ئەنجامداوە، هەروەك وەرگێڕی کتێبەکە ئاماژەی پێ کردووە، ئەو وتارەی (مارتن ئندیك) لە گۆڤاری (فۆرین ئەفێرز) لە ژمارەی نۆڤێمبەر و دێسەمبەری ساڵی ٢٠٢١ لەژێر ناوی (سیستەم لەپێش ئاشتی، دیپلۆماسیی کیسنجەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وانەکانی بۆ ئەمڕۆ) بڵاوکراوەتەوە، لە بنەڕەتدا کورتکراوەی کتێبێکی ناوبراوە بە ناوی (مامۆستای یارییەکە، هینری کیسنجەر و هونەری دیپلۆماسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) کە لە ساڵی ٢٠٢١دا چاپ کراوە.

ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو قوتابخانەیەی کیسنجەر بۆ داڕشتن و پیادەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پیادەی کردبوو و ژمارەیەکی بەرچاویش لە دیپلۆمات و سیاسەتکار و داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەو دەزگا هەواڵگرییەکان، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە جیهان و بە تایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بڕوایان بەو قوتابخانەیە هەیە و پەیڕەوی دەکەن.

وەرگێڕی ئەم کتێبە دەربارەی هینری کیسنجەر دەڵێت: یەکێکە لەو سیاسەتمەدارانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە تەمەنی ٩٨ ساڵە، بە سیاسەتکار، دیپلۆمات، ستراتیژیست، هەروەها بیرمەندێکی گەورەی جیهانی سیاسەت و دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەژمێردرێت، ڕاو بۆچوونەکانی لەلایەن ناوەندە گرنگەکانی سیاسەت و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاماژەی تایبەتییان بۆ دەکرێت.

بە ناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە وەرگێڕی ئەم کتێبە سیاسەتمەدارو ڕووناکبیر (ساسان عەونی) دەکەین، بە هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتر.

## زیاد کاکە ڕەزا :



**دەستبردن بۆ پارەی بانکەکان و خراپیی خزمەتگوزارییەکان و گرفتی دەرمان لە سلێمانی هەولێکە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەر چاوی خەڵک ناشیرین بکرێت**

## مەلا عەبدولفەتاح مەلا تاهیر سرێشمەیی:



**بارزانی دڵسۆزی گەلەکەیەتی بۆیە هەموو تیرەکانی دوژمن ئاراستەی ئەون**

## جۆشوا لاندیز :



**ئێران و ڕووسیا سەبارەت بە سووریا هاوکاریی یەکتر دەکەن**

## ویلیەم وۆلفۆرس :



**بڕیاری شەڕ لەلایەن ڕووسیاوە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناونیشان: هەولێر -ڕووناکی / شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***



ئەنفال برینێکی سارێژ نەبوو لە دیرۆکی کورددا



شاجوان کاوە:

هیوادارم بتوانم براندێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت

هێلکە و کۆلیستیرۆل



سپلیتی بچووک بۆ هەموو شوێنێک





«یـــار»ی فەرنوود ئیلهامی بڵاوکرایەوە

سۆز بەهیج:

لەسەر ئاستی عێراق بە باشترین یاریزان هەڵبژێدراوم



# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان

## دەرفەتێک بۆ بەخشین و یارمەتیی هەژاران و کاری خێرخوازی و مرۆڤدۆستی



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**
بەرپرسی ڕاگەیاندنی یەکێتیی زانایانی ئایینیی ئیسلامیی کوردستان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ساڵانە لەگەڵ هاتنەوەی مانگی پڕ خێری ڕەمەزان، دەرگای خێر و بەخشین و کۆمەکی و یارمەتیدانی هەژاران و کار و هەنگاوی خێرخوازی بە ڕووی کۆمەڵگە دەکرێتەوە و زیاتر لە کاتەکانی دی گیانی هاوکاری دەردەکەوێت، ئەمەش بەشی هەرە زۆری سەرچاوەی لەو قەناعەتەوە گرتووە، کە خێرکردن لە ناو ڕەمەزان پاداشتێکی گەورەی هەیە و دەبێتە هۆکاری ڕەزامەندیی خوا و ئاسوودەبوونی دەروون و بووژاندنەوەی ئابووریی کۆمەڵگە.

کار و پڕۆژەی خێر و گەیاندنی کۆمەکی، وە نەبێ تەنیا شتێکی مرۆیی و ویژدانی و ڕواڵەتی و دڵخۆشکەر بێت، بەڵکو هەوڵ و هەنگاوێکی گەورە و شایستەی پێزانین و خێرێکی نەبڕاوەیە لە تێڕوانینی ئیسلامدا، کە دەیان دەق لە ئایەت و فەرموودە هەن، جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو جۆرە هەست و هەڵوێستە یەکێکە لە کردەوە هەرە گەورەکانی نێو دونیابینیی ئیسلام و مرۆڤایەتی.

خوای گەورە مرۆڤی نیشتەجێی سەر زەوی کردووە و، ئەرکی ئاوەدانی و گەشەی شارستانیەت و کاری مرۆڤانەی پێ سپاردووە و، یەکێ لە بنەما و کارە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکیش بریتییە لە کاری خێرخوازی و هاوکاریکردنی یەکتر، کە دواجار ئەمە بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتی و بەهێزبوونی پەیوەندییەکان و سەقامگیری و دروستکردنی هاوسەنگی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خاڵێکی پاڵپشت و بەهێز دەبێت.

لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەیان ئایەت و فەرموودە هەیە، کە جەخت لە بەخشین و یارمەتیدان و ئەنجامدانی کاری مرۆیی و کۆمەککردنی خەڵکی کەمدەرامەت و لێقەوماو دەکات، ئەمە یەکێکە لەو ڕەهەندە گرنگانەی ئیسلام لە پێناو بەهای ویژدانی مرۆڤ و خزمەتی مرۆڤایەتی و دروستکردنی هەستی هاوکاری و بەدەمەوەچوونی یەکتری. بەپێی فەلسەفەی ئەو تێڕوانینەی ئیسلام بێت، بەختەوەریی مرۆڤ بەندە بە بەختەوەرکردنی ئەوانی دیکەوە، واتە هەرکات بە فاکتەری ئینسانی، یان ئیمانی توانیمان کەسانێك دڵخۆش بکەین، بە هەر شێوازێکی یارمەتیدان، ڕاستەوخۆ لە ناخەوە هەست بە ئارامی و بەختەوەری دەکەین و بەرهەمی چاکەکە دەبێتە مایەی خۆشبەختی و ئاسوودەیی دەروون و ئارامیی ویژدان.

خوای گەورە لەو قورئان باسی لەو هەنگاوە خێرییەی نێو مرۆڤی کردووە و دەفەرموێ: «وَأَنْفِقُوا خَيْرًا لِأَنْفُسِكُمْ وَمَنْ يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ» التغابن/١٦. واتە: خێرو چاکە بکەن، ئەوانە هەمووی بۆ خۆتان چاکە، جا ئەوەی خۆی بپارێزێت



لە ڕەزیلی و ڕژدیی نەفسی خۆی، ئا ئەوانە هەر خۆیان سەرفرازن.

هەروەها لە بارەی کارە مرۆیی و هەڵوێستە بەرز و مرۆڤدۆستییەکانەوە دەفەرموێ: «وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ» البقره/١٩٥. واتە: هەمیشە خێر و چاکە ئەنجام بدەن و چاکەخواز بن و (ماڵ و سامانتان لە پێناوی خوادا ببەخشن)، چونکە بەڕاستی خوا ئەو چاکەکارانەی خۆش دەوێت.

لە بارەی پاداشت و گەورەیی ئەو جۆرە هاریکاری و پرۆسە خێرییانە دەفەرموێ: «وَمَا تُقَدِّمُوا لِأَنْفُسِكُمْ مِنْ خَيْرٍ تَجِدُوهُ عِنْدَ اللَّهِ هُوَ خَيْرًا وَأَعْظَمَ أَجْرًا» المزمل/٢٠. واتە: هەر دەستپێشخەرییەکی چاکە بکەن، بۆ خۆتان سبەی دەیبیننەوە لای خوا دەستان دەکەوێتەوە بە باشتر و پاداشتی گەورەتر.

هەر لەسەر ئەو ڕوانگە مرۆیی و هەڵوێستە جوان و کردە باشەیە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: «يَقول الله: يا بن آدَمَ أَنْفِقْ أُنْفِقْ عَلَيْك» ڕواه مسلم، واتە: خوای گەورە دەفەرموێ: ئەی نەوەی ئادەم ببەخشە، منیش پێت دەبەخشم.

پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) پرسیاری کرد: (يا رسُولَ اللَّهِ أَيُّ الناس أَحَبُّ إلي اللَّهِ وَأَيُّ الأَعْمال أَحَبُّ إلي اللَّهِ؟) واتە: ئەی پێغەمبەری خوا کامە خەڵکە باشترین و خۆشەویستترین خەڵکە لای خوا؟

لە وەڵامدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: (أَحَبُّ الناس إلي اللَّه تَعَالَي أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاس وَأَحَبُّ الأَعْمَالِ إلي اللَّه تَعَالَي سُرُورٌ تُدْخِلُهُ علي مُسْلم أَو تَكشِفُ عنه كِرْبَةً أو تَقْضِي عنه دَيْنًا أَو تَطْرُدُ عنه جُوعًا وَلَأَنْ أَمْشِي مع أَخٍ في حَاجَةٍ أَحَبُّ إلي من أَنْ أَعْتَكِفَ في هذا الْمَسْجِدِ يَعْنِي مَسْجِدَ الْمَدِينَةِ شَهْرًا وَمَنْ كَفَّ غَضَبَهُ سَتَرَ اللَّهُ عَوْرَتَهُ وَمَنْ مَشَي مع أَخِيهِ في حَاجَةٍ حتي يَتَهَيَّأَ لَه أَثْبَتَ اللَّهُ قَدَمَهُ يوم تَزُولُ الأَقْدَام) المعجم الكبير للطبراني، واتە: باشترین کەس لای خوا ئەو کەسەیە کە سوود و نەفعی بۆ خەڵك هەیە، باشترین کردەوەش ئەو کارەیە، کە مرۆڤ بتوانێ خۆشی و خەندە بخاتە دڵی بەرامبەرەوە، یان خەمێکی لەسەر لابدات، یان قەرزێکی لە جیاتی بداتەوە، یان برسێتی کەسێك بشکێنی، یان لەگەڵ موسڵمانێك بڕوات و کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنێ، چونکە بەلای منەوە بەجێگەیاندنی پێویستییەکی خەڵك لە مانەوەی یەك مانگی ناو مزگەوت باشترە، هەر کەسێك تووڕەیی خۆی بخواتەوە، خوای گەورە کەموکورتییەکانی دادەپۆشێ، هەر کەسێك لەگەڵ کەسێك بڕوات و لەگەڵی بمێنێتەوە تا کارەکەی جێبەجێ دەکات، ئەوە خوای گەورە لە ڕۆژی دوایی پێیەکانی جێگیر و سابت دەکات.

کۆی ئەو دەقانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە ئیسلام کاری چاکە و یارمەتیدانی خەڵکان، دەکاتە یەکێ لەو بنەما و پێوەرە گرنگانەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، کە سەرەنجام گیانی هاوکاری دەبێتە سیمایەکی جوانی نێو مرۆڤەکان و بەشێکی زیندووی شارستانیەت.

هەموو ئەو کارە خێر و هەنگاوە دڵسۆز و دڵخۆشکەرانەی لە فەرهەنگ و هەستی موسڵمانان و مێژووی کورد هەبووە و بەرجەستەیە، یەکێکن لەو شانازی و هەڵوێستە جوامێرانەی نێو کەلتووری گەلەکەمان و ڕەوشتی بەرزی دینداری و ژیان لەپێناوی ئەوانی دی، فەلسەفەی کوردپەروەری و خێرخوازی لە تاکی کورد وا بووە، وەك مۆم بۆ خۆی بسووتێ و ڕووناکی ببەخشێتە ڕۆڵەکانی گەل و نیشتمان، ئەم هەستەش کەلێنێکی یەکجار زۆری پڕکردووەتەوە و پانتاییەکی گەورەی کاری خێر و مرۆیی بەر کەوتووە، کە جێگای سپاس و پێزانینی کوردپەروەران و شانازیی نەتەوەییمانە.



# خوێندنەوەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی

## لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە



## د.نەژدەت ئاکرەیی

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی
بۆ گوڵانی نووسیوە

**کوردستانی ئەمڕۆ گۆڕەپانی بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازی و سیاسی و ستراتیژی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە، کوردستان ئەمڕۆ پێگەیەکی جیۆپۆلێتیک و جیۆستراتیجی و جیۆ ئابووریی گرنگی هەیە لە هاوکێشەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا**

**هەرێمی کوردستان نەک تەنیا لە باری ئاساییدا، بەڵکو لە کاتی قەیرانەکانیشدا سەرکەوتوو بووە**

پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان ڕیفراندۆم و سەربەخۆییدا هەیە، ئەگەر سەرەتا لە ڕیفراندۆمەوە دەست پێ بکەین، بە یەکێك لە میکانیزمە یاسایی و سیاسییەکان هەژمار دەکرێت، جۆرەکانیشی زۆرن، بۆ نموونە ڕیفراندۆمی دەستووری لەسەر پرۆژەی دانانی دەستوور و پەسەندکردنی، یان هەموارکردنی، هەروەها ڕیفراندۆمی یاسایی بە مەبەستی بەشداریی هاووڵاتیان لە یاساکاندا، بەڵام گرنگترین ڕیفراندۆم ڕیفراندۆمی سیاسییە، کە بریتییە لە وەرگرتنی ڕای گەل لە بڕیارێکی سیاسیی تایبەتی ناسنووردارددا، وەك ڕیفراندۆمی چارەی خۆنووسین، ڕیفراندۆمی دەستنیشانکردنی شێوازی فەرمانڕەوایی سیاسی، ڕیفراندۆمی بەئەندامبوون لە ڕێکخراوێك، یان پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی، یان هەرێمی، ڕیفراندۆمی پەیوەست بە یاسایە داراییەکان، ئەمانەی کە ئاماژەم پێ کردن، بنەمای سەرەکیی بنەڕەتیی یاسایین بۆ مەسەلەی ڕیفراندۆم.

ڕاستییەکەی بۆ بابەتی ڕیفراندۆم، پێویستە کار بکرێت لەسەر ئەوەی کە جارێکی دیکە گرووپێکی پسپۆڕی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ئابووری و سیاسی، بە بەشداریی پسپۆڕانی نێودەوڵەتی پێك بهێنرێت، هەروەها خوێندنەوە بۆ هەموو سیناریۆ و ئەگەرەکان بکرێت بە بەرنامە و پڕۆژەیەکی زیندوو و ستراتیژی و ئایندەیی، چونکە ئەگەر سەیری کوردستانی ئەمڕۆ



بکەین، دیارە لەگەڵ کوردستانی پێشتر جودایە، کوردستانی ئەمڕۆ گۆڕەپانی بەرژەوەندییە ئابووری و سەربازی و سیاسی و ستراتیژی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانە، کوردستان ئەمڕۆ پێگەیەکی جیۆپۆلیتیک و جیۆستراتیجی و جیۆ ئابووریی گرنگی هەیە لە هاوکێشەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا، دامەزراوەکان تا ڕادەیەك ئەزموونیان هەیە، هاوکات هەرێم سەرکەوتوو بووە نەك تەنیا لە باری ئاساییدا، بەڵکو لە کاتی قەیرانەکانیشدا، لە ڕاستیدا هەڵەیە ئەگەر بڵێین ڕیفراندۆم تەنیا مەسەلەیەکی نێوخۆیی و عێراقییە، بەڵکو مەسەلەی گەلێکە کە ئەگەر دان بە مافی چارەی خۆنووسینیدا نەنرێت، ئەوا ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهاندا تووشی مەترسی دەبنەوە. ئەو گەلەی کە تاوانی نێودەوڵەتی لە دژی بەکارهێنراوە، وەك جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بۆیە مافی خۆیەتی داوای قەرەبوو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە، چونکە بەرپرسیارە لە هەموو ئەو تاوانانە، هەر لە بێدەنگی لە کاتی خۆی تا بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆ، جگە لە بەرپرسیارێتیی ڕژێمی سیاسیی پێشووی عێراق.

**هەڵەیە ئەگەر بڵێین ڕیفراندۆم تەنیا مەسەلەیەکی نێوخۆیی و عێراقییە، بەڵکو مەسەلەی گەلێکە کە ئەگەر دان بە مافی چارەی خۆنووسینیدا نەنرێت، ئەوا ئاشتی و ئاسایش لە ناوچەکە و جیهاندا تووشی مەترسی دەبنەوە**

ئەگەر لە دەروازەیەکی دەستوورییشەوە بۆ ئەو مەسەلەیە بچین، دەبێت لە سەرەتاوە ئاماژە بەو خاڵە گرنگە بکەین، کە لە دوای بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراقی لە دوای گۆڕانکارییەکانی بوومەلەرزە سیاسییەکەی ساڵی ٢٠٠٣، هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای شەراکەتی نیشتمانی بەشداریی لەم ئەزموونەدا کرد، بەپێی بنەما دەستوورییەکان پەیوەندیی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ڕێك خراوە.

**ئەو گەلەی کە تاوانی نێودەوڵەتی لە دژی بەکارهێنراوە، وەک جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بۆیە مافی خۆیەتی داوای قەرەبوو لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکاتەوە**

پرسیار لە ڕەهەندە نێوخۆیی و عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتی دەکرێت لەم مەسەلەیەدا، لە ڕاستیدا ئەمە لەسەر ئەکتیڤی جانتای دیپلۆماسیی کوردی ڕادەوەستێت، پاڵپشت بە فاکتەکانی ئابووری و بەرگری و بەرژەوەندییەکان و چۆنێتی خوێندنەوەیان بە سیاسەتێکی واقیعیی عەقلانی، بۆ خوێندنەوەی ئەزموونەکانی زۆر لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان.

ئەگەر بێینە سەر مەسەلەی سەربەخۆیی، سەربەخۆیی بە مانای جیابوونەوە، ئەمەش لە یاسای نێودەوڵەتیدا ئەوە دەگەیەنێت کە دانیشتووانی هەرێمێك کە بەشێکە لە دەوڵەتێك دەردەچن بە مەبەستی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی تازە، کە هەر یەکە لە توخمە یاساییەکانی هەرێم و دانیشتووان و دەسەڵاتی سیاسی لە خۆیدا دەبینێت، ئەمەش بریتییە لە دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم لەتبوونی هەرێمە لە دەوڵەت، واتا دەرچوونی لە کۆنترۆڵی دەوڵەتەکە، قۆناغی دووەمیش بریتییە لە گۆڕانکاری، واتا ویستی سەربەخۆیی، سەربەخۆیی پشت بە چەند بنەمایەك دەبەستێت، کە بریتین لە بنەما یاساییەکانی پەیوەست بە مافە مێژووییەکان و سیاسەتی جینۆساید و پێشێلکردنی دەستووری فیدراڵ، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی سەربازی و ئابلۆقەی ئابووری و، مانەوەی دۆخەکە بەم شێوەیە کاردەکاتە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها لەکاتی خۆیدا گەلی ئەم هەرێمە دژ بە ویستی خۆیان بە عێراقەوە لکێندراون، بۆیە بنەمای پێکەوە ژیان ئەستەمە لەم دەوڵەتەدا، بنەما سیاسییەکان خۆیان لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٩١ جگە لە گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان، خۆی لە سیستەمی تازەی دەوڵەت و گۆڕانکارییە هەرێمییەکانی پەیوەست بە گۆڕانی هەڵوێستدا دەبینێتەوە، بەڵام تەگەرەگەلێك لەم بوارەدا هەن، کە بریتین لە تەگەرە نێوخۆییەکانی تایبەت بە بەغدا، کەوا ئیشکالییەتی دەستووری فیدراڵی ساڵی ٢٠٠٥ی عێراق هەیە لە مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسیندا، هەروەها کولتووری باوەڕبوون بەم مافە لە لایەن عەقڵییەتی عەرەبییەوە نییە، جگە لە گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق، چۆن چارەسەر دەکرێت لە کاتی هاتنەکایەی دەوڵەت، هەروەها چەند بەربەستێکی دیکەی ناوخۆیی پەیوەست بە کوردستان و فاکتەری سیاسی و ئابووری و یاسایی و نەبوونی دیکۆمێنتی دەستوور لە هەرێمی کوردستاندا، دیسان سەربازی ئایا هێزی پێشمەرگە چ پێگەیەکی هەیە؟ جگە لەمانە تەگەرە دەرەکییەکانی هەرێمی تایبەت بە لایەنەکانی دەرەوە، ئێران و تورکیا و سووریا،

**لەکاتی خۆیدا گەلی ئەم هەرێمە دژ بە ویستی خۆیان بە عێراقەوە لکێندراون، بۆیە بنەمای پێکەوە ژیان ئەستەمە لەم دەوڵەتەدا**

هەروەها لایەنە نێودەوڵەتییەکانی وەك ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا کە هەڵوێستیان نارِوونە لەم مەسەلەیەدا، هاوکات چۆنێتیی مامەڵەکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەم بابەتەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا دۆستانی ئێمە زۆرن، دەوڵەتانی کەنداو لە رِوانگەی مەسەلەی ئاسایشی وزە و دیپلۆماسییەتی وزەو نەوت و گاز لە هەرێمی کوردستان، ئەمانەش فاکتەری گرنگن لەم بابەتەدا.

هەر چۆن بێت میکانیزمەکانی جیابوونەوە لە رِاگەیاندنی جیابوونەوە لەسەر بنەمای رِێککەوتن، یان تاکلایانانە و یانیش رِیفراندۆم، لە کۆتاییدا دانان بەم واقیعە و ئاسەوارەکانی جیابوونەوە، بریتین لە کاریگەرییەکان لەسەر پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، موڵکە گشتی و تایبەتەکان، قەرزە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان، مافی ویلایەتەکانی فیدرِاڵی دەبینێتەوە، بەڵام هۆکارەکان بریتین لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و چەوساندنەوە و ئەستەمیی پێکەوە ژیان و مافە مێژووییەکان و رِیفراندۆم و پێشێلکردنی دەستوور، فاکتەرەکانی سەرکەوتنی سەربەخۆیی خۆی لە رِۆڵی گەل، پێگەی هەرێم، رِۆڵی حکومەت، سەقامگیریی سیاسی و تاوانە دامەزراوەکاندا دەبینێتەوە، بەڵام فاکتەرە دەرەکییەکان سەرکەوتنی رِاگەیاندنی سەربەخۆیی خۆی لە هەڵوێستە هەرێمییەکان و رِۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبینێتەوە.

لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە رِیفراندۆم و سەربەخۆیی بە یەکێك لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان هەژمار دەکرێت، لە رِوانگەی ئەوەی کە گەرِان بە دوای چوارچێوەیەکی ستراتیجیدا بۆ ئەم قەوارەیە،

**رِیفراندۆم و سەربەخۆیی بە یەکێک لە بەرژەوەندییە زیندووەکانی ئاسایشی نەتەوەییمان هەژمار دەکرێت، لە رِوانگەی ئەوەی کە گەرِان بە دوای چوارچێوەیەکی ستراتیجیدا بۆ ئەم قەوارەیە، بە مانای پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دێت**



رِەگەزنامە و سیستمی یاسایی تازەی دەوڵەت.

ئەوەی زۆر گرنگە مەسەلەی دانانە، کە دەوڵەت بە شێوەیەکی واقیعییانە دێتەکایەوە، پێویستە لە لایەنی یاساییەوە دانان هەبێت، لەوانەیە ئەو دانانە دیفاکتۆ بێت، یان جێگیر بێت، یانیش رِایکێشتەوە، بۆیە ئەم مەسەلەیە پێویست بە هەڵوەستەلەسەرکردن هەیە. هەر چۆن بێت پێویستە ئەزموونەکانی جیهان بخوێندرێنەوە و لەبەر چاو بن، ئەوەی گرنگە دەستنیشانکردنی شێوازی دەوڵەت (سادەیە، یان فیدرِاڵە، یان کۆنفیدرِاڵە) هەروەها سیستمی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و کەسایەتیی یاسایی دەوڵەتی رِاگەیاندراو دەوەستێتە سەر دانانی کاشف، رِاگەیاندنی دەوڵەت خۆی لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین و بە مانای پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دێت، بۆیە دەبێت لەسەر سێ بنەما کار بکەین، کە بریتین لە هێز و سەرچاوەی مرۆیی و ئابووری و بە هەمەجۆرکردنی ئابووری لە وزە و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، هەروەها بنەمای بوونی جانتایەکی دیپلۆماسی بۆ ئێمە، کە لە دەرەوە کاری لەسەر بکەین، خاڵێکی دیکە کارکردنی هەرێمی کوردستان لەسەر دۆسێی وزەیە کە فاکتەرێکی زۆر گرنگە، بەتایبەتی کە ئێستا پێگەی خۆمان هەیە لەسەر نەخشەی وزە لە زۆر ناوچەی جیهاندا، لە کۆتاییدا دەبێت ئەم دۆسێ گرنگە هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە و، لە دیدی ئاسایشی نەتەوەییەوە بە خوێندنەوەیەکی واقیعیانە و تازە بۆ مەسەلەکان کاری لەسەر بکرێت.

**دەبێت لەسەر سێ بنەما کار بکەین، کە بریتین لە هێز و سەرچاوەی مرۆیی و ئابووری و بە هەمەجۆرکردنی ئابووری لە وزە و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری، هەروەها بنەمای بوونی جانتایەکی دیپلۆماسی بۆ ئێمە، کە لە دەرەوە کاری لەسەر بکەین**





# وەرچەرخانی جیۆپۆلیتیکی وزە و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاسایشی جیهانیی وزەدا

**ئەو تەشویشەی دادگای بەناو «فیدراڵیی عێراق» لەسەر ئەو یاسایە دروستی کردووە، بێجگە لە ئامانجێکی سیاسی بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم هەناردەکردنی «نەوت و گازی هەرێمی کوردستان» و زیاتر قووڵکردنەوەی ئەو تەنگژەی لەسەر وزەی جیهانی دروست بووە، شتێکی دیکە نییە**

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەم کاتە هەستیارەی کە ئاسایشی وزەی جیهانی پێیدا تێدەپەڕێت، هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکات بە هۆکاری سیاسی ئاستەنگ بۆ هەناردەکردنی وزە دروست بکرێت**

**دەوڵەت و دەوڵەتمەداری بە تەنیا پێناسەکەی «ماکس ڤیبەر» نییە، بەڵکو دەوڵەت کاتێک پێی دەگوترێت دەوڵەت کە دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی بێت و لە ڕیزی جیهانی یەکەم ڕابوەستێت، نەک جیهانی سێیەم**

**ئەگەر ئاژاوەی سیاسیی ناوخۆیی حزبە سیاسییەکان نەبوایە، ئەوا ئەو سەرکەوتنەی لی کوان یو لە ساڵی ١٩٩٥ دوای ٣٠ ساڵ ڕایگەیاند، لە ماوەیەکی زۆر کەمتر لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا ڕادەگەیەندرا**

«ئەو کۆمپانیا گەورانەی لە کەرتی وزەی سرووشتی (نەوت و گاز)ی هەرێمی کوردستان کاردەکەن، تەنیا یەك دوو هەفتە پێش ئێستا و لە میانەی کۆڕبەندی جیهانیی وزە لە دوبەی، بە پشتبەستن بە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدان لە کەرتی وزە زۆر ڕاشکاوانە دڵنیاییان بە جیهان دا، کە سەرچاوەی سرووشتی «نەوت و گاز»ی هەرێمی کوردستان ئەو توانایەی هەیە کە لە ماوەیەکی پێوانەییدا ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە ٥٠٠ بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرز بکەنەوە بۆ یەك ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و ئەم زیادکردنەش بەردەوامی دەبێت هەتا دەگاتە ١,٥ ملیۆن لە ڕۆژێکدا، سەبارەت بە پەرەپێدانی کەرتی گازی سرووشتییش بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی لەو کۆڕبەندە ڕایگەیاند: کۆمپانیاکەیان لەگەڵ کۆمپانیا هاوبەشەکانی دیکەیان توانایان هەیە «لە ماوەی دووساڵی داهاتوودا ئاستی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتی لە ٥٠٠ ملیۆن پێ سێجا بۆ یەك ملیار پێ سێجا لە ڕۆژێکدا بەرز بکەنەوە، ئەمەش تەواوی پێداویستییە لۆکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان پڕدەکاتەوە و ئەم زیادکردنی بەرهەمەش بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ئەوەی گازی هەرێمی کوردستان هەنارده بکرێت» و پێداویستیی عێراق و تورکیا و بەشێکی ئەورووپاش پڕ دەکاتەوە.

ئەم گەشبینییەی کۆمپانیا گەورەکانی بواری وەبەرهێنان لە کەرتی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان جەختکردنەوە بوو لەسەر ئەو سیاسەت و ستراتیژەی کەرتی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا بە ئامادەبووانی «کۆڕبەندی جیهانیی وزە - دوبەی ٢٠٢٢» ڕاگەیاند، بەشداریی سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەو کۆمپانیا گەورانەشی کە لە کەرتی نەوت و گازی کوردستان وەبەرهێنان دەکەن، لەو کۆڕبەندە جیهانییەی وزە، ئامانج لێی ئەوە بوو کە لەسەر زاری ئەو کۆمپانییانەوە، کۆمپانیا گەورەکانی دیکەی جیهانش ڕاست و دروستیی سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینن و لەمەش زیاتر هەر لەسەر زاری ئەوانەوە لە بناخە شەرعی و دەستوورییەکەی «یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان» تێبگەن و بزانن ئەو تەشویشەی دادگای بەناو «فیدراڵیی عێراق» لەسەر ئەو یاسایە دروستی کردووە، بێجگە لە ئامانجێکی سیاسی بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لە بەردەم هەناردەکردنی «نەوت و گازی هەرێمی کوردستان» و زیاتر قووڵکردنەوەی ئەو تەنگژەی لەسەر وزەی جیهانی دروست بووە، شتێکی دیکە نییە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش لەم کاتە هەستیارەی کە ئاسایشی وزەی جیهانی پێیدا تێدەپەڕێت، هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکات بە هۆکاری سیاسی ئاستەنگ بۆ هەناردەکردنی وزە دروست بکرێت.

### ● سەنگافورا و هەرێمی کوردستان دوو قەوارەن وەك سزادان دروست کران

کاتێك «لی کوان یو» (سەرۆکی پێشووی سەنگافورا) دەیگوت: «کتێبی چیرۆکی سەرکەوتنی نیشتمان و بونیادنانەوەی نەتەوە لە هیچ کتێبخانەیەك بوونی نییە و دەبێت هەر نەتەوەیەك بە خۆی چیرۆکی سەرکەوتنی نیشتمان و بونیادنانەوەی خۆی بنووسێتەوە»، مەبەستی ئەوە بوو پێمان بڵێت: دەوڵەت و دەوڵەتمەداری بە تەنیا پێناسەکەی «ماکس ڤیبەر» نییە، بەڵکو دەوڵەت کاتێك پێی دەگوترێت دەوڵەت کە دەوڵەتی هاوچەرخی نەتەوەیی بێت و لە ڕیزی جیهانی یەکەم ڕابوەستێت، نەك جیهانی سێیەم.

ڕووی لێکچووی دەوڵەتی سەنگافورا وەك هەرێمێکی سەر بە «مالیزیا» و هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیەکی ئۆتۆنومی سەر بە دەوڵەتی «عێراق»، لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لە ساڵی ١٩٦٥ی زایینی، خەڵکی سەنگافوار دەنگیان بۆ ئەوە نەدا ببنە «دەوڵەتێکی سەربەخۆ» و لە مالیزیا جیاببنەوە، بەڵکو دەنگیان بۆ ئەوە دا کە وەك هەرێمێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی مالیزیا بمێننەوە، بەڵام دەوڵەتی ئیسلامیی مالیزیا وەك «لی کوان یو» لە یادداشتەکەی ئاماژەی پێ کردووە، تەفسیرێکی ئایینییان بۆ دەنگدانەکەی گەلی

سەنگافورا کردووە و ڕایانگەیاندووە، لەبەر ئەوەی لە شەریعەتدا «ژن بۆی نییە بڕیاری جیابوونەوە بدات و مافی تەڵاق تەنیا بۆ پیاوە»، ئەوا لەم ڕوانگەیەوە دەبێت هەرێمی سەنگافورا تەڵاق بدرێت و لە مالیزیا جیا بکرێتەوە، هەرێمی کوردستانیش لە دوای ڕاپەڕین و کۆڕەوی ١٩٩١ و دامەزراندنی ناوچەی ئارام بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، داوای نەکرد ئەم ناوچە ئارامە ببێتە دەوڵەت و لە عێراق جیا بکرێتەوە، بە پێچەوانەوە شاندی بەرەی کوردستانی چوونە بەغدا بۆ ئەوەی ناوچەی کوردستان ناوچەیەکی ئۆتۆنومی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام لەبەر بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناوچەکە ببووە ناوچەیەکی ئارام و سوپای عێراق نەیدەتوانی کوردستان داگیر بکاتەوە، بۆیە ڕژێمی سەدام حوسێن بڕیاری دا، دامودەزگا ئیدارییەکانی خۆی لە کوردستان بکێشێتەوە و لە خۆی جیای بکاتەوە. لەم سونگەیەوە، دروستبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان وەك دەوڵەتێکی دیفاکتۆ لە ١٩٩١-٢٠٠٣ و سەنگافورای دوای ١٩٦٥، بە ژانی لەدایکبوونی سزای دەوڵەتانی سەردەست لەدایکبوون و، ئامانجی ئەم سزایەش ئەوە بووە ئەو کۆرپە تازەیە بمرێت، نەك گەورە بێت و ئەزموونێکی تازە پێشکەشی هونەری دەوڵەتداری لە جیهاندا بکات.

ئەگەر بە دوای خاڵی جیاوازی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە سەنگافورای ١٩٦٥ و هەرێمی کوردستانی دوای ئایاری ١٩٩٢ بکەوین، ئەوە دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لە سەنگافورای دوای ١٩٦٥ جۆرێکی کەم لە ئاژاوەی سیاسی هەبوو، کە لەلایەن دەستی دەرەکییەوە هەوڵ دەدرا دروست بکرێت، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دوو جۆر ئاژاوەی سیاسی هەبوو، یەکەمیان وەك سەنگافورا دەستی دەرەکی لە پشتەوە بوو، کە چاویان بەو ئەزموونە تازەیە هەڵنەدەهات، دووەمیشیان ئەو ئاژاوە سیاسییە بوو کە حزبە سیاسییەکان لە پێناوی دەسەڵاتدا بۆ ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوونی ئەو ئەزموونە دروستیان کردبوو. خۆ ئەگەر ئەو جیاوازییە نەبوایە و ئەگەر ئاژاوەی سیاسیی ناوخۆیی حزبە سیاسییەکان نەبوایە، ئەوا ئەو سەرکەوتنەی لی کوان یو لە ساڵی ١٩٩٥ دوای ٣٠ ساڵ ڕایگەیاند، لە ماوەیەکی زۆر کەمتر لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا ڕادەگەیەندرا.

ئیرادەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ بونیادنانەوەی کوردستان و بەڕێوەبردنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، هەر لەگەڵ دەستپێکی ڕاپەڕین وەك ئامانجی بەرەی کوردستانی ڕاگەیەندرا کە بریتی بوو لە «ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا»، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجەش سەرۆك بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ لە میانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ «هارڤارد پۆلتیکەڵ ڕیڤیو» ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردبوو «کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و گەلەکەشی گەلێکی جوامێرە و، کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە هاتووینەتە سەر وڵاتێکی کاول و جینۆسایدکراو، ئێمە تەنیا ئەوەندە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا دەکەین، هاوکاریمان بکەن تا تۆزێك هەڵدەستینەوە، ئەوکات دەتوانین ئەزموونێکی جوان پێشکەشی جیهان بکەین»، بەڵام مخابن ئەم ئومێدە گەورەیەی سەرۆك بازرانی بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە پێناوی ڕێگرتن لە هەڵبژاردن بووە هۆکاری ئەوەی چەند ساڵێك دوا بکەوێت، لەمەش خراپتر ئامانجی بونیادنانەوەی نەتەوە لە هەرێمی کوردستان بووە بەشێك لە ئامانجی پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ڕێگرتن لە شکستپێهێنانی کە ئاواتی هەر کوردێکە لەم جیهانەدا و ئەم بارودۆخەی دەرهاویشتە خراپەکانی شەڕی ناوخۆ و دروستبوونی دووئیدارەیی لە هەرێمی کوردستاندا تا ساڵی ٢٠٠٥، توانرا تەنیا یەك کار بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت، ئەویش پاریزگاریکردن بوو لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و قەوارە سیاسییە شەرعییەکەی.

لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ و یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەسەندکردنی دەستووری عێراق، زەمینەیەك هاتە پێشەوە کە جۆرێك لە سەقامگیریی سیاسی بە دوای خۆیدا هێنا، لە

**سەرۆک بارزانی لە ساڵی ١٩٩٣ لە میانەی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ «هارڤارد پۆلتیکەڵ ڕیڤیو» ڕاشکاوانە ئاماژەی بەوە کردبوو «کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و گەلەکەشی گەلێکی جوامێرە و، کێشەی سەرەکیمان ئەوەیە هاتووینەتە سەر وڵاتێکی کاول و جینۆسایدکراو، ئێمە تەنیا ئەوەندە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوا دەکەین، هاوکاریمان بکەن تا تۆزێک هەڵدەستینەوە، ئەوکات دەتوانین ئەزموونێکی جوان پێشکەشی جیهان بکەین»**

**هەتا خوالێخۆشبوو مام جەلال لە ژیاندا بوو و نەخۆش نەکەوتبوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوشان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی ئەم پڕۆژە ستراتیژییە نیشتمانییە بوو و لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا پەرەپێدانی کەرتی «نەوت و گازی کوردستان» گەیشتە ئاستی بەرهەمهێنان**

**دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو مام جەلال لە ساڵی ٢٠١٢ نەخۆش کەوت، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کەوتە ژێر کاریگەریی شەپۆلی حزبەکانی دیکە و بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بیر لە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بکاتەوە**

**سەرۆک بارزانی هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە کوردستان، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ و لە دوایین سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باشیکی سنووری پارێزگای نەینەوا ڕایگەیاند «گەلی کوردستان بە سەرکەوتوویی و جوامێرانە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئێستا کاتی ئەوەیە کۆتایی بە فەوزای سیاسی لە کوردستاندا بهێنرێت»**

**ناتەبایی حزبە سیاسییەکان و ئینتهازیەتی حزبەکان بۆ پەنابردن بۆ هەموو شتێک بۆ ئەوەی پرسە ستراتیژییە نیشتمانییەکان سەرکەوتوو نەبێت، بووە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی لێ بکەوێتەوە**

**بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، حکومەتی کوردستان بایەخێکی زۆری بە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دا و لە ماوەیەکی کورتدا توانرا هەست بە بوونی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتیی باش بکرێت**

ماوەی ئەم یەك دوو ساڵەی کە سەقامگیرییەکی ڕێژەیی سیاسی لە کوردستاندا بوونی هەبوو، بە سوودوەرگرتن لەو دەسەڵاتانەی کە دەستووری عێراق بە هەرێمی کوردستانی دابوو، توانرا لە پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان پەسەند بکرێت، بە دەرکردنی ئەم یاسایەش دەرگای وەبەرهێنەران بۆ کۆمپانیاکانی نەوتی جیهان بۆ پەرەپێدانی کەرتی «نەوت و گازی سرووشتیی کوردستان» کرایەوە.

ئەم وەرچەرخانە گەورەیە هەروا بە ئاسانی و بە بێ ئاستەنگ نەچووە پێش، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵێکی جددی درا بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە سەر نەگرێت و، لەلایەن هەندێك لایەنی دەرەوەی «پارتی و یەکێتی» کرایە بابەتێکی سادەی کۆکردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام هەتا خوالێخۆشبوو مام جەلال لە ژیاندا بوو و نەخۆش نەکەوتبوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاوشان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیریی ئەم پرۆژە ستراتیژییە نیشتمانییە بوو و لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا پەرەپێدانی کەرتی «نەوت و گازی کوردستان» گەیشتە ئاستی بەرهەمهێنان، بەڵام دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو مام جەلال لە ساڵی ٢٠١٢ نەخۆش کەوت، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کەوتە ژێر کاریگەریی شەپۆلی حزبەکانی دیکە و بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بیر لە بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان بکاتەوە، لەمەش خراپتر کە لە ساڵی ٢٠١٤ تیرۆریستانی داعش «مووسڵ»یان گرت و دواتریش هێرشیان کردە سەر کوردستان، ئیدی جارێکی دیکە هەموو هەوڵەکانی گەلی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و کۆتاییهێنان بە ئاژاوەی سیاسیی ناوخۆیی تەرخان کرا و نەتوانرا پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە ڕاستەڕێی خۆی بگرێت.

سەرۆك بارزانی هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە کوردستان، لە نۆڤەمبەری ٢٠١٦ و لە دوایین سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی باشیکی سنووری پارێزگای نەینەوا ڕایگەیاند «گەلی کوردستان بە سەرکەوتوویی و جوامێرانە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش سەرکەوتنی بەدەستهێنا و ئێستا کاتی ئەوەیە کۆتایی بە فەوزای سیاسی لە کوردستاندا بهێنرێت». بۆ کۆتاییهێنان بە فەوزای سیاسی لە کوردستان، ستراتیژیەتی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە بوو کە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا ڕێك بخرێتەوە، ئەم ستراتیژیەتەش پێویستی بەوە بوو، سەرەتا هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای دەستووری ٢٠٠٥ لەگەڵ حکومەتی عێراق ڕێك بخاتەوە کە لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە بە بڕینی بەشە بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان تێك درابوو، یان بیر لەوە بکرێتەوە ڕاپرسییەك لە کوردستاندا بکرێت و لەسەر بنەمای ئەو ڕاپرسییە و بە دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی عێراق پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی عێراق دووبارە ڕێك بخرێتەوە، بەڵام ناتەبایی حزبە سیاسییەکان و ئینتهازیەتی حزبەکان بۆ پەنابردن بۆ هەموو شتێك بۆ ئەوەی پرسە ستراتیژییە نیشتمانییەکان سەرکەوتوو نەبێت، بووە دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ی لێ بکەوێتەوە و، جیا لەوەی ٥١٪ی خاکی کوردستان لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە داگیر کرایەوە، لە هەمانکاتدا چارەنووسی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش کەوتە سەر لێواری هەڵدێر و، حزبە سیاسییەکان لە حکومەت کشانەوە و داوای هەڵوەشانەوەی حکومەت و پێکهێنانی حکومەتی ڕزگاریی نیشتمانی دەکرا! هەموو ئەمانە لەلایەن حزبەکانەوە بۆ ئەوە بوو کە هەڵوەشانەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان ببێتە ئەمری واقیع!!

لەناو ئەم گێژاوە سیاسییە ئاڵۆزەدا و شەڕێکی نابەرابەری نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی عێراق و بەشێك لە هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی، سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە بڕیاری مقاوەمەتی بۆ پاراستنی کوردستان دا و، بە داستانە مەزنەکانی « پردێ و سحێلا و مەحموودیە» توانرا حکومەتی عێراق ناچار بکات، دەرگای وتووێژ و دانوستاندن بکاتەوە. بۆ ڕێگرتنیش



لـە هەڵوەشـانەوەی حکومـەت و دامەزراندنـی حکومەتـی ڕزگاریـی نیشـتمانیش، نێچیرڤـان بارزانـی (سـەرۆکی حکومەتـی ئـەو کات) کـە بەشـێکی فراوانـی دەسـەڵاتەکانی سـەرۆکی هەرێمـی پـێ درابـوو، ٣٠ی ئەیلوولـی ٢٠١٨ی بـۆ هەڵبژاردنـی پەرلەمانـی کوردسـتان دوای هەڵبژاردنـی ئایـاری ٢٠١٨ی پەرلەمانـی عێـراق ڕاگەیانـد و، ئاکامـی هـەر دوو هەڵبژاردنەکـەش هاوتـای ئـەو ئامانجـە بـوو کـە سـەرۆک بارزانـی نەخشـەی بۆ کوردسـتانێکی بەهێز داڕشـتبوو، لـە ئاکامـی هەڵبژاردنـی ئایـاری ٢٠١٨ی پەرلەمانـی عێراقیـش، پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـووە یەکـەم حزبـی بـراوە لەسـەر ئاسـتی عێـراق، لـە هەڵبژاردنـی ئەیلوولـی ٢٠١٨ش پارتـی بـووە حزبی یەکـەم و یەکلاکـەرەوەی هەرێمـی کوردستان و ئـەم ئاکامـەش کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمی کوردستانی لـێ بەرهـەم هات کە پارتی مسـرور بارزانـی بـۆ سـەرۆك وەزیـران کاندیـد کـرد و ڕاسـتکردنەوەی پرۆسـەی بونیادنانـەوەی نەتـەوە و بونیادنانـی کوردسـتانێکی بەهێـز بـووە بەرنامـە و سـتراتیژیەتی ئـەم حکومەتـە.

**● کابینـەی نۆیەمـی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بونیادنانـی کوردسـتانێکی بەهێز و سەرخسـتنی پرۆسـەی بونیادنانـەوەی نەتـەوە**

بەرنامـەی کابینـەی نۆیەمـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وەك نەخشـە ڕێگـە بـۆ کوردسـتانێکی بەهێـز و کۆتاییهێنـان بـە فـەوزای سیاسـی لـە کوردسـتان داڕێـژدراوە و لەگـەڵ ئـەوەی ئـەم ئاراسـتە نیشـتمانییەی ئـەم بەرنامەیـەی لەسـەر داڕێژدراوە، بوارێکی کەمـی بـۆ موزایـەدەی سیاسـیی حزبـەکان هێشـتووەتەوە، بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا پرۆسـەی دانوسـتاندنەکان بـۆ پێکهێنانـی کابینـەی نۆیـەم

**بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهاندا، بەرنامەی حکومەت بەو جۆرە بوو، لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی سیاسەتی دراوسێیەتیی باش پێڕەو بکات و پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان فراوانتر بکرێن**

**چارەسەرکردنی کێشەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستکردنی دەیان سایلۆ و کارگەی پیشەسازیی خۆراکی دەرکرد و هەر ساڵی پار (٢٠٢١) نزیکەی ٥٠٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیاران کڕانەوە**

**بەشی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی کوردستان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە دەڵێت: «جیۆپۆلیتیکی داخراوی کوردستان گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستاندا و ئەگەر جوگرافیای کوردستان لەسەر دەریا بوایە، زووتر دەگەیشتینە ئازادی و سەربەخۆیی»**

زیاتر لە ٦-٧ مانگی خایاند و سەرەنجامیش پرۆسەکە بە چەند قۆناغێك تەواو بوو.

لەگەڵ دەستپێکی ئەم کابینەیە مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان چوار ستوونی سەرەکی کردە ستراتیژیەتی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بریتی بوون لە:

١. کۆتاییهێنان بە هەموو ئەو کێشانەی لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقدا هەبوون.

٢. فەراهەمکردنی ئاسایش و سەقامگیری و سەقامگیریی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهاندا.

٤. مامەڵەکردن لەگەڵ وزە «نەوت و گاز» وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ بونیادنانەوەی ژێرخانی غەیرە نەوتی و هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردستاندا.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان بۆ کۆتاییهێنانی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، دوای دەستبەکاربوونی ڕاستەوخۆ سەردانی حکومەتی عێراقی کرد و، دوای وتووێژ و دانوستاندنێکی زۆر توانرا نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دابڕێژێت و بەمەش حکومەتی عێراق نیپەتێکی باشی پیشانی هەرێم دا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان.

بۆ فەراهەمکردنی ئاسایش و سەقامگیری لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، حکومەتی کوردستان بایەخێکی زۆری بە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دا و لە ماوەیەکی کورتدا توانرا هەست بە بوونی ئاشتییەکی کۆمەڵایەتیی باش بکرێت.

بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی و جیهاندا، بەرنامەی حکومەت بەو جۆرە بوو، لەگەڵ دەوڵەتانی هەرێمی سیاسەتی دراوسێیەتیی باش پێڕەو بکات و پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان فراوانتر بکرێن و، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهانیش زیاتر پابەند بین بە بەها بەرزەکانی مرۆڤایەتی و خۆڕێکخستن لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی و هاندانی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان و لە بوارە جیاوازەکانی ژێرخانی کوردستان و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە وەبەرهێنانی زیاتر بکەن.

ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتایەکی باش بوون بۆ ئەوەی کوردستان بچێتە قۆناغێکی تازەی حوکمڕانی و بونیادنانەوەی ژێرخانەکان و سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە، بەڵام ئەمجارەشیان کۆمەڵێك ئاستەنگی زۆر قورس هاتنە بەردەم جێبەجێکردنی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەرە سەرەکییەکانیان بریتی بوون لە:

١. لە مانگی ١٠ی ٢٠١٩ بە هۆی خۆپیشاندانەکانی تشرینەوە لە بەغدا و پاشانیش لە شارەکانی دیکەی عێراق، پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا ئاڵۆزی و ناسەقامگیری تێکەوت و، پاش چەند مانگ حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی ناچار کرا دەست لە کار بکێشێتەوە، بەمەش ئەو نەخشە ڕێگەیەی کابینەی نۆیەم لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان دایڕشتبوو، کێشەیەکی گەورەی تێکەوت و هەنگاوی زیاتر هەڵنەگرت.

٢. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ پەتای ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ لە پەتایەکی لۆکاڵییەوە بووە پەتایەکی جیهانی و لە ماوەی یەك دوو مانگدا هەموو دەوڵەتانی جیهان ناچار بوون پرۆسەی قەدەغەی هاتوچۆ ڕابگەیەنن و، هەموو بازرگانییەك بێجگە لە بازرگانیی خۆراك ڕاوەستێت، ئەم حاڵەتە لە سەرەتای ئایاری ٢٠٢٠ هەرێمی کوردستانی گرتەوە و ئاستی داهاتی ناوخۆی حکومەت بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە دابەزی و ئاستی داهاتی نەوتیش لە مانگەکانی نیسان و ئایاری هەمان ساڵدا هاتە ژێر سفر.

٣. ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە جارێکی دیکە قۆزترایەوە بۆ سەرهەڵدانەوەی فەوزای سیاسی و پشێویی دووبارە لە کوردستاندا.

بۆ ڕێگرتن لە دەرهاویشتە خراپەکانی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزە، مسرور بارزانی سەرۆکی

حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی لەگەڵ گەلی کوردستان پیادە کرد و، زۆر ڕاشکاوانە هەموو ڕاستییەکانی لەگەڵ باسکردن و، بۆ ڕێگرتن لە دروستکردنی پشێوی لە پارێزگاکانی کوردستانیشدا، دەسەڵاتەکانی شۆڕ کردەوە بۆ پارێزگاکان و دەسەڵاتی پێدان لە هەر پارێزگایەك بەپێی ئاستی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید ١٩ مامەڵە لەگەڵ قەدەغەی هاتوچۆ و جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان بکرێت، سەبارەت بە دابینکردنی مووچە و بژێوی خەڵکی کوردستانیش، دیسان سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر ڕاستگۆیانە بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند، ئیمکانیەتی حکومەت لەم قۆناغەدا هەرچەند بێت، ئەولەوییەت بۆ مووچە و بژێوی خەڵکی کوردستانە و، لەگەڵ ئەوەی حکومەتی عێراق لە ماوەی ئەو ساڵەدا هیچ بڕە بودجەیەکی بۆ هەرێمی کوردستان دابین نەکرد، لە هەمانکاتدا خەڵکی کوردستان لەو بڕە قەرزەش بێبەش کران کە پەرلەمانی عێراق بۆ دابینکردنی مووچە بڕیاری لەسەر دابوو.

لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەم کێشە سەختانە لە ماوەی کەمتر لە ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم ڕووبەڕووی بووەوە، بەڵام لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا حکومەت توانی ستراتیژیەتێکی تازە بۆ هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بە شێوەیەك دابڕێژێتەوە کە بەشە سەرەکییەکەی بکەوێتە سەرشانی خۆمان و لە دیالۆگ و ڕێککەوتنیش لەگەڵ حکومەتی عێراق بەردەوام بین بەمجۆرە:

١. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پشتبەستن بە فرۆشتنی نەوت و داهاتی ناوخۆی کوردستان توانای ئەوەی هەیە بە ڕێژەی ٧٩٪ی مووچەی فەرمانبەران هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك دابین بکات، ئەگەر حکومەتی عێراقیش پابەند بێت بە ناردنی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەی کە دەبێت مانگانە بینێرێت، ئەوا دەتوانێت بە ڕێژەی ١٠٠٪ مووچە دابین بکات.

٢. بۆ ڕێکخستنەوەی ژێرخانەکان و پیادەکردنی ئابووریی فرەچەشن و دروستکردنی سەرچاوەی داهاتی فرەچەشن، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لە هەزار پرۆژەی گەورە و بچووك و مامناوەندی بۆ وەبەرهێنان لە بوارەکانی «گەشتیاری، کشتوکاڵی، پیشەسازیی بچووك و مامناوەند و گەورەی» خستە بەردەستی وەبەرهێنان و پێشنیاری ئەوەشی خستە بەردەمیان کە دەکرێت هەندێکیان بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەت ئەنجام بدرێن.

٣. بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کڕینەوەی گەنمی جووتیاران، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دروستکردنی دەیان سایلۆ و کارگەی پیشەسازیی خۆراکی دەرکرد و هەر ساڵی پار (٢٠٢١) نزیکەی ٥٠٠ هەزار تۆن گەنمی جووتیاران کڕانەوە.

٤. بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە هەردوو کەرتی نەوت و گاز، حکومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە چاوخشاندنەوەی بە کۆی گرێبەستەکان کردەوە و سەرەنجام داهاتی گەڕاوەی نەوت و گاز لە ڕێژەی ٢٧٪ بۆ ٤١٪ بەرز بووەوە.

ئەم هەنگاوە بەپەلە و خێرایانەی حکومەت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی کۆی ژێرخانەکانی کوردستان، بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەو قۆناغە سەختە تێپەڕێنێت کە پەتای کۆرۆنا و ناسەقامگیریی پرۆسەی سیاسیی عێراق دروستیان کردبوو، لەمەش زیاتر سەرۆکی حکومەت بناخەی بۆ ئەوە داڕشت وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی «نەوت و گاز»ی هەرێمی کوردستان بکرێت، ئەمەش نەك تەنیا بۆ ئەوەی داهاتی نەوتەکە زیاتر بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی داهاتی زیادبووی نەوت بکرێتە فاکتەرێك بۆ دروستکردنی فرە سەرچاوەی داهات و پێشخستنی پیشەسازی و کشتوکاڵ و پڕۆژەی گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا.

## • شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا
## وەرچەرخان لە جیۆپۆلیتیکی وزەدا

بەشی هەرە زۆری سیاسەتمەدارانی کوردستان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە دەڵێت: «جیۆپۆلیتیکی داخراوی کوردستان گەورەترین ئاستەنگە لە بەردەم سەربەخۆیی کوردستاندا و

**گەلێک جار ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئەگەر لەسەر هیچ شتێکیش لەگەڵ یەکدی کۆک نەبووبن، ئەوا لە سەر دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و کوردستان و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی قەوارەیەک کە ناوی کوردستان بێت، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بوون و پێکەوە هەوڵیان داوە ئەو بزاڤە خامۆش بکەن و شکستی پێ بهێنێن**

**دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان «ڕووسیا و ئۆکرانیا» لە نیوەی دووەمی مانگی شوباتی ڕابردوو، هەڕەشە و تەحەددییەکان بۆ سەر ئاسایشی وزەی جیهان و هەناردەکردنی نەوت خەریکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و، دەوڵەتانی ئەوروپا بە ڕێژەیەکی بەرز ڕووبەڕووی کەمیی وزە و ئاسایشی وزە دەبنەوە و نرخەکانیش بە شێوەیەکی زۆر خێرا هەڵدەکشێن و ئەمەش کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر ئابووریی ئەوروپا دەبێت**



ئەگەر جوگرافیای کوردستان لەسەر دەریا بوایە، زووتر دەگەیشتینە ئازادی و سەربەخۆیی».

ئەم قەناعەتە هاوبەشەی سیاسەتمەدارانی کوردستان تا ڕاددەیەکی زۆر ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و، گەلێك جار ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە، ئەگەر لەسەر هیچ شتێکیش لەگەڵ یەکدی کۆك نەبووبن، ئەوا لە سەر دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و کوردستان و هەوڵەکان بۆ دروستکردنی قەوارەیەك کە ناوی کوردستان بێت، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بوون و پێکەوە هەوڵیان داوە ئەو بزاڤە خامۆش بکەن و شکستی پێ بهێنێن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ناو زانستی سیاسەت بەو جۆرە پێناسەی کاریزما و دەوڵەتمەدار کراوە بەوەی «کاریزما و دەوڵەتمەداری سەرکەوتوو ئەو ڕابەرەیە کە دەتوانێت لە ناو ئاستەنگ و شەوەزەنگی تاریکیدا پەنجەرەی ڕووناکی و ئومێد بکاتەوە»، لەسەر ئەم بنەمایە و هەر لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی **١٩٩٢** سەرۆك بارزانی بۆ مانەوەی ئەم قەوارە سیاسییە هەوڵی داوە لەسەر بنەمای پەرەپێدانی بازرگانی و ئابووری و ڕێزی هاوبەش پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان دابمەزرنێت و، ئەمە بکاتە فاکتەرێك بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و پرۆسەی پەرەپێدان تێیدا بەردەوام بێت، لەمەش زیاتر لە دوای ساڵی **٢٠٠٧**یشەوە کە کوردستان یاسای نەوت و گازی تایبەت بەخۆی دەرکرد و بووە وڵاتێکی خاوەن نەوت و گازی بەرهەمهێنەر،



ئیدی ئاستی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتێکی گەورەی وەك تورکیا گەیشتە ئەو ئاستەی کە مانەوەی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی ئابووریی تورکیا بێت، نەك دژایەتیکردنی لەلایەن تورکیاوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێت، خویندنەوەیەکی واقیعییانە بۆ سەردانی چەند ڕۆژی ڕابردووی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا بکەین و لە میانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا، بایەخی ئەم سەردانە بۆ بەرژەوەندیی هەردوولا «تورکیا و هەرێمی کوردستان» ڕاڤە بکەین.

ئاشکرایە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان «ڕووسیا و ئۆکرانیا» لە نیوەی دووەمی مانگی شوباتی ڕابردوو، هەڕەشە و تەحەددییەکان بۆ سەر ئاسایشی وزەی جیهان و هەناردەکردنی نەوت خەریکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت و، دەوڵەتانی ئەوروپا بە ڕێژەیەکی بەرز ڕووبەڕووی کەمیی وزە و ئاسایشی وزە دەبنەوە و نرخەکانیش بە شێوەیەکی زۆر خێرا هەڵدەکشێن و ئەمەش کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەر ئابووریی ئەوروپا دەبێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزی یەکەم لەناو هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و بەرپرس لە ئاسایشی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە پلەی یەکەم، هەوڵی دا لە ڕێگەی پشتبەستن بە نەوت و گازی خۆی، بەشێك لەو تەحەددییانە کەم بکاتەوە کە بە هۆی ئەو شەڕەوە جیهان ڕووبەڕووی بووەتەوە، بەڵام بە هۆی جوگرافیای



**هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەو مافانەی بۆ دیاری کراوە کە هەرێمێکی خاوەن نەوت و گاز بێت و هەروەها ئەو مافەشی هەیە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەم نەوت و گازەی هەناردە بکات و بیفرۆشێت، بۆیە بووەتە جێگەی سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی «نەوت و گاز» لە سەرانسەری جیهان**

دووری ئەمریکا، هەروەها نەبوونی ئیمکانیەتی بەردەوامیدان بەو کارەی لە کاتی درێژەکێشانی ئەو شەڕەدا، بۆیە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بیریان لەوە کردووەتەوە کە دۆست و هاوپەیمانەکانیان بەشێك لەو ئەرکە بخەنە سەر شانی خۆیان و، لەمەشدا پشت بەو دەوڵەتانە دەبەسترێت کە یەدەگێکی گەورەی نەوت و گازیان هەیە و توانای فراوانکردنی خێرای بەرهەمهێنانیشیان هەیە.

هەرێمی کوردستان کە لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا ئەو مافانەی بۆ دیاری کراوە کە هەرێمێکی خاوەن نەوت و گاز بێت و هەروەها ئەو مافەشی هەیە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ئەم نەوت و گازەی هەناردە بکات و بیفرۆشێت، بۆیە بووەتە جێگەی سەرنجی کۆمپانیا گەورەکانی «نەوت و گاز» لە سەرانسەری جیهان و، سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ ئەم ئاراستەیە، ئەوا بایەخی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەناو ئاسایشی وزەی جیهانیدا پێگەیەکی گەورەی وەرگرتووە.

تورکیا کە یەکێکە لە دراوسێیەکانی هەرێمی کوردستان لە هەمان کاتدا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لەسەر ئاستی هەرێمی وەك دەوڵەتێکی گەورە سەیر دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەندامی ناتۆیە، هەر بۆیە جیا لەوەی خۆی وەك دراوسێیەکی هەرێمی کوردستان پێویستی بە نەوت و گازی کوردستانە و دەروازەیەکیشە بۆ هەناردەکردنی نەوت و گازی کوردستان، لە هەمان کاتیشدا وەك ئەندامی هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی ئەرکی سەرشانیەتی کە بەشداری لە گەرەنتیی ئاسایشی وزەی جیهان بکات و پێشوازی لەو سیاسەت و ستراتیژە بکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەرەپێدان لە هەردوو کەرتی نەوت و گاز ئەنجامی دەدات، بۆ ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن پێشتر هەوڵی داوە پێڕەوی سیاسەتی دراوسێیەتیی باش و بەرژەوەندیی



هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر بکات، بە هەمان شێوە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەیەوێت ئەم پەیوەندی و بەرژەوەندییانە فراوانتر بکات.

لەسەر ئەم بنەمایە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەروەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەی لە کۆڕبەندی وزەی جیهانی و لە کۆبوونەوەکانیشی لەگەڵ سەرۆك کۆماری تورکیا جەختی لەسەر کردووەتەوە، ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان ببێتە ناوەندێکی گرنگی بزنێس لە ناوچەکە و ناوەندێکی گرنگی پیشەسازیی پەترۆڵی لە ناوچەکە و لەمەش زیاتر نەك هەر پەیوەندییەکی ئابووری بازرگانیی هاوبەش لە نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە هەبێت، بەڵکو کارێکی باشە ئەگەر بە دامەزراندنی هێڵێکی ئاسن هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە پێکەوە ببەسترێتەوە.

ئەمەش وەك خۆئامادەکرنێکە بۆ هاوبەشییەکی ڕاستەقینە کە هەموو کات کۆی دەوڵەتانی ناوچەکە دەکاتە گرووپێکی ئابووریی بەهێزی ئەوتۆ کە پێکەوە بتوانن لە سەر ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەرەنتی دروستکردن بۆ ئاسایشی وزە لە جهیاندا ڕۆڵ و پێگەی گەورە و دیاریان هەبێت.

سەردانی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا و، پێشتریش بەشداربوونی لە کۆڕبەندی وزەی جیهانی و لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی، ئەو پەیامە بە هەموو لایەك دەدات بەوەی ڕاستە «هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی جیۆپۆلیتیکی داخراوە، بەڵام لەناو ئەم قەوارە داخراوادا دەوڵەتمەدارێك سەرۆکایەتیی حکومەت دەکات، کە فیکر و بۆچوونەکانی کۆدەکانی جیۆئیکۆنۆمی دەکاتەوە و دەیکاتە ئەو قەوارەیەی کە بە سەر هەموو لایەکدا بکرێتەوە و،هەموولایەکیش بەسەریدا بکرێتەوە.

**سەردانی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا و کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕەجەب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا و، پێشتریش بەشداربوونی لە کۆڕبەندی وزەی جیهانی و لوتکەی حکومەتەکانی جیهان لە دوبەی، ئەو پەیامە بە هەموو لایەک دەدات بەوەی ڕاستە «هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی جیۆپۆلیتیکی داخراوە، بەڵام لەناو ئەم قەوارە داخراوادا دەوڵەتمەدارێک سەرۆکایەتیی حکومەت دەکات، کە فیکر و بۆچوونەکانی کۆدەکانی جیۆئیکۆنۆمی دەکاتەوە**




### کۆمپانیا و بزنێسمان بەدوای قازانج دەگەڕێن و دەزگای خێرخوازی نین

# هەلی وەبەرهێنانی وزە لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟



پرۆفیسۆر ئیسنا ترینا لە پەنێڵێکی تایبەت لە کۆڕبەندی جیهانیی وزە ڕۆژانی ٢٦ و٢٧ی ئاداری ڕابردوو کە لە دوبەی بەڕێوە چوو، لە پەنێڵێکدا بە ناونیشانی «پەرەپێدانی وزە، هەناردەکردن و ئایندەی کوردستانی عێراق»، کە تیایدا سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێنج کۆمپانیای گەورەی نەوت و گاز بەشدار بوون، کە هەر پێنج کۆمپانیاکە ماوەی زیاتر لە ١٥ ساڵە کاری وەبەرهێنان لە هەردوو کەرتی گاز و نەوتدا دەکەن، بەشداربوون و بریتی بوون لە:

١. جۆن هاریس بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای پەترۆلی گەڵف کیستۆن.

٢. بیڵ هیگس بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی.

٣. مەجید جەعفەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی.

٤. ڕۆس پێرۆت جی ئاڕ سەرۆکی کۆمپانیای پێرتۆت گرووپ.

٥. عادل چاوەش سەرۆك و بەڕێوەبەری کۆمپانیای شاماران پەترۆلیوم کۆرپ.

ناوەڕۆکی ئەم پەنێڵکە کە هەڵوەستەکردن بوو لەسەر ژینگەی وەبەرهێنان لە کوردستان و شەرعییەتی دەستووریی یاسای نەوت و گازی هەرێم و پابەندبوونەکانی هەرێم سەبارەت بەو کۆنتراکتانەی لەگەڵ ئەو کۆمپانییانە ئیمزای کردوون و، لە هەمانکاتدا شرۆڤەکردنی ئەو دەنگۆیانە بوو کە هەندێك ڕۆژنامە و کەناڵی ڕاگەیاندن سەبارەت بە پابەندبوونەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی شایستەی کۆمپانیاکان، کە بەو جۆرە بڵاوی دەکەنەوە، گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند نابێت، بەڵام سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەم کۆمپانیا گەورانە نەك هەر ئەو دەنگۆیانەیان ڕەت کردەوە و بە فەیك نیوز ئاماژەیان پێ کرد، بەڵکو ڕاشکاوانە بە ئامادەبوونیان ڕاگەیاند: ئەوەی هانیان دەدات بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی زیاتر لە کەرتی وزەی هەرێمی کوردستاندا بکەن، شەرعییەتی دەستووری یاسای گاز و نەوتی هەرێمی کوردستان و پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بە کۆنتراکت و، ڕێز لە کۆنتراکتەکان دەگرێت و، لە دەستپێکی پەنێڵەکەدا خاتوونی پرۆفیسۆر (ئیسنا ترینا) پرسیارێکی گشتیی ئاراستەی میوانەکانی کرد و، لێی پرسین: ئێوە کە کۆمپانیای گەورەتان هەیە و بە دوای هەلی وەبەرهێنان و قازانج دەگەڕێن، حەتمەن دەزگای خێرخوازی نین، حەزدەکەم بۆ ئامادەبوونی ئەم هۆڵە و بۆ بینەرانیشی ڕوون بکەنەوە، هەلی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لەو ئاستەیەدا کە ئێوە ئەو ڕیسکە بکەن و بچن لەو هەرێمە وەبەرهێنان بکەن؟

پەنێڵستەکان بەم جۆرە وەڵامی کۆڕبەندەکەیان دایەوە.





**بیڵ هیگس**

**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەنەڵ ئینێرجی لە کوردستان:**

# کوردستان بووەتە سەنتەرێکی گەورە بۆ هەلی گەورەی وەبەرهێنان

« پێش ئەم پەنێڵە جەنابی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بەڕێزیان چۆن سەیری ئایندەی ئەم پیشەسازییە لە هەرێمی کوردستان دەکات، بە بۆچوونی ئەوان کارێکی گەورەیە بەوەی چۆن گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی دیکەی بەرامبەر «کۆمپانیا گەورەکانی کەرتی وزە» بکەن، هەر ئەو سیاسەت و قەناعەتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆکار بووە بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ و پێش دەرچوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمیش، لێرە لەم هەرێمە وەبەرهێنان بکەین، بەڵام وەك چۆن پێش من هاوکارم «جۆن هاریس» ئاماژەی پێ کرد کە هاتینە کوردستان بینیمان هەلێکی گەورە بۆ وەبەرهێنان هەیە و، زەمینەیەکی لەباریش هەیە بۆ ئەوەی وەبەرهێنەکانمان زیاتر بکەین و، هەتا ئیستاش ئەو زەمینە لەبارە بەردەوامیی هەیە و، هەرێمی کوردستان لە بواری پەرەپێدانی کەرتی وزەدا بووەتە سەنتەرێکی گەورە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەلی وەبەرهێنان زیاتر پێشکەش دەکات و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ئاستی بەرهەمهێنان بەرز دەبێتەوە و، وەك جەنابی سەرۆك وەزیرانیش لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێ کرد، هاوکات لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان ڕەچاوی شێوازی بەرهەمهێنانی دۆستی ژینگەیی ڕەچاو دەکرێت و چەندی لە توانادا بێت، هەوڵمانداوە شێوازی بەرهەمهێنانمان زیان لە ژینگەی کوردستان نەدات و دۆستی ژینگە بێت، لەم هۆڵەشەوە بانگهێشتی وەبەرهێنەران دەکەم بێنە کوردستان و هەلی وەبەرهێنانی گەورە لەو هەرێمەدا هەیە».



**جۆن هاریس**

**بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای گەڵف کیستۆن پەترۆڵیۆم لە هەرێمی کوردستان:**

# دەمانەوێت وەبەرهێنانی زیاتر بکەین و بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنینە دوو ئەوەندەی ئێستا



### ڕۆس پیرۆت جی ئاڕ
### سەرۆکی پیرۆت گرووپ لە هەرێمی کوردستان:


# بەرپرسانی کۆشکی سپی ڕێنماییان کردم تەنیا لە کوردستان وەبەرهێنان بکەین



« منیش وەك هاوکارم مەجید جەعفەر شەرەفمەندم کە لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە مۆڵەتی وەبەرهێنانم لە کەرتی نەوتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە، ئەوکاتەی ئێمە هاتین بۆ کوردستان، خەڵکی ئێمە تەنیا دیمەنە خوێناوییەکانی شەڕی فەلوجەیان دەبینی، بۆیە کاتێك گوتمان دەچینە عێراق و لە کوردستان وەبەرهێنان دەکەین، پێیان دەگوتین چۆن دەتوانن لە عێراقدا وەبەرهێنان بکەن؟ پێش ئەوەی بێمە کوردستان بۆ وەبەرهێنان، بەرپرسێکی باڵای پێشتری کۆشکی سپیم بینی و پێی گوتم: ڕۆس، ئێمە دەمانەوێت وەبەرهێنانی ئەمریکی لە عێراقدا هەبێت، بەڵام لە هەر شوێنێکی عێراق وەبەرهێنان بکەیت، دەبێت کوردت لەگەڵدا بێت، لەبەر ئەوەی کوردەکان هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئێمەن. دوای ئەوەی ساڵی ٢٠٠٧ هاتمە کوردستان و لەگەڵ جەنابی مسرور بارزانی سەرۆك وەزیران و باوکی (جەنابی سەرۆك بارزانی) کۆبوومەوە و، جەنابی مسعود بارزانی بەشێکی لە قسەکانی خۆی لەگەڵ سەرۆك بوش بۆ گێڕامەوە، بۆم دەرکەوت تەنیا هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئێمە کوردەکانن و پاش گەڕانەوەم بۆ ئەمریکا، چاوم بە سەرۆك بۆش کەوت و قسەکانی جەنابی بارزانی-م بۆ گێڕایەوە، ئەویش جەختی لەوە کردەوە کە هاوپەیمانی ڕاستەقینەی ئێمە کوردەکانن، ئەمە چیرۆکێکی زۆر جوان بوو کە هەردوو سەرۆك «بوش و بارزانی» جەختیان لەسەر کردەوە، بۆیە حەزم کرد بۆتان بگێڕمەوە، سەبارەت بە ئاستی ئەو کێڵگانەی ئێمە وەبەرهێنانی تێدا دەکەین، دوو کێڵگەی گەورەی نەوتمان دۆزیوەتەوە هەتا ئێستا ڕۆژانە ٣١ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و بە نیازین لە هاوینی ئەمساڵدا بگاتە ٥٥ هەزار بەرمیل، بە هەمان ڕێگە دەمانەوێت ئەم ڕێژەیەش بکەین بە دوو هێندە، واتە سەرووی ١٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

« هەرێمی کوردستان سەرچاوەیەکی گەورەی سامانی سرووشتی «نەوت و گاز»ی تێدایە و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش گەورەترین هەلی بۆ وەبەرهێنان فەراهەم کردووە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران بێنە هەرێمی کوردستان و لەم دوو کەرتە گرنگەدا وەبەرهێنان بکەن. ئێمە وەك کۆمپانیای گەلف کیستۆن پەترلیۆم لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و گازی هەرێمی پەسەند کرد، هاتووینەتە کوردستان و خۆمان بە شەرەفمەند دەزانین کە مۆڵەتی وەبەرهێنانمان بۆ گەڕان بە دوای نەوت و هایدرۆکاربۆندا وەرگرتووە و، لە ساڵی ٢٠١٣ ـەوە بەرهەمهێنانی ئێمە دەستی پێ کردووە، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو توانا ڕاستەقینەیەی کە نەوتی کوردستان هەیەتی، ئەم ڕێژە بەرزەی بوونی نەوت لە هەرێمی کوردستان هاندەرە بۆ ئەوەی بەردەوام بین و وەبەرهێنانی زیاتر بکەین، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا ڕێژەی ئێستای بەرهەمهێنانی نەوت بگەیەنینە دوو ئەوەندە، هەر بەوەندەش ڕاناوەستین، وەبەرهێنانی زیاتر دەکەین تا دەگەینە توانای ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی نەوت .





مەجید جەعفەر

بەڕێوەبەری کۆمپانیای هیلالی ئیماراتی لە هەرێمی کوردستان:

# دەمانەوێت لە ماوەیەکی کورتدا بەرهەمهێنانی گاز بگەیەنینە دوو هێندەی ئێستا

« لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە و دوای پەسەندکردنی یاسای نەوت و گازی هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، ئێمە وەك کۆمپانیای هیلال گەشتێکی گەورە و گرنگمان بۆ هەرێمی کوردستان دەست پێ کردووە، ئەو کاتەی ئێمە هاتین «٢٠٠٧» بارودۆخی باشوور و ناوەڕاستی عێراق ئاژاوەیەکی سەرتاسەریی تێدا بوو، شەڕی ناوخۆش هەبوو، ئەم بارودۆخەش بەڕاستی تەحەددایەکی گەورە بوو لە بەردەم کۆنتراکتارە نێودەوڵەتییەکاندا و، نەیاندەتوانی لەو بارودۆخەدا وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی عێراقدا بکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە کوردستان سەقامگیر و زەمینەی لەباری بۆ وەبەرهێنان تێدا فەراهەم کرابوو، هەر بۆیە دوای ئەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێم پەسەند کرا، ئێمە هاتین و دەستمان بە وەبەرهێنان کرد و، لەو کاتەوە تا ئێستا وەك جەنابی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وتارەکەیدا ڕاشکاوانە ئاماژەی پێ کرد، گەشەسەندنێکی گەورە لە کەرتی نەوت و گازدا هاتووەتە ئاراوە و، ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت لە سەرووی ٥٠٠ هەزار بەرمیلە لە ڕۆژێکدا و، ڕێژەی بەرهەمهێنانی گازی سرووشتیش لە سەرووی ٥٠٠ ملیۆن پێ سێجایە لە ڕۆژێکدا، ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەیە.



**عادل چاوەش**

**سەرۆک و جێبەجێکاری کۆمپانیای شاماران لە کوردستان:**

# لە چەند مانگی داهاتوودا بەرهەمی پەترۆڵی خۆمان دەگەیەنینە دوو ئەوەندە

ئێمە لە ئێستادا زیاتر جەخت لەسەر کەرتی گازی سرووشتی دەکەینەوە و لەگەڵ کۆمپانیا هاوبەشەکانمان «OMV،RWE،Mullen» هەتا ئێستا بڕی ۲,۳ ملیار دۆلارمان لە کەرتی گازی سرووشتیی هەرێمی کوردستاندا وەبەرهێنان کردووە و، بە نیازین ۵۰۰ ملیۆن دۆلاری دیکەش وەبەرهێنان بکەین، بۆ ئەوەی لە ماوەی دووساڵی داهاتوودا ڕێژەی وەبەرهێنان بگەیەنینە یەك ملیار پێ سێجا گازی سرووشتی لە ڕۆژێکدا، بەمەش تەواوی پێداویستیی لۆکاڵیی هەرێمی کوردستان پڕ دەکاتەوە و، ئەم پرۆسەیە بەردەوامیی دەبێت تا دەگاتە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان زیاد بێت و بۆ دەرەوە هەناردە بکرێت.

سەبارەت بە گرنگیی گازی سرووشتی دەمەوێت ئەوە بۆ ئامادەبووان بخەمەڕوو، تەنیا بە گۆڕینی سووتەمەنی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە گازوایلەوە بۆ گازی سرووشتی جیا لەوەی داهاتێکی زۆر دەگەڕێتەوە، لە هەمانکاتدا خزمەتێکی گەورەی ژینگەش دەکات و نزیکەی ۵۰ ملیۆن تەن لە دەرچوونی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن کەم دەکاتەوە، بۆ زیاتر بڕەودان بەم بوارە کۆمپانیای «PWC» توێژینەوەیەکی بۆ ئێمە ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنانمان زیاتر دۆستی ژینگە بێت.

ئێمەش بە هاوشێوەی هاوکارانمان «مەجید و ڕۆس» لە ساڵی ۲۰۰۷ـەوە و دوای دەرچوونی یاسای نەوت و گاز هاتووینە هەرێمی کوردستان و، لە چەندین بواری کەرتی وزەدا وەبەرهێنانمان کردووە و، ئەو کێڵگانەی ئێمە کاری تێدا دەکەین، بەرهەمێکی باشی هەیە و، لە دوای ساڵی ۲۰۱۷ شەوە بەردەوام بەرهەمهێنانمان ڕوو لە زیادبوونە و، لە چەند مانگی داهاتووشدا ئاستی بەرهەمهێنانمان دەگەیەنینە دوو هێندە. ئەوەی جێگەی دڵنیایی ئێمەیە ئەو پابەندبوونەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە جەنابی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمێك پێش ئێستا لە وتارە گرنگەکەیدا ئاماژەی پێ کرد و، ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لەو کۆنتراکتانە دەگرێت، کە لەگەڵ کۆمپانیاکان ئیمزای دەکات.»





زیاد کاکه ڕەزا

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ گوڵان:

# دەستبردن بۆ پارەی بانکەکان و خراپیی خزمەتگوزارییەکان و گرفتی دەرمان لە سلێمانی هەوڵێکە بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەر چاوی خەڵک ناشیرین بکرێت

**پرسی دیارنەمانی داهاتی سلێمانی و دەستبردن بۆ پارەی بانکەکان و نەمانی دەرمان و ڕاوەستانی کاری کۆمپانیاکانی ژینگەپارێز، کۆمەڵێك پرسی هەستیارن و ڕووبەڕووی پارێزگای سلێمانی بووەتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ زیاد کاکە ڕەزا سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ساز دا.**

*** داواکارییەکەی ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ بانگهێشتکردنی ژمارەیەك لە بەرپرسی پەیوەندیدار بە کێشەی نەمانی سیولە لە بانکەکان و نەگەڕانەوەی داهاتی دەروازە سنوورییەکان بە کوێ گەیشتووە؟**

- ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی پارێزگا و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا کردبوو، بەوەی کۆبوونەوەیەك ڕێك بخات لە نێوان ئێمە و هەر یەك لە (هەردوو لێپرسراوی سنووری باشماخ و پەروێزخان و بەڕێوەبەری گشتیی بانکی هەرێم لە سلێمانی)، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین هۆکاری نەبوونی پارە و سیولە لە بانکەکاندا بۆ چی دەگەڕێتەوە، کە کێشەیەکی گەورەی بۆ پەکخستنی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و دابینکردنی دەرمان و مووچە دروست کردووە. دەمانەوێت ڕاستەوخۆ بپرسین: ئایا داهاتەکانی مەرزەکان و ناوخۆ کەمە، یان ئەو داهاتە ناگەڕێتەوە؟ لە کاتێکدا سلێمانی لە ڕووی باج و ڕسومات و غەرامە و داهاتی هاتوچۆ و شارەوانی و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکەوە دەوڵەمەندە، کەچی داهاتەکە بۆ بانکەکان ناگەڕێتەوە، ئەگەر وا نییە، ئەی بۆچی ئەو مووچەخۆرانەی وەکو خانەنشینی کە سەرەی مووچەکانیان دەکەوێتە دواوە، دوچاری گرفتی نەمانی سیولەی نەختینەیی لە بانکەکاندا دەبن؟ لە کاتێکدا داهاتی نەوت نێردراوە بۆ مووچە و ئەوەی دەمێنێتەوە دەبێت بە داهاتی ناوخۆ تەکمیلە بکرێت. ئەم داواکارییە هیچ پەیوەندی بە نارازیبوونی ئەندامان و ئەنجومەنەوە نییە، هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن بۆی هەیە یاداشت بداتە سەرۆکی ئەنجومەنەکەی خۆی و سەرۆکایەتیی ئەنجومەن، کەچی بۆ ئەم جارە بەداخەوە تا ئێستا پێمان نەوتراوە لە فلان ڕۆژ و کات کۆبوونەوەکە ڕێك دەخرێت. پێشتر چەندین جار لەسەر بوونی کێشەی دیکە لێپرسراوانمان بانگهێشتی ئەنجومەنەکە کردووە و ڕاستەوخۆ پرسیارمان لێ کردوون و وەڵامیان داوەتەوە.

*** گرفتی خۆڵ و خاشاك و نەدان و کەڵەکەبوونی شایستە داراییەکانی کۆمپانیاکان تا چەند کێشەی بۆ هاووڵاتیان لە شاری سلێمانی و پارێزگای سلێمانی دروست کردووە؟**

- پاکوخاوێنی و جوانیی ژینگەیی شاری سلێمانی یەکێك لە شانازییەکانی خەڵکی سلێمانی بوو، گەشتیاران و میوانەکان کە ڕوویان لە شاری سلێمانی دەکرد، بەردەوام سەریان سوڕ دەما لەو خاوێنی و ژینگەپارێزییەی خەڵکی سلێمانی کە پێی بەناوبانگ بوو. سلێمانی لە هەرە پاکوخاوێنترین شارەکانی کوردستان و عێراق بوو، بەداخەوە ئەم کێشەیە ئەم شانازییەمان لەدەست دەدات و بۆن و بەرامەی ناخۆش و دیمەنی ناشیرین و زبڵ خەڵکی بێزار کردووە، لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرماش ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی زیاد دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی شایستە داراییەکانی ئەو کۆمپانیانە نەدراوە، خۆ ئەوانیش ناچن لە گیرفانی خۆیان پارە خەرج بکەن و لە کارەکانیان بەردەوام بن. چۆن ئەرکی ئەو کۆمپانیانەیە شار و قەزا و ناحیەکان و کوردستان خاوێن ڕابگرن، ئاواش ئەرکی سەر شانی حکومەتی خۆجێیی سلێمانییە پارەکانیان لە کاتی خۆیدا بدات و ئەوانیش خەرجی و کرێی کرێکار و کارمەندەکانیان بدەن.

*** زۆر لەو کۆمپانیایانەی دەرمان و پێداویستیی پزیشکییان بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی دابین دەکرد، هەڕەشەی ڕاگرتنی کارەکانیان دەکرد،**

**سلێمانی لە ڕووی باج و ڕسومات و غەرامە و داهاتی هاتوچۆ و شارەوانی و کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییەکانی دیکەوە دەوڵەمەندە، کەچی داهاتەکە بۆ بانکەکان ناگەڕێتەوە**

**بۆن و بەرامەی ناخۆش و دیمەنی ناشیرین و زبڵ خەڵکی بێزار کردووە، لەگەڵ هاتنی وەرزی گەرماش ئەگەری بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی زیاد دەبێت**

**بەرپرسانی نەخۆشخانەی هیوا دەڵێن: «ملیارێک و ٤٠٠ ملیۆن دینار قەرزاری کۆمپانیاکانین و کار وا بڕوات، نەخۆشخانەکەمان کە گرنگترین نەخۆشخانەی سنوورەکەیە ڕادەوەستێت»**

**لەمەش زیاتر نەخۆشخانەی هیوا و چەندین نەخۆشخانەی دیکە دەرمانیان تێدا کەم بووەتەوە؛ پرسیار ئەوەیە ئایا هۆکاری ئەم گرفتە چییە و تا چەند بۆ خەڵکی سلێمانی جێگای مەترسییە؟**

- ڕوون و ئاشکرایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابینکردنی داهاتەوە ڕیزبەندی داوە بە مووچە، سێ لایەنی سەرەکیی پێکهێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە ڕێژەیەکی پارەی مووچەی مووچەخۆران لە داهاتی ناوخۆ بدرێت. واتا داهاتی هەولێر و سلێمانی، هەر دەڤەرە بۆ خۆی خەرج دەکرێتەوە، هەرچی خزمەتگوزارییەکانیشە دوابەدوای مووچە دێت و ئەمیش ڕێژەیەکی بە پارەی داهاتی ناوخۆ دابین دەکرێت، یەکێکیش لە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بواری تەندروستییە، بەداخەوە ئەم بوارەش کەموکورتیی گەورەی تێ کەوتووە. ئەوەتا دکتۆر و بەرپرسانی نەخۆشخانەی هیوا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن قسە دەکەن و دەڵێن: «ملیارێك و ٤٠٠ ملیۆن دینار قەرزاری کۆمپانیاکانین و کار وا بڕوات، نەخۆشخانەکەمان کە گرنگترین نەخۆشخانەی سنوورەکەیە ڕادەوەستێت». باشە ئایا ئەم گرفتە گەورەیەی گرنگترین نەخۆشخانە بەدواداچوونی ناوێت؟ گریمان ئەم پارەیە بەش ناکات، با بە شەفافییەت بڵێین داهاتی ناوخۆی مانگی ئادار ئەوەندە ملیار بووە و ئەوەندەی تەکمیلەی مووچەمان پێ داوە و ئەوەندەی دیکەمان بۆ بوارەکانی شارەوانی و تەندروستی خەرج کردووە. بەداخەوە تا ئێستا کەس نازانێت داهاتی ناوخۆی سلێمانی چەندە.

*** سەبارەت بە داهاتی ناوخۆی سلێمانی پێت وا نییە ناشەفافییەتێك لەو بڕە داهاتەی ناوخۆ لەو سنوورە هەیە، بەتایبەتی کە زۆرترین دانیشتووان واتا ڕسومات و غەرامە و پارەی کارەبا و هاتوچۆ و شارەوانی و گومرگەکان لەو ناوچەیەدایە؟**

- من تێناگەم لەم خەملاندنەی داهاتی ناوخۆی سلێمانی، سلێمانی دەوڵەمەندە بە سنوورێکی فراوان و بوونی دوو دەروازەی سنووری نێودەوڵەتیی گەورەی گومرگی و دەیان دەروازەی سنووری دیکەی لاوەکی تێیدایە، ئەمە وێڕای بوونی دەیان گەورە کۆمپانیای پیشەسازی و ئاسن و چیمەنتۆ و ڕسوماتێکی زۆری هاتوچۆ و شارەوانی و کارەبا و ئاو و بوارەکانی دیکە، کە تەنیا چەند فەرمانگەیەکمان هەیە، ناتوانێت پارە پەیدا بکات، ئەوی دیکە هەمووی داهاتی هەیە، تەنیا لە مەرزی پەرویزخانەوە هەرچی کەلوپەل و خۆراك و پێداویستی هەیە لە باکووری ئێرانەوە لەوێوە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەڕوات و جموجووڵێکی بازرگانیی باشی تێدایە، کەچی بەردەوام ئەم داهاتە بە ڕوونی و ئاشکرا باس ناکرێت، بەڵام بەپێی زانیاریی هەموو شارەزایان و چاودێرانی دارایی و ئابووری داهاتی مانگانەی سلێمانی لە خراپترین حاڵەتیدا لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ ملیار دینارە، خۆ ئەگەر لە ٤٣٪ی بۆ مووچە بڕوات، هێشتا باقییەکی دەمێنێتەوە.

*** بەردەوامبوونی ئەم گرفت و کێشانە کە بەبێ چارەسەر ماونەتەوە و زیانی گەورەی بە خەڵکەکەی گەیاندووە، ئایا چ مەرام و مەبەستێك لە پشت ئەم کێشانەوەیە؟**

- کێشەی بانکەکانی سلێمانی و کۆمپانیاکانی پاکوخاوێنکردنەوەی شار و نەخۆشخانەکان وادەی ئێستا نییە، دەمێکە ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەستمان بەوە کردووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵ و کۆششێك هەیە بۆ ئەوەی سلێمانی بەرەو پەکخستنی خزمەتگوزاریی ببرێت، تا کار وای لێ هات، سیولەی پارە لە بانکەکاندا نەما، ئەمەش جگە لە مەبەستە گەندەڵییەکەی لە پێناوی ئەوەشدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر چاوی خەڵك ناشیرین بکرێت. تۆ سەیر بکە، لە یادی ئەنفالدا پەلاماری وەزیری شەهیدان درا، لەبەر خراپیی خزمەتگوزارییەکان لە کاتێکدا ئەو هیچ پەیوەندیی بەو بوارەوە نییە، ئەی باشە بۆچی داوا لە حکومەتی عێراق ناکرێت، قەرەبووی ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی گوند و شارۆچکەکانمان بکاتەوە، کە بەپێی دەستوور ئاماژەی پێ کراوە و مافێکی ڕەوای ئەو خەڵکە قوربانییەیە؟ ناشیرینکردنی یەکتر

**تەنیا لە مەرزی پەرویزخانەوە هەرچی کەلوپەل و خۆراک و پێداویستی هەیە لە باکووری ئێرانەوە لەوێوە بۆ سەرجەم پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەڕوات**

**بەپێی زانیاریی هەموو شارەزایان و چاودێرانی دارایی و ئابووری داهاتی مانگانەی سلێمانی لە خراپترین حاڵەتیدا لە نێوان ١٠٠ بۆ ١٥٠ ملیار دینارە**

**ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەوڵ و کۆششێک هەیە بۆ ئەوەی سلێمانی بەرەو پەکخستنی خزمەتگوزاریی ببرێت، تا کار وای لێ هات، سیولەی پارە لە بانکەکاندا نەما**

**ناشیرینکردنی یەکتر و بەکارهێنانی مافیایەک لە بەناو ڕاگەیاندکار و ماکینەی ئیعلامی و چاودێری جۆراوجۆر لە دژی حکومەت کە ژەهر بە سەر خەڵکدا دەڕێژن، بۆ ئەوەیە ڕقیان لە ڕابردووی خۆیان بێت و ئینتمایان بۆ نەتەوە و خاک و نیشتمان نەمێنێت**




و بەکارهێنانی مافیایەك لە بەناو ڕاگەیاندکار و ماکینەی ئیعلامی و چاودێری جۆراوجۆر لە دژی حکومەت کە ژەهر بە سەر خەڵکدا دەڕێژن، بۆ ئەوەیە ڕقیان لە ڕابردووی خۆیان بێت و ئینتمایان بۆ نەتەوە و خاك و نیشتمان نەمێنێت، بەداخەوە پەنا بۆ ناشیرینکردن و لەکەدارکردنی یەکتر دەبەین، لە بری ئەوەی برا و تەبا بین و لەسەر ستراتیژێك ڕێك بکەوین کە خزمەتی گەل و نەتەوە بکات.

*** زۆر لە حزبە کوردستانییەکان لە حکومەتی خۆجێی سلێمانین، بەتایبەتی ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دادەنێن، پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەو حزبانە هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر ئەو هەموو گەندەڵی و ناشەفافییەتە نییە؟**

- هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لە حکومەتی خۆجێی سلێمانی بەشدارن، بەرامبەر ئەو هەموو پشێوی و بێ سەروبەری و گەندەڵی و ناشەفافییەتەی کە لە سلێمانی ڕوودەدات، بێدەنگن، بەتایبەتی ئەگەر بەراورد بکرێت بە هەموو ئەو هێرشانەی کە حزبە سیاسییەکان و ڕاگەیاندکاران و چاودێرانی سیاسییان لە سلێمانییەوە دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدەن، تەنانەت کاتێك باسی گرفت و کێشەکانی ئەم دەڤەرە دەکەن، دەیبەستنەوە بە هەموو کێشەکانی دیکەی کوردستانەوە، ئەمە خۆدزینەوەیە لە ڕاستی و چارەسەر و دڵی ئەملا ناشکێنن، ئەوان بە لایانەوە گرنگ نییە خەڵکی لە حکومەتەکەی خۆیان دووربخەنەوە، ئەوەندەی بە لایانەوە گرنگە لایەنی بەرامبەر بشکێنن بۆ شاردنەوەی کەموکورتییەکانی خۆیان، ئێستاکە ئەوەی لە سلێمانی ڕوودەدات لە قەزایەکی زۆنەکەی ئەولا بوایە، دونیایان لێ پڕ دەکرد و دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنیی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتی بێ سەروبەر و پڕ لە ناوزڕاندن و درۆیان لەسەر دەکرد و ئەندامانی پەرلەمان و ئەنجومەنەکانیان و سیاسی و بەناو ڕۆژنامەنووس و چاودێرەکانیان دەهۆڵیان بۆ لێ دەدا، ئەمە دووڕوویيە و جۆرێکە لە دەجالی و دەیانەوێت خەڵکی لە خشتە بەرن، نازانن خەڵکی سلێمانی بە قسەی باق و بریق و درۆ هەڵناخەڵەتێن و بە ڕوون و ئاشکرایی دەزانن کێ لە ئازار و مەینەتییەکانیان بەرپرسیارە.

هەموو ئەو لایەنە سیاسییانەی لە حکومەتی خۆجێی سلێمانی بەشدارن، بەرامبەر ئەو هەموو پشێوی و بێ سەروبەری و گەندەڵی و ناشەفافییەتەی کە لە سلێمانی ڕوودەدات، بێدەنگن

ئەوەی لە سلێمانی ڕوودەدات لە قەزایەکی زۆنەکەی ئەولا بوایە، دونیایان لێ پڕ دەکرد و دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنیی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتی بێ سەروبەر و پڕ لە ناوزڕاندن و درۆیان لەسەر دەکرد



**مەلا عەبدولفەتاح مەلا تاهیر سریٚشمەیی**
**شارەزا لە شەریعەت و فیقهی ئیسلامی بۆ گوڵان:**

# بارزانی دڵسۆزی گەلەکەیەتی بۆیە هەموو تیرەکانی دوژمن ئاراستەی ئەون

# هەر نەتەوەیەک خاک و نیشتمانی نەبێت زوڵمێکی گەورەی لێ کراوە و زیانیش بە ئایینەکەی گەیەندراوە

مەلا عەبدولفەتاح سێرشمەیی یەکێکە لەو زانایانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کە تەمەنێکی زۆری بۆ ئایین و نەتەوەکەی تەرخان کردووە. لەم دیدارەدا گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە خزمەتکردنی خاك و نیشتمان.

*** سەرەتا با لەو باسە مێژووییەوە دەست پێ بکەین کە بیری سەربەخۆیی و ڕزگاری لە فکری مەلا و زانایانی ئیسلامیی کوردستان فکرێکی بەرز و پیرۆز بووە، ئایا وەکو زانایەکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام چۆن دەڕوانیتە سەربەخۆیی کوردستان؟**

- کاتێك باس لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان دەکرێت، ڕاستەوخۆ دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی پڕسەروەریی بارزانی و زانایانی ئیسلامیی کوردستان، بیری سەربەخۆیی و ڕزگاری لە زوڵم و چەوسانەوە هەمووی لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانەوە سەرچاوەی گرتبوو، منیش وەکو مامۆستایەکی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و، وەکو هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز، هەمیشە خەونم بە سەربەخۆییەوە بینیوە و ئومێدم وابووە ڕۆژێك دێت و دەوڵەتی کوردستان بەچاوی خۆم دەیبینم. وەکو زانایەکی ئایینی ئیسلام بەشداری شۆڕشی ئەیلوول بووم و بەردەوام ڕۆڵم لە فێرکردنی گەنجەکاندا هەبوو، بەوەی بەرامبەر خاك و گەلەکەیان دڵسۆز و لێبووردە بن و، تۆوی نیشتمانپەروەری و خزمەتکردنی گەلەکەمانم لە ناخی گەنجەکاندا چاندووە، مێژوو شاهێدە کە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان جێگەی پێشمەرگە و پەروەردەکردنی سەرکردەکانی کورد بووە، من وا لە کۆتایی هەشتاکانی تەمەندام، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەون بەوەوە دەبینم پێش ئەوەی بگەڕێمەوە لای پەروەردگار، دەوڵەتی کوردستان ببینم.

*** ئاشکرایە هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دژی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانن، دەوڵەتانی بەناو «ئیسلامین» و کوردستانیش بە سەر چوار دەوڵەتی بەناو «ئیسلامی» دابەش کراوە، ئایا سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستان دژی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە؟**

**خزمەتکردنی مەلا و مامۆستای ئایینی بۆ نیشتمان و گەلەکەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی مەلا مستەفا بارزانی بوو**

- خودای گەورە و میهرەبان بە ڕوونی لە قورئانی پیرۆزدا پێمان دەڵێت: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، پێغەمبەرمان (درووودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: (تَعَلَّموا من أنسابِكم ما تَصِلُونَ به أرحامَكم ؛ فإن صلةَ الرحِم مَحَبَّةٌ في الأَهلِ)، چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەموودەی پێغەمبەرمان (درودی خوای لەسەر بێت) هەیە و، هانمان دەدات بۆ دڵسۆزی و خۆشەویستیی نیشتمان و نەتەوە، خودای گەورە و میهرەبان بە زمانی کوردی خەڵقی کردووین، کاتێ پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر بێت) لە مەککە وەدەرنرا و لە ئەشکەوتەکە خۆی حەشار دا، ڕووی لە مەککە کرد و فەرمووی: (أَنْتِ أَحَبُّ بِلَادِ اللهِ إلى اللهِ، وأَنْتِ أَحَبُّ بِلَادِ اللهِ إليَّ، فَلَوْ أَنَّ المُشْرِكِينَ لَمْ يُخْرِجُونِي لَمْ أَخْرُجْ مِنْكِ)، هەموو

**کاک مسعود بارزانی سەرکردەیەکی نەتەوەیی و کوردستانپەروەرێکی گەورەیە و، هەرگیز کەسایەتی وا لە ناو کورددا دروست نابێتەوە و بەدیلی نییە، هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی کورد و کوردستان تەرخان کردووە**

ئەم ئایەتە پیرۆز و فەرموودانە دەیسەلمێنن کە دەبێت موسڵمانان خاك و نیشتمانی خۆیان خۆش بوێت و، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەو مافەی داوە بە هەموو نەتەوەکان کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت. من لە کتێبی سەفەری ژیان باسی مێژووی بەسەرهاتی خۆم و نەتەوەکەمم کردووە، ئەو هەموو دەربەدەری و چەوسانەوە و قاتوقڕییەی بینیوە و هەمووی بەڵگەیە بەوەی هەر نەتەوەیەك خاك و نیشتمانی نەبێت، زوڵمێکی گەورەی لێ کراوە و، زیان بە ئایینەکەشی گەیەندراوە. خۆ ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلام هەڵبدەینەوە، دەبینین بە دەیان زانا و بیرمەندی موسڵمانی کورد و سەرکردەی گەورەی موسڵمانان خزمەتیان بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەیاندووە، کەچی تازە دێن و دەیانەوێت وا لە گەلەکانی خۆیان بگەیەنن کە دینداریی کورد لاوازە و تۆمەتی جۆراوجۆری دەخەنە پاڵ، هەموو وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکەی ئیسلام ئایینەکەیان کردووەتە وەسیلەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەرامی خۆیان و بەکاریشی دەهێنن دژی نەتەوە مەزڵوومەکانی دیکەی وەکو کورد، لەژێر پەردەی بەناو ئاییندا کورد دەچەوسێتەوە و مافەکانی پێشێل دەکرێت و لە هەموو لایەکەوە پیلان و مەرام لە دژی بەکار دەهێنن.

*** لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، بەڵام کوردستان فرەییەکی گەورەی ئایینی هەیە، لە ناو ئەم فرەییەشدا ئاشتی و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەیە، ئەمەش بووەتە نموونەیەکی زۆر جوان بۆ پێکەوە ژیان و لێبووردەیی، ئەم دیاردە جوانەش بەرهەمی بیرکردنەوە و فەتوای زانایانی ئیسلامی کوردستانە، سەبارەت بە پێکەوە ژیانی و ئاشتەوایی نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان ڕاتان چییە؟**

-خوای گەورە و میهرەبان لەسەر پرسی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینە جیاوازەکان پێمان دەڵێت: (لكم دينكم ولي دين)، بەو واتایەی هەموو کەس ئازادە چ ئایینێکی هەیە. ئەگەر باسی دەڤەری سۆران بکەین وەکو نموونەیەکی بچووککراوی هەموو کوردستان، لێرە موسڵمان و مەسیحی و لە سەردەمانێکدا جووشمان لە شاری ڕەواندز هەبووە، من خۆم برادەری جووم هەبووە و هاتوچۆمان لەگەڵی هەبووە، لە هەمان کاتدا لە هاودیان برادەرێکی مەسیحیشم هەبوو. خۆی لە خۆیدا موسڵمانبوون و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خزمەتکردن و ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی دروست بووە، سوپاس بۆ خودای گەورە و میهرەبان وێڕای ئەو هەموو فشارە توانیومانە کولتووری جوانی کوردستان بپارێزین و، ڕێگەشمان بە هیچ فکر و بیروباوەڕێکی توندوتیژی نەداوە، لەمەشدا مامۆستا و زانایانی ئیسلامیی پیرۆز ڕۆڵێکی زۆر گەورە و گرنگیان گێڕاوە، بەوەی ڕێز لە ئایین و ئایینزاکان و نەتەوە جیاجیاکان بگیرێت.

*** لە شۆڕشی ئەیلولدا کە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتیی دەکرد، یەکێك لە دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە دامەزراندنی «مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان»بوو، دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە ئایینیە گرنگە لە دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك ڕێکخراوێکی ئایینی پیرۆز، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە مەلا مستەفا بارزانی نەیویستووە زانایانی ئایینی تیکەڵاوی سیاسەتی حزبە سیاسییەکان ببن؟**

- مەلا مستەفا بارزانی ڕێزێکی زۆر گەورەی بۆ مامۆستایان و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەبوو، ئەو لە ناو ڕێکخراوێکدا کۆی کردنەوە و دەیویست لە خزمەتی ئایین و نەتەوەکەیاندا بن و، ڕۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی بواری کۆمەڵایەتی و ڕێگەگرتن بەوەی ئایین لە دژی بیری نەتەوەیی بەکار بهێنرێت، خزمەتکردنی مەلا و مامۆستای ئایینی بۆ نیشتمان و گەلەکەی لە ڕیزبەندی پێشەوەی کارەکانی مەلا مستەفا بارزانی بوو. من لە ساڵی ١٩٦٣ بەرپرسی ڕێکخراوی سرێشمە بووم، کە ئەو کات سۆران نەبوو، تەنیا سرێشمە هەبوو، دواتر کاتێك بوومە مەلا هەموو کاتی خۆمم بۆ خزمەتی ئایین و لەو ڕێگەیەشەوە بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەم تەرخان کرد. لەو زەمەنەدا حزبایەتی بەو جۆرەی ئێستا نەبوو، هەموو لە ژێر چەتری مەلا مستەفا بارزانی خەبات و شۆڕشیان دەکرد، بیرم دێت کە ئەو کات من و شێخ محەمەد جارێکیان لە سەفەر بووین، کەسێکمان بینی لە گوندێك لە هەواڵمان

**لە کۆتایی هەشتاکانی تەمەندام، ئێستاشی لەگەڵدا بێت خەون بەوەوە دەبینم پێش ئەوەی بگەڕێمەوە لای پەروەردگار، دەوڵەتی کوردستان ببینم**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەو مافەی داوە بە هەموو نەتەوەکان کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت**

**هەموو وڵاتە عەرەبییەکان و تورکیا و ئێران و وڵاتانی دیکەی ئیسلام ئایینەکەیان کردووەتە وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەرامی خۆیان و بەکاریشی دەهێنن دژی نەتەوە مەزڵوومەکانی دیکەی وەکو کورد**

پرسی، گوتی: بارزانی منی حەبس کردووە، چونکە وەکو ئەو نەمتوانیوە خزمەت بکەم و بە بارزانیم وتووە: «من ناتوانم وەکو تۆ دۆشەکەم بەرد بێت و لێفم ئاسمان بێت.» ئەو سەردەمە بارزانی بەو شێوەیە ڕابەرایەتیی میللەتی خۆی دەکرد، هەر لەم ڕوانگەیەوە بارزانی هەرگیز ڕێگای نەدەدا مەلا و مامۆستای ئایینی پاشکۆی حزبە سیاسییەکان بن.

*** مەلا مستەفا بارزانی پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ کۆی زانایانی ئیسلامیی کوردستان هەبووە، هەر ئەمەش وای کردبوو کە زانایانی ئیسلامی لە کوردستان مەلا مستەفا بارزانی-یان وەك سەرۆکی فەخریی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان دانابوو، ئایا چۆن ئەم مامەڵە بەرزەی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ زانایانی ئیسلامی، بۆ ئیستا سوودی لێ وەربگرین؟**

- بارزانی باش دەیزانی هەرچی ئەو وڵاتانەی سەربەخۆییان بەدەست هێناوە و نەتەوەکانیان فراوان و گەشەیان کردووە، ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بەکار هێناوە بۆ خزمەتی وڵات و میللەتەکەیان، لێرە کەسانێك هەیە ئایین بەکار دەهێنێت بۆ دژایەتی کوردایەتی و فکری نامۆ و توندوتیژی دەهێننە ناو نەتەوەکەمان و، زیانیان بە نەتەوە و خودی ئایینەکەشیان گەیاندووە، ئێمە دوو جۆر سەلەفیی جیهادی و میانڕەومان هەیە، حزبمان هەیە سیاسییە و لە هەمان کاتیشدا ئیسلامییە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە و زیان بە ئایینەکە و سیاسەتیش دەگەیەنێت، ناکرێت حزب لە ناو چوارچێوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بێت و کار بۆ بەدەستهێنانی کورسی و گەیشتن بە دەسەڵات و پۆست بکات، تێکەڵکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە حزبایەتی گەیشتووەتە ڕاددەیەك کە بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە و لەژێر پەردەی دەیان مەزهەب و بیروبۆچوونی جیاوازدا حزبە ئیسلامییەکانیش دژایەتیی یەکتر دەکەن، ئەمە کەی لەناو ئیسلامەتیدا جێگای دەبێتەوە؟ بارزانی «مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی زانایانی ئیسلامیی کوردستان»ی دامەزراند، بۆ ئەوەی لە ژێر چەتری ئەم مەکتەبەدا بەرزی و پیرۆزیی مەلا و مامۆستای ئایینی بپارێزێت.

*** سەرۆك مسعود بارزانی هەموو خەباتی خۆی تەرخان کردووە بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، لە بۆنەیەکدا گوتبووی «هەر مامۆستایەکی ئایینی کوردستان بڕوای بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێت، من دەبمە پێشمەرگەی ئەو مامۆستا بەڕێزە و بە ڕابەری خۆمی دەزانم»، لەسەر ئەم وتەیەی سەرۆك مسعود بارزانی چی دەڵێیت؟**

- کاك مسعود بارزانی سەرکردەیەکی نەتەوەیی و کوردستانپەروەرێکی گەورەیە و، هەرگیز کەسایەتی وا لە ناو کورددا دروست نابێتەوە و بەدیلی نییە، هەموو تەمەنی بۆ خزمەتی کورد و کوردستان تەرخان کردووە و، کەسایەتییەکی زۆر دڵسۆزە بۆ نەتەوەکەی، ڕووبەڕووی داعش و دوژمنەکانی کورد بووەتەوە و، لە پێناو سەربەخۆیی لە ڕیفراندۆمدا خۆی خستە مەترسییەوە و، وێڕای ئاستەنگەکان بەردەوام بوو. لێرەدا وتەیەکی ئیمام عەلی دەهێنمەوە کاتێك پێی دەڵێن: (لە ناو ئەم هەموو ناڕاستی و پشێوی و فیتنەیەدا چۆن ئەهلی ڕاستگۆیی بناسینەوە؟ ئەویش پێیان دەڵێت دوای ئاراستەی تیری دوژمن بکەون، دەزانن ئەهلی ڕاستی لە کوێیە)، لەمەدا ئیمام عەلی پێیان دەڵێت: زۆربەی تیرەکانی دوژمن ئاراستەی ئەو سەرکردەیە دەکرێت کە ڕاستگۆیە و بۆ میللەتەکەی هەوڵ دەدات، دەبێت ئێوە دوای ئەو بکەون. من بۆم ڕوون بووەتەوە کە تیرەکانی دوژمنەکانی ئەم میللەتە هەمووی ڕووی لە کاك مەسعود بارزانی-یە، ئەمە لەبەر ئەوەیە بۆ مافی ئەم نەتەوەیە هەوڵ دەدات، سەبارەت بەوەی بارزانی کە خزمەتی مامۆستای ئایینی زۆر کردووە، بۆ ئەوەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام وەکو ڕەسەنایەتی و ڕێچکە ئاساییەکەی خۆی بۆ خزمەتی بووژاندنەوەی بیری نەتەوەیی و فکری سەربەخۆیی بەکار بهێنرێت، چ لە ڕووی ڕێکخستنی بواری کۆمەڵایەتی و چاندنی تۆوی ئاشتی و پێکەوەژیان و چاکە بێت، چ لە ڕووی مافی ئەم نەتەوەیە بێت بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و ئازادی، کە هەرگیز دژی ئاراستەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام نییە.

**سوپاس بۆ خودای گەورە و میهرەبان وێڕای ئەو هەموو فشارە توانیومانە کولتووری جوانی کوردستان بپارێزین و، ڕێگەشمان بە هیچ فکر و بیروباوەڕێکی توندوتیژی نەداوە**

**کەسانێک هەیە ئایین بەکار دەهێنێت بۆ دژایەتی کوردایەتی و فکری نامۆ و توندوتیژی دەهێننە ناو نەتەوەکەمان و، زیانیان بە نەتەوە و خودی ئایینەکەشیان گەیاندووە**

**تێکەڵکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە حزبایەتی گەیشتووەتە ڕاددەیەک کە بە ناوی پیرۆزی ئیسلامەوە و لە ژێر پەردەی دەیان مەزهەب و بیروبۆچوونی جیاوازدا حزبە ئیسلامییەکانیش دژایەتیی یەکتر دەکەن**

# دیمانەی تایبەت



جۆشوا لاندیز پرۆفیسۆری مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما، وانەبێژی چەندین بواری گرنگە، وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئیسلامی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگە و کولتووری ئەم ناوچەیە. گوڵان دییمانەیەکی لەگەڵ ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای سووریا و ئایندەی کورد لەو وڵاتەدا و، ململانێی هێزە جیهانی و هەرێمایەتییەکانی ناوچەکە لەو وڵاتەدا.

## جۆشوا لاندیز

بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆکلاهۆما بۆ گوڵان:

# ئێران و ڕووسیا سەبارەت بە سووریا هاوکاریی یەکتر دەکەن

*** چۆن لە بارودۆخی سووریا دەڕوانیت و بە دیاریکراوی چۆن لە بارودۆخی ناوچە کوردییەکانی ئەو وڵاتە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا کارێکی زۆر باش دەبوو ئەگەر بهاتایە و هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، کوردی سووریاش پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتەدا ڕێک بخستایەتەوە، کە کارێکی لەم چەشنە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی سووریاش دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زەحمەتە ببینین ئەمە ڕوو بدات، لەبەر چەند هۆکارێك، یان بڵێین چەند ئاستەنگ و بەربەستێك کە هەن لەم ڕووەوە، چونکە ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە دەسەڵات و حکومەتەکەی بەشار ئەل ئەسەد ڕزگاریان بووە و مەترسیی کەوتن و ڕووخانیان لەسەر نەماوە، بەڵام ئێمە دەزانین ئەوەی لە عێراقدا ڕووی داوە تێکشکانی دەوڵەتەکە بوو، (لێرەدا من ئاماژە بە شەڕەکەی ساڵی ٢٠٠٣ دەکەم کە تێیدا ئەو دەسەڵات و حکومەتەی لە ئارادا بوون، ڕووخێنران)، دوای ئەوە سەر لەنوێ دەستوورێکی دیکە بۆ وڵاتەکە داڕێژرایەوە کە فیدراڵییەتی بۆ کوردی تێدا چەسپێندرا، کە ئەم پەرەسەندنە لە وڵاتی سووریادا ڕووی نەدا، دەسەڵاتەکە نەڕووخا و ڕزگاری بوو، لە هەمان کاتدا موعارەزەی ئەو وڵاتەش (موعارەزەی عەرەبی سوننە) هێندەی دەسەڵاتەکەی دیمەشق بەرهەڵستکار و دژی پێدانی خۆبەڕێوەبەریی کوردن لەو وڵاتەدا. لە هەمان کاتدا نابێت ئێمە ڕۆڵی تورکیاش نادیدە بگرین لەم ڕووەوە کە بەرهەڵستیی هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لەم چەشنە دەکات، ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا بیڵێم ئەوەیە کە هاوسەنگیی هێز لە سووریادا لە بەرژەوەندیی کوردی ئەو وڵاتە نییە.

*** ئەی پێت وا نییە ئەو بارودۆخەی لە سووریادا دروست بووە، دەرفەتێکی بۆ کوردی ئەو وڵاتە دروست کردووە کە ئەگەر بتوانن بە**

**موعارەزەی عەرەبی سوننە هێندەی دەسەڵاتەکەی دیمەشق بەرهەڵستکار و دژی پێدانی خۆبەڕێوەبەریی کوردن لەو وڵاتەدا**

**باشی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوا دەتوانن دۆخی خۆیان بەرەوپێشەوە ببەن؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە بەشار ئەل ئەسەد بە جۆرێك لە خۆبەڕێوەبەری کولتووری بە کوردی وڵاتەکە ڕازی بووە، بۆ نموونە فێرکردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا، کە ئەمە پێشتر ڕێپێدراو نەبوو، کەواتە هەندێ بەرەوپێشچوون ڕووی داوە، بەڵام پێم وایە خاڵی ناکۆکی ئەوە دەبێت کە کوردی ئەو وڵاتە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە هێزی چەکداری خۆیان هەبێت و، هێزی پۆلیسی تایبەت بە خۆیان هەبێت و، ئەرکی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆی خۆیان بێت لە باکووردا، بە چەشنێك کە سوپای سووریا نەچێتە ئەو ناوچانە و ئیرادە و ویستی خۆی نەسەپێنێت بەسەریاندا، پێم وایە لەم خاڵەدا ئەسەد ڕازی نابێت و ئامادە نابێت ئەم داواکارییە لەبەرچاو بگرێت و جێبەجێی بکات، هەروەها بەشار ئەسەد باوەڕی وایە ئەگەر بێت و ئارام بگرێت، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات کوردی ئەو وڵاتە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەست دەدەن، کەواتە دەتوانم بڵێم کورد هەندێ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە، بەڵام ئەم دەستڕۆیشتووییە بە ئاست و ئەندازەیەك نییە کە بتوانرێت سەرجەم خواست و ویستەکانی بەدی بهێنێت، کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین تا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بمێنێتەوە لەو وڵاتەدا، ئەوا ئەمە لە بەرژەوەندیی کوردی ئەو وڵاتەدا دەبێت.

*** ئێوە باسی ڕزگاربوونی دەسەڵاتی بەشار ئەل ئەسەد-تان کرد، کە ئاشکرایە یەکێك لەو وڵاتانەی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری هەبوو لەم ڕووەوە ئێرانە، کە لەم پێناوەدا خوێن و خەرجییەکی زۆریشی لە ئەستۆ گرت، بەڵام دوای ڕزگاربوونی دەسەڵاتەکە، بەشار و وڵاتانی وەك ڕووسیا و تورکیا توانیویانە جێ پێی خۆیان قایم بکەن لەو وڵاتەدا و درێژە بە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بدەن، ئایا پێت وایە ئەمە لێکدانەوە و شرۆڤەیەکی ڕاست و دروستی دۆخەکەیە لەو وڵاتەدا؟**

- لە ڕاستیدا من لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا نیم، لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ئێران و ڕووسیا لە هاوکاریدان لەگەڵ یەکدا (لە پەیوەندی بە سووریاوە) هەروەها ئەم دوو وڵاتە خاڵی هاوبەش، یان ئامانجی هاوبەشیان هەبووە، کە ئەوەش لە ڕزگاربوون، یان مانەوەی بەشار ئەل ئەسەد لە دەسەڵاتدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەوان لە ململانێدان لەگەڵ یەکتردا، یان بە واتای و دەربڕینێکی دیکە بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە لە پەیوەندی بە ئایندەی سووریا و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین بە شێوەیەکی گشتی هاوکارییەکی بەهێز هەیە لە نێوانیاندا، ئەویش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێویستیان بە یەکتری هەیە، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە ڕکابەرەکانی هەردوولا، وەك (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) خوازیاری ئەوەن ڕووسیا و ئێران بکەونە ململانێ و دژایەتیکردنی یەکتری، بەڵام پێم وانییە ئەم ستراتیژیەتە ئومێدێکی زۆر لەخۆ بگرێت.

*** بەڵام دەبینین ئێران، یان با بڵێین پێگە و فەرماندە سەربازییەکانی ئێران لە سووریادا بە بەردەوامی لەلایەن ئیسرائیلەوە دەکرێنە ئامانج، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- تا ئەم دەسەڵاتەی ئێستای ئێران لە ئارادا بێت، کە پێدەچێت لە پێگەیەکی بەهێزدا بێت، ئەوا سیاسەتی دەرەوەی خۆی لەسەر بنەما و بناغەی دژایەتیکردنی ئیسرائیل ڕێك خستووە و داڕشتووە، وا دەردەکەوێت کە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیلدا، بەڵام بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئێران بۆ ئیسرائیل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ نابێت، بەڵکو ئێران هەوڵ دەدات لە ڕێی دەستەبەرکردن و دابینکردنی مووشەکەوە بۆ حزبوڵای لوبنان و دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد، کارێك بکات کە بتوانێت سزای ئیسرائیل بدات، یان بڵێین بەرپەرچی بداتەوە، کەواتە ئەمە ئومێد و خواستی ئێرانە، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە مەسەلەکە بڕوانین، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئێران پاراستن و پارێزگاریکردن لە پێگەی خۆی لە لوبنان و سووریادا بە گرنگ و یەکلاکەرەوە دادەنێت، لەم ڕوانگەیەشەوە نابێت چاوەڕوانی

**کارێکی زۆر باش دەبوو ئەگەر بهاتایە و هاوشێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق، کوردی سووریاش پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی ئەو وڵاتەدا ڕێک بخستایەتەوە، کە کارێکی لەم چەشنە خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی سووریاش دەکرد**

**بەشار ئەسەد باوەڕی وایە ئەگەر بێت و ئارام بگرێت، ئەوا بە تێپەڕبوونی کات کوردی ئەو وڵاتە پشتیوانیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدەست دەدەن**

**کورد هەندێ کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی هەیە، بەڵام ئەم دەستڕۆیشتووییە بە ئاست و ئەندازەیەک نییە کە بتوانرێت سەرجەم خواست و ویستەکانی بەدی بهێنێت**

**ئێران هەوڵ دەدات لە ڕێی دەستەبەرکردن و دابینکردنی مووشەکەوە بۆ حزبوڵای لوبنان و دەسەڵاتەکەی بەشار ئەل ئەسەد، کارێک بکات کە بتوانێت سزای ئیسرائیل بدات**

ئەوە بکەین کە دەستەبەرداریان ببێت، چونکە ئێران ئەمە بە ڕێگا و ستراتیژیەتێك دەزانێت بۆ پارێزگاریکردن لە خۆی، لەبەر ئەوە هەروەك ئاماژەم پێ کرد، ناکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە ئێران دەست لەم پێگە گرنگانە هەڵبگرێت.

*** کەواتە ئەوەی دەتوانین لە وەڵامەکەی ئێوەوە تێی بگەین، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئەم هێرشانە بۆ سەر بوون و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە سووریادا بەردەوامە، ئەوا هێشتا ئێران لە پێگەیەکی بەهێزدایە؟**

- بەڵێ، لە ئێستادا دەتوانین بڵێین ئێران لە پێگەیەکی بەهێزدایە، چونکە ئەوەتا دەبینین پێگەی بەشار ئەل ئەسەد لە سووریادا بەهێزە، بە تایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە، هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بکەین کە کاریگەری و دەسترۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا زۆر بەهێزە، واتە سەرەڕای ئەوەی باس لەوە دەکرێت کە شیعەکانی عێراق هێندە ناکەونە ژێر کاریگەریی ئێرانەوە لەبەر ئەوەی هەستێکی ناسیۆنالیستییان هەیە، بەڵام واقیعەکە ئەوەیە کە شیعەی عێراق لە ژێر کاریگەریی ئێراندایە، چونکە شیعەی عێراق پێویستیان بە ئێرانە و لە ئایندەش پێویستیان پێی دەبێت، کەواتە بە چەشنی لوبنان و سووریا، ئێران لە عێراقیشدا دەسترۆیشتووییەکی بەهێزی هەیە، هەرچەندە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بارگرژییەك دروست ببێت لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەم سێ وڵاتەدا، کە ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئەم وڵاتانە نییە، چونکە ئەوەتا بەردەوام ئیسرائیل بۆردومانی پێگەکانی ئێران دەکات لە نێو وڵاتی سووریادا، کە ئەمەش دۆخێکی نالەبار و دژواری خوڵقاندووە و، ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئەو وڵاتەدا نییە، چونکە کەوتوونەتە بەر بەرداشی ئەم دوو هێزە گەورەیە، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ درێژەکێشانی هەژاری و بارودۆخی نالەبار و ناهەمواری ناوچەکە.

**ئێران پاراستن و پارێزگاریکردن لە پێگەی خۆی لە لوبنان و سووریادا بە گرنگ و یەکلاکەرەوە دادەنێت، لەم ڕوانگەیەشەوە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە دەستەبەرداریان ببێت**




حزبوڵا پێگەی بەهێزتر دەبێت لە نێو وڵاتی لوبناندا، چونکە دەبێت ئەوە بزانین کە کاتێك لوبنان زیاتر و زیاتر بەرەو هەژاری و داڕووخانی ئابووری بچێت، ئەوا پێکهاتەی سوننە و مەسیحییەکان پتر دەستبەرداری دەسەڵات دەبن، چونکە نابێت ئێمە ئەوەمان لە یاد بچێت کە کاریگەری و لێکەوتە و دەرهاویشتەکانی قەیرانی بانك و دارمانی ئابووریی ئەو وڵاتە زیاتر لەسەر ئەم دوو پێکهاتەیە ڕەنگ دەداتەوە (سوننەکان و مەسیحییەکان)، بە واتای ئەوەی دەسەڵاتی ئەم دوو پێکهاتەیە زیاتر لاواز دەبێت بەراورد بە حزبوڵا، کەواتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە ئێستا پێگەی حزبوڵا لە لوبناندا بەهێزە،

**دەبێت ئەوە بزانین کە کاتێک لوبنان زیاتر و زیاتر بەرەو هەژاری و داڕووخانی ئابووری بچێت، ئەوا پێکهاتەی سوننە و مەسیحییەکان پتر دەستبەرداری دەسەڵات دەبن**

دیمانەی تایبەت

## ویلیەم وۆلفۆرس

پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە کۆلێژی دارتمۆس بۆ گوڵان:

# بڕیاری شەڕ لەلایەن ڕووسیاوە هەڵەیەکی ستراتیژی بوو

ویلیەم وۆلفۆرس پرۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە کۆلێژی دارتمۆس، شارەزا و تایبەتمەند و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئاسایشی جیهانی، سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.



*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانیت و ئایا ئامانجی بنەڕەتیی ڕووسیا لەم شەڕەدا چی بووە و دەرئەنجام و لێکەوتەکانی چی دەبن؟**

- ئەوە پرسیارێکی گەورەیە، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە من پێم وایە دەبێت ئێمە لە خواستە بنەڕەتی و گشتییەکەی سەرۆکی ڕووسیاوە (ڤلادمیر پوتین) لەم پرسە بڕوانین، مەبەستم ئەوەیە ئەمە هەوڵێکە لە چوارچێوەی کۆششێکی گەورەتردا بۆ دووبارە باشترکردن و برەودان بە پێگەی ڕووسیا لە نێو ئەورووپا و لە نێو تێکڕای سیستمە نێودەوڵەتییەکەدا، بەڵام ئاشکرایە بە هەموو پێوەرێك شەڕەکە بەو شێوەیە بەڕێوە نەچوو کە ڕووسیا پلانی بۆ دانابوو، ئێستاش هەوڵەکانی ڕووسیا چڕ بووەتەوە لەوەی جۆرێك لە سەرکەوتن بۆ خۆی وێنا بکات، یان دایبتاشێت، لە بارودۆخێکدا کە بە ئاشکرا وا دەردەکەوێت دوچاری شکست هاتووە.

*** کەواتە باوەڕت وایە سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین لە بڕیارەکەیدا بۆ داگیرکردنی ئۆکرانیا دوچاری هەڵەی حیسابات و پێشبینیکردن بووە و، بگرە ئەم بڕیارە و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی شەڕەکەش پێمان دەڵێت کە نەك هەر تەنیا ئامانجەکانی خۆی نەپێکاوە، بەڵکو دەرئەنجامی نەخوازرا و پێچەوانەی بۆ ڕووسیا لێ کەوتووەتەوە؟**

- بەڵێ، هەموو پێوەر و ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە بارودۆخەکە بەو شێوەیە کە ئێوەش لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کردووە، من هیچ شرۆڤەکارێکی ورد ناناسم کە پێشبینی ئەوەی کردبێت ڕووسیا و سەرۆکی ئەو وڵاتە چاوەڕوانی ئەوەیان کردبێت کە دوچاری بوونەوە

لە ئۆکرانیادا، هەموو ئەوانەی من دەیانناسم و دیراسەت و لێکۆڵینەوەیان لە بارەی کاروبارەکانی ڕووسیا و ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەو وڵاتەوە کردبێت، هاوڕا بوون لەسەر ئەوەی کە ڕووسیا پێشبینی ئەوەی دەکرد کە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەی تێچوونێکی کەم لە خۆدەگرێت و تا ڕاددەیەکی خێرا دەبێت و تا ڕاددەیەك بە ئاسانی گۆڕانی دەسەڵات و حکومەتی کییڤ-ی لێ دەکەوێتەوە، کە ئاشکرایە ئەمە ڕووی نەدا، بەڵکو شەڕێکی قورس و خوێناوی بەرپا بووە و ئێستاش هەوڵەکانی ڕووسیا بە ئاراستەی ئەوەیە کە جۆرێك لە دەستکەوتی سیاسی لێ بەدەست بهێنێت.

**بە هەموو پێوەرێک شەڕەکە بەو شێوەیە بەڕێوە نەچوو کە ڕووسیا پلانی بۆ دانابوو**

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باستان لەوە کرد کە دەبێت ئەم شەڕە لە چوارچێوەی**



**هەوڵەکانی ڕووسیادا بۆ بەهێزکردنەوەی پێگەی خۆی لێك بدەینەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێگەی ڕووسیا بەرەو لاوازی دەچێت، یان بەهێزبوون، ئەویش لەبەرچاوگرتنی ئەوەی شەڕەکە بەو شێوەیە پەرەی نەسەند کە ڕووسیا پێشبینی دەکرد؟**

- گومانی تێدا نییە کە لە ئێستادا و لەسەر بنەمای ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شەڕەکە، ئەوا پێشهاتەکان پێمان دەڵێن کە پێگەی ڕووسیا بەرەو لاوازی دەچێت، چونکە دەبێت ئەوەمان لە یاد بێت کە بانگەشەی ڕووسیا بەوەی پێگەی هێزێکی مەزنی هەیە لە بەشێکیدا بەند بوو بە هێزە سەربازییەکەیەوە، لە کاتێکدا هێشتا هێزێکی گەورەی سەربازی هەیە و دووەمین وڵاتی بەهێزە لە ڕووی بوونی چەکی ناوکییەوە، بەڵام ناکرێت ئەو دەرئەنجامەش لەبەرچاو نەگرین کە هێزی سەربازی تەقلیدیی ڕووسیا لەوە لاوازتر بوو کە پێشبینیمان دەکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێگەی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەراورد بەو پێگەیەی کە لە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکەوە هەیبوو.

**هەوڵەکانی ڕووسیا چڕ بووەتەوە لەوەی جۆرێک لە سەرکەوتن بۆ خۆی وێنا بکات، یان دایبتاشێت، لە بارودۆخێکدا کە بە ئاشکرا وا دەردەکەوێت دوچاری شکست هاتووە**

*** ئایا دەکرا ئەم شەڕە ڕووی نەدایە؟ مەبەستمان ئەوەیە هەندێ لە شرۆڤەکاران باس لەوە دەکەن کە دەکرا هەندێ هەنگاو هەڵبگیرایە کە ڕەنگە ڕێگر بوونایە لە ڕوودانی ئەم شەڕە، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەو نائومێدبوونەی کە نوخبەی ڕووسیا، یان خودی سەرۆکی ئەو وڵاتە ڤلادمیر پوتین هەستیان پێ کرد لە ئاست ڕۆژئاوادا کە ئامادە نەبوون پێگەیەکی باشتر و بەهێزتر بە ڕووسیا بدەین لە پەیوەندی بە بونیادی ئەمنیی ئەورووپاوە، مایەی تێگەیشتنە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە بڕیارەکەی بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە- وەك کاردانەوەیەك بۆ نائومێدبوونەکەی- هەڵەیەکی ستراتیژی بوو، دەرئەنجامەکەش ئێستا هەڵکشانی توندوتیژی و هەڵکشان و بەرفراوانبوونی زیاتری بۆردومانەکانە وەك هەوڵێك بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا، هەموو ئەوانەش مایەی کارەساتێکی مرۆیین کە زیان بە خودی ڕووسیا دەگەیەنن، ئەگەرچی زیان و خەسارەتی گەورە بەر گەلی ئۆکرانیا دەکەوێت، بەڵام ئەم دۆخە زیان بە ناوبانگی ڕووسیاش دەگەیەنێت.

*** ئاشکرایە کە ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جگە لەوەی هاوکاریی سەربازییان بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا چەندین سزای ئابووری و دارایی بەربڵاو و قورسیان بە سەر ڕووسیادا سەپاندووە، ئێوە چۆن لە کاریگەری و کارایی ئەم سزایانە دەڕوانن؟**

- تا ئێستا ئەم سزایانە- سەرباری بەربڵاوی و گەورەییان- نەبوونەتە هۆی ئەوەی ڕووسیا ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ڕابگرێت، ئەمەش شتێکی پێشبینی کراوە، چونکە سرووشتی سزاکان بە چەشنێکە کە کاریگەرییەکانی بە خێرایی دەرناکەون. بەڵام گومان هەڵناگرێت

کە لە مەودای دووردا ئەم سزایانە کاریگەرییان لەسەر ڕووسیا و لەسەر ئابووریی ئەو وڵاتە دەبێت. بەڵام بەکارهێنان و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی سزاکان لەلایەن ڕۆژئاواوە دژی ڕووسیا قابیلی تێگەیشتنە، بە تایبەتی کە ڕۆژئاوا دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆی نییە لەم شەڕەدا، کە لە ڕاستیدا نابێت دەستێوەردانێکی ڕاستەوخۆشی تێدا بکات، پەیامی سزاکانیش ئەوەیە کە هەر وڵاتێك کارێك بکات بە چەشنی ئەوەی لە ئێستادا ڕووسیا- بە سەرۆکایەتیی پوتین- دەیکات لە دژی ئۆکرانیا، ئەوا دەبێت باجەکەی بدات.

*** بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی شەڕەکە لە ئێستادا کە ڕوونە ڕووسیا نەیتوانیوە سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئۆکرانیاش دوچاری زیان و وێرانکارییەکی زۆر بووەتەوە، ئایا پێت وایە شەڕەکە درێژە دەکێشێت، یان دەکرێت لە ڕێی گفتوگۆوە کۆتایی پێ بهێندرێت؟**

- من نازانم بە دیاریکراوی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی شەڕەکە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە شەڕەکە بووەتە هۆی ئەوەی هەر دوولا سەختگیرتر بن لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ یەکدیدا، بە تایبەتی کە حکومەتی ئۆکرانیا جۆرێك لە بۆچوونی بۆ دروست بووە، بەوەی ڕەنگە بتوانێت سەرکەوتوو بێت لە شەڕەکەیدا لەگەڵ ڕووسیا، ڕووسیاش لەلای خۆیەوە- هەرچەندە ئەمە تەنیا مەزەندەکردنە- ڕەنگە پێی وابێت دەتوانێت هێزەکانی ئۆکرانیا لە بەشی ڕۆژهەڵاتدا تێك بشکێنێت و لۆهانسك و دۆنێتسك لە ئۆکرانیا دابڕێت و جیای بکاتەوە. ئەگەر ئەمە وا بێت، ئەوا زەحمەتە حکومەتی ئۆکرانیا ڕازی بێت بە ڕێککەوتنێکی ئاشتیی لەوجۆرە کە لەدەستدانی بەشێکی گەورەی خاکەکەی لێ بکەوێتەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ پرسیارەکەتان ئەوا پێ دەچێت شەڕەکە درێژە بکێشێت، ئەگەرچی من هیوادارام ئەمە حاڵەتەکە نەبێت، بەڵام ئاماژەیان پێمان دەڵێن دۆخەکە بە ئاراستەی بەردەوامبوونی شەڕەکەدا دەڕوات.

*** چۆن لە ڕۆڵی چین دەڕوانیت؟ ئایا پێت وایە دەتوانێت ڕۆڵێکی بنیاتنەر و ئەرێنی ببینێت بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و گرتنەبەری ڕێگای گفتوگۆ، یان لە کۆتاییدا بڕیاری ئەوە دەدات کە پشتیوانی لە ڕووسیا بکات؟**

- من خوازیاری ئەوە بووم چین ڕۆڵێکی چالاکی هەبووایە لەم ڕووەوە- بەرەو هێورکردنەوەی دۆخەکە، یان شەڕەکە-، بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە چین نایەوێت لەسەر ئاستی ستراتیژی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا کۆتایی پێ بهێنێت و بیچڕێنێت لەم دۆخەکە خراپەکەدا کە ڕووسیا پێیدا تێدەپەڕێت، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانیش ئامادە نییە پاڵپشتییەکی تەواوی ڕووسیا بکات، کەواتە چین ڕۆڵێکی تەمومژاوی هەیە. بە گوێرەی لێکدانەوەی زۆربەی شرۆڤەکاران چین شەراکەتی ستراتیژیی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا کۆتایی پێ ناهێنێت بە هۆی ئەم شەڕەوە. ئەگەر چین بە تەواوەتی پشتیوانیی ئۆکرانیا، یان ڕۆژئاوا بکات لە دژی ڕووسیا، ئەوا ئەمە بە مانای کۆتاییهاتنی هاوبەشییەکەیەتی لەگەڵ ڕووسیا و من پێم وانییە چین هەنگاوێکی لەم چەشنە هەڵبگرێت.

*** ئایا پێت وایە ئەم شەڕە هیچ کاریگەرییەکی هەبێت لەسەر پێگە و دەستڕۆیشتوویی ڕووسیا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی کە ئاشکرایە ڕووسیا دەستتێوەردانی سەربازی کردووە لەم ناوچەیەدا، بە تایبەتی لە سووریا؟**

- ئەوە ڕاستە کە ڕووسیا توانیویەتی پەرە بە پێگەی خۆی بدات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە تایبەتی بە هۆی پاڵپشتیکردن، یان ڕۆڵی لە مانەوەی بەشار ئەل ئەسەد لە دەسەڵاتدا لە سووریا، هەروەها ڕووسیا پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ ئیسرائیل و پەیوەندیی باشی هەبوو لەگەڵ تورکیا، کە بۆی هەیە ئەم دەستڕۆیشتووییە دوچاری جۆرێك لە پاشەکشە ببێتەوە، بە تایبەتی کە ئەم شەڕە بارگرژی لە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و ئیسرائیل، هەروەها لە پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیاش دروست دەکات. کەواتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە کە بۆی هەیە ئەم شەڕە ببێتە هۆی لاوازبوونی ئەو پێگەیەی پێشتر ڕووسیا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەدەستی هێنابوو.

**هێزی سەربازی تەقلیدیی ڕووسیا لەوە لاوازتر بوو کە پێشبینیمان دەکرد، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە پێگەی ڕووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەراورد بەو پێگەیەی کە لە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکەوە هەیبوو**

**زەحمەتە حکومەتی ئۆکرانیا ڕازی بێت بە ڕێککەوتنێکی ئاشتیی لەوجۆرە کە لەدەستدانی بەشێکی گەورەی خاکەکەی لێ بکەوێتەوە**

**چین نایەوێت لەسەر ئاستی ستراتیژی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ڕووسیادا کۆتایی پێ بهێنێت و بیچڕێنێت لەم دۆخەکە خراپەکەدا کە ڕووسیا پێیدا تێدەپەڕێت**

# خێر و پاداشتی کابانی ماڵ لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان مانگی خێرو بەرەکەتە مانگی عیبادەت و چاکەیە، مانگی هاوکاری و بەهاناوەهاتنە، مانگی بەخشین و لێبوردەییە، لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا پاداشت و خێر چەندان قات دەبێتەوە، خێزان و ئافرەتەکانیشمان لە ماڵەوە سەرقاڵی پاککردنەوەی ناوماڵ و جلشۆردن و ئامادەکردنی خواردن و سفرەی بەربانگ و خزمەت کردنی ئەندامانی خێزانن (دایك و باوك وهاوسەر و خوشك و براو منداڵ و ...هتد).

کە پیاو لە دەرەوە کاردەکات و پارووی حەڵاڵ بۆ خێزان و منداڵەکانی پەیدا دەکات ماندووبوونی بە عیبادەت حیساب دەکرێت، کەواتە ئافرەتەکانیشمان بەهەمان شێوە ماندوو بوونی ماڵەوەیان بە عیبادەت بۆ حساب دەکرێت، خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێ : «أَنِّي لَا أُضِيعُ عَمَلَ عَامِلٍ مِّنكُم مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ» آل عمران: ١٩٥، واتە: ئێمە هیچ کارو کردەوەیەکی ئێوەمان لە پیاو و ئافرەتان لا بە زایەع ناچێت.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) لە وەڵامدانەوەی ئافرەتان دەفەرموێت: رويَ عن رسول الله (صلّي الله عليه وآله): «مِهْنَةُ إِحْدَاكُنَّ فِي بَيْتِهَا تُدْرِكُ بِهَا عَمَلَ الْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ»(٢).

کارو پیشەکانی یەکێك لە ئێوە (ئافرەتان) کە لە ماڵدا ئەنجامی دەدەن، ئەوە دەلالەتە لەسەر جیهادکردن لە پێناوی خودای گەورە، کەواتە کارکردنی ئافرەتان لە ماڵەوە بۆ ئەوان، جیهادە.

قال الإمام علي (عليه السلام): «جِهادُ المرأة حُسنُ التبعُّل»، پێشەوا علی (خودای لێ ڕازی بێ) دەفەرموێت : جیهادی ئافرەتان، چاکی و زیاتر خزمەتکردنە لە ماڵەوە.

یقول النبي ﷺ في الحديث الصحيح في غزوة تبوك: «إن في المدينة أقواماً ما سرتم مسيراً ولا قطعتم وادياً إلا وهم معكم حبسهم العذر، قالوا يا رسول الله! وهم في المدينة؟ قال: وهم في المدينة»، لەکاتی چوونی هاوەڵان بۆ جیهادی (تەبوك) پێغەمبەر (د.خ) فەرمووی خەڵکانێك هەن لەگەڵتاندا، نەهاتوونەتە دەرەوە و دۆڵێکیان لەگەڵ ئێوە نەبڕیوە، وەکو ئەوە وایە کە لەگەڵ ئێوە بۆ جیهاد هاتبێتن و، لەبەر عوزرێك نەیان توانیوە بەشداربن لە جیهاد.

هەروەها پێغەمبەری سەروەر (د.خ) دەفەرموێت: هەرئافرەتێك وەفات بکات و پیاوەکەی (مێردی) لێی ڕازی بێت، ئەوئافرەتە دەڕواتە بەهەشت، لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: هەرپیاوێك پاروە نانێك بۆ خێزان و منداڵەکانی بە حەڵاڵی پەیدا بکات، ئەجر و پاداشتی هەیە و، ئەگەر پاروەکە هەڵبگرێت و بیخاتە دەم خێزانەکەی، ئەوەش خێر و سەدەقەیە، کەواتە هەر ئافرەتێك خواردن بۆ پیاو و منداڵەکانی ئامادە بکات خێر و سەدەقەیەو، بەربانگیان بۆ ئامادە بکات ئەوە دەبێتە شەریکی خێری ئەو ڕۆژەی ئەوان، بێ ئەوەی لە چاکەی ئەوان کەم بکاتەوە، زۆر گرنگە ئافرەتانی ئێمە هەر کارێك کە ئەنجام دەدەن، بە نییەتی خێر و عیبادەت ئەنجامی بدەن، بۆیە نییەت کرنگە.

قال النبيّ -صلّى الله عليه وسلّم: «مَنْ فَطَّرَ صائمًا، كان له مِثْلُ أجْرِهِ، غَيْرَ أنَّهُ لاَ يُنْقَصُ مِنْ أجْرِ الصَّائِمِ شَيْءٌ» واتە: هەرکەسێك بەربانگ ئامادە بکات و بیدات بە کەسێکی بە ڕۆژوو، ئەوە خێرو پاداشتی تەواوی کەسە بەڕۆژوەکەی دەگاتێ و هیج لە هی ڕۆژووەوانەکەش کەم ناکات، کەواتە کاتێك کابانی



**مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**

ماڵەوە سەرقاڵی خزمەتکردنی ماڵەوەیەو کاتی نییە قورئانی زیاتر بخوێنێت، یان نوێژە سوننەتەکان بکات، یانیش زیکر و سەڵاواتی لێبدات، بەڵام کە بەربانگ بۆ پیاوەکەی، یان ئەندامانی خێزانی ئامادە دەکات و ئەوانیش ڕۆژوویان دەشکێنن، ئەوە کابان شەریك و بەشداری کارە چاکەکانی ئەوانە، ئەمەش نیعمەتێکی گەورەیە بۆکابانەکانمان.

فقالَ رسولُ اللّه ﷺ: «إنَّ الصَّائمَ تُصلِّي عَلَيْه المَلائكَةُ إذا أُكِلَ عِنْدَهُ حتَّى يَفْرَغُوا» وَرُبَّما قَالَ: (حَتَّى يَشْبَعُوا) رواهُ الترمذيُّ، واتە: کاتێك کەسێکی بەڕۆژوو لەلات بەربانگ دەکاتەوە، ئەوە فریشتەکان سەڵاواتتان لەسەر لێدەدەن تا کەسەکە لە نانخواردن لێدەبێتەوە، یان تا تێر دەخوات، یەعنی تا کەسی بەڕۆژوو لەسەر سفرەبێت، فریشتەکان سەڵاوات لەسەر ئەو مەجلیسە لێدەدەن، کەئەمەش دیسان گەورەیییەکەی بەر کابانی ماڵ دەکەوێت.

ان النبي ﷺ قال: «أَفْطَرَ عِنْدَكُمُ الصَّائِمُونَ؛ وَأَكَلَ طَعَامَكُمُ الأَبْرَارُ، وَصَلَّتْ عَلَيْكُمُ المَلائِكَةُ» واتە : هەرکاتێك پێغەمبەر (د.خ) لە هەر ماڵێك نانی بخواردایە، ئەم دوعایەی بۆ خاوەن ماڵ و کابان دەکرد و، دەیفەرموو: کەسانی بەڕۆژوو فتارتان لابکەنەوە و کەسانی باش وچاکیش نانتان بخۆن و فریشتەکانیش سەلاواتان لەسەر لێبدەن.

جا لە پاداشتی پێدانی خواردنێك بەکەسێکی بە ڕۆژوو، جاری وا هەیە دەنکە خورمایەك، یان پەرداخە ئاوێك دەبێتە شەریکی خێری کەسی بە ڕۆژوو، ئەی ئەگەر نانی زۆری بۆ ئامادە بکات دەبێ خێرو پاداشتی چەند بێت؟.

ئەو ئافرەتانەی لە مانگی ڕەمەزاندا نەخۆشن، یان بێتاقەتن، یان حەملیان هەیە، یانیش منداڵی شیرە خۆرەیان هەیە، یان کە دەکەونە سووڕی مانگانەوە و ناتوانن بەڕۆژوو بن، ئەوە لای خودای گەورە عوزرەکەیانی قەبووڵە و، دواتر دەیگرنەوە، یان فیدیەی دەدەن، جگە لە سووڕی مانگانە، دەتوانن نوێژەکانیان بکەن لە تەراویح و بێبەش نەبن، دەتوانن قورئان بخوێنن و زیکر و تەسبیحات ئەنجام بدەن.

لێرەدا دەمەوێت چەند بابەتێکی فیقهیی تایبەت بە ئافرەتان بخەمە ڕوو:

١- ئەو ئافرەتانەی حەملیان هەیە، یان منداڵی شیرە خۆرەیان هەیە و، بەو هۆیەوە بێهێزو بێتاقەت دەبین و ناتوانن بەڕۆژوو بن و ڕۆژوو دەشکێنین، ئەوە تەنیا قەزای دەکاتەوە، یەعنی کەینێ توانی تەنیا ڕۆژووەکانی دەگرێتەوە.

٢- ئەو ئافرەتانەی دووگیانن (حمل ) یان منداڵی شیرە خۆرە هەیە، ئەگەر بۆ خۆیان کێشەیان نییە لە ڕۆژوو گرتن و بێ هێز نابن، بەڵام منداڵەکەی ناو سکی بێهێز دەبێت، یان شیری بۆ منداڵەکەی کەم دەکات، ئینجا لەبەر خاتری منداڵەکەی ناوسکی، یان شیرەخۆرەکە بێت ڕۆژووەکەی دەشکێنێت، ئەوە لە داهاتوودا دەبێ ڕۆژووەکانی بگرێتەوە و فیدیەش بدات، لەبەر ئەوەی لەبەر خاتری نەفرێکی دیکە ڕۆژووی شکاندووە.

٣- لە ئافرەتان، یان پیاواندا کە نەخۆشیی درێژ خایەنیان هەیە، یان لەبەر تەمەنی زۆر ناتوانن بەڕۆژوو بن، ئەوە تەنیا فیدیە دەدەن و، دەتوانن لە عیبادەتەکانی دیکە خۆیان بێبەش نەکەن.

دیسان دوپاتی دەکەمەوە ئەوکابانەی بە زوبانی بەڕۆژووەوە خواردن بۆ نەخۆشەکانی ئامادە دەکات، پاداشتی دووقات دەبێت.

# ئەنفال برینێکی سارێژ نەبوو له دیرۆکی کورددا

تاوانەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس بەرامبەر بە کوردان، هەموو سنوورەکانی بەزاند، لە سەرکوتکردنی تاك و ڕووخاندنی گوندەکان و ڕاگواستنەوەی زۆرەملێ هەتا کۆمەڵکوژی و جینۆساید و کیمیاباران، لە هیچ تاوانێك درێخییان نەکرد. تاوانی ئەنفال لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ بە ٨ قۆناغی جیاواز و لە شەش ناوچەی جیاوازی کوردستان دەستی پێ کرد، قۆناغی یەکەمی لە ٢/٢٣ تا ١٩٨٨/٣/١٨ بۆ سەر ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی، قۆناغی دووەم لە ٣/٢٢ تا ١٩٨٨/٤/١ بۆ سەر ناوچەی قەرەداغ، قۆناغی سێیەم لە ٤/٧ تا ١٩٨٨/٤/٢٠ بۆ سەر ناوچەی گەرمیان، قۆناغی چوارەمیش لە ٥/٣ تا ١٩٨٨/٥/١٥ بۆ سەر ناوچەی قەڵاسێوکە و دۆڵی زێی بچووك، قۆناغی ٥ و ٦ و ٧ لە ٥/١٥ تا ١٩٨٨/٨/٢٦ بۆ سەر ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕواندز، قۆناغی هەشتەم و کۆتایی، لە ٨/٢٦/ تا ٩/٦/ ١٩٨٨ بۆ سەر ناوچەی بادینان و سەرجەم ئەو قۆناغانەیش پاش ڕووخانی هەموو گوندەکانی کوردستان لە بەرواری ٦ی ئەیلوولی ١٩٨٨ بە فەرمی کۆتایی هات، کە جگە لە خاپوورکردنی ٥ هەزار گوند، ١٨٢ هەزار کوردی بێ سەروشوێن کرد. ئەو ئەنفالە بەدناوە لە ئاستی جیهاندا لە قاو درا و هەر یەك لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی ١٤ی نیسانی ٢٠٠٨ ئەنفالیان وەك جینۆساید ناساند، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە لەو ڕۆژەدا زۆرترین کورد بێسەروشوێن کران، کە نزیکەی ٢٠ هەزار کەس بوون لە هەر دوو گوندی ملەسوورە و کوڵەجۆی حاجی حەمەخانی گەرمیان. چەند شاهید حاڵ و کەسوکاری ئەنفالکراوان لەم بەدواداچوونەی گۆڤاری گوڵاندا پەردە لە سەر تاوانەکانی کوردکوژان هەڵدەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«کاتێك ئەمری دەستگیرکردن هاتە ناوچەکەمان، من لە ژوورەوە خەریکی دەرس خوێندن بووم و خۆم بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ئامادە دەکرد، کە پۆلی سێی ناوەندی بووم، شوێنی ڕاکردن و خۆحەشاردان نەبوو، کەسیش نەیدەزانی ئەمنەکانی بەعس نیازیان چییە، کاتێکم زانی هاتنە ژوورەوە و ئیتر من و دایك و باوکم بەر ئەو شاڵاوە کەوتین، خۆشبەختانە خوشك و براکانم لەماڵەوە نەبوون، ئێمەیان بردە دەرەوەی ماڵ، دواتر تەواوی ژن و پیاویان لە دوو ڕیزی جیادا ڕێکخست و یەك بە یەك بە جیا سواری پاسەکانیان کردین».

ئەوە قسەی سەلوا محەمەد بوو. سەلوا و ژمارەیەك لە خانەوادەکەی وەك خێزانێکی گەرمیانی لە ١٩٨٨/٤/١٤ ئەنفال کران. خۆیشی تاوەکو ٩/٢٠ی هەمان ساڵ لە گرتووخانەی (نوگرەسەلمان) زیندانی بووە، دواتر بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە، وەك خۆی باسی کرد، ئەو کات تەمەنی ١٦ ساڵان بووە. سەلوا وردەکارییەکانی چۆنیەتی گواستنەوەیان بەم جۆرە باس دەکات: «ئەمنێکی کڵاو سوور دەمانچەیەکی بە دەستەوە بوو، سەرپەرشتیی پاسەکەی ئێمەی دەکرد، لە پێشەوەی پاسەکان نووسرا بوو (وەزارەتی نەوت)، بۆ ئەوەی هەر کەسێ ئێمە لەو پاسەدا ببینێ، وا بزانێ سەر بە وەزارەتی نەوتین. پاسەکان کەوتنەڕێ، بەرەو ڕێگەی کەرکووك لە تۆبزاوە لایان دا و ناویان نووسین، کچ و کوڕەکانیان لە دایك و باوکان جیا کردەوە، بەشێکیان هێشتنەوە، بەشەکەی تریش سواری ئۆتۆمبێلەکان کراین، کە نزیکەی ٢٠ ئۆتۆمبیل دەبوو، بە درێژایی ئەو شەوە بە بەردەوامی بە ڕێگەوە بووین، سەعات (٩)ی بەیانی گەیشتینە شوێنێك کە پارچە ئاسنێك لە قەراغ شەقامەکە چەقێنرابوو، لە سەری نووسرا بوو (حدود بلدیة السعودیة - ناحیە سلمان)، ئۆتۆمبێلەکان هەر دەڕۆیشتن، لە دوورەوە قەڵایەکی گەورەمان بینی، لە هەر چوار لاوە پاسەوان و چاودێری هەبوو، لە دەرگای گەراجێکی تەلبەندکراو ئێمەیان بردە ژوورەوەی بەندیخانەکە، کە دواتر زانیمان ئەو شوێنە ناوی (نوگرەسەلمان)ـە. ئەو عەرەبە دڕندانەی ناو نوگرەسەلمان لە هیچ تاوانێك سڵیان نەدەکردەوە، ئەو شوێنەیان کردبوو بە دۆزەخێك بۆ کوشتنی پیر و گەنجی کورد و ئەتکردنی کچان، لە نوگرەسەلمان هەموو ڕۆژێك ڕیزیان دەکردین، جەللادێکیان بە کێبڵ لە خەڵکەکەی دەدا (بە پیاو و ئافرەتەوە)، ئەم زیندانە دوو نهۆم بوو، بریتی بوو لە ٣٢ هۆڵ، بە شێوەی چوارگۆشەی بەرامبەر بە یەك بوون، گۆڕەپانێکی گەورە لە ناوەڕاستیدا بوو، دەیان کۆڵەکەی ئاسن دانرابوون بۆ هەڵواسین و ئەشکەنجەدانی زیندانییەکان، پیاو و ژنی پیر شەو تا بەیانی بۆ کچ و کوڕەکانیان دەگریان کە لە تۆپزاوە جیا کرابوونەوە و کەس هیچی لە بارەوە نەدەزانین. شەوان چەند کەسێك دووپشك پێوەی دەدان و دەیکوشتن، لەو کاتانەدا نەخۆشی کولێرا لە ناو منداڵان و پیرەکان بڵاو بووەوە، منداڵەکان هەندێکیان کۆرپە بوون. ژمارەیەك لە منداڵان لە زیندان لەدایکبوون، لەبەر ئەوەی دایکی ئەو منداڵانە هیچ خواردنێکی وایان نەبوو، بیخۆن، مەمکیان وشك ببوو، ئەو کۆرپە و منداڵانەش بەدەم برسێتی و ئازاری نەخۆشییەوە گیانیان دەسپاردو لە دەرەوەی زیندان تەرمەکانیان لە چاڵێکی لمی نیو مەتری دەشاردەوە، شەو سەگەکان تەرمەکانیان دەردەهێنا و دەیانخواردن، لەو دۆزەخەدا هەموو تاوانێك دەکرا، ناوبەناو جەللادێك دەهات، یەکێك لە پیاوەکانی دەبردە دەرەوە تێروپڕیان لێ دەدا و دەیانهێنایەوە شوێنەکەی خۆی، نیوە گیانیان دەکرد، زۆر جار هەر بە هۆی ئەو لێدانەوە دەمردن، بەرپرسی

**خۆم بۆ تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ئامادە دەکرد، کە پۆلی سێی ناوەندی بووم، شوێنی ڕاکردن و خۆحەشاردان نەبوو، کەسیش نەیدەزانی ئەمنەکانی بەعس نیازیان چییە**

**ئەمنێکی کڵاو سوور دەمانچەیەکی بە دەستەوە بوو، سەرپەرشتیی پاسەکەی ئێمەی دەکرد، لە پێشەوەی پاسەکان نووسرا بوو (وەزارەتی نەوت)، بۆ ئەوەی هەر کەسێ ئێمە لەو پاسەدا ببینێ، وا بزانێ سەر بە وەزارەتی نەوتین**



**بەرپرسی زیندانەکە ناوی حەجاج بوو، پیاوێکی باڵابەرزی چاوڕەش و ترسناک بوو، سۆپەرێکی سووری هەبوو، ئەو جەللادە چێژی لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئیهانەکردنی زیندانییەکان دەبینی**

زیندانەکە ناوی حەجاج بوو، پیاوێکی باڵابەرزی چاوڕەش و ترسناک بوو، سۆپەرێکی سووری هەبوو، ئەو جەللادە چێژی لە کوشتن و ئەشکەنجەدان و ئیهانەکردنی زیندانییەکان دەبینی، سەلوا محەمەد بە هەنیسکی گریانەوەی کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت و دەڵێت: «ئەگەرچی لە کۆتاییدا بەر لێبووردنی گشتی کەوتین و ڕزگارمان بوو. بەڵام هەزار بریا ئێمەشیان دەکوشت و ئەم هەموو تاوان و کوشتنەمان بە چاوی خۆمان نەدەبینی».

سەبارەت بە هەمان کارەسات ئیبراهیم مەندەلاوی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەڵێت: «لە تاریکیی شەوی ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٨٠دا دارودەستە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ لە شارەکانی عێراق بە سەر ماڵی کوردانی فەیلییان دا و بە بێ دەرفەتدان گەنجەکانیان لە خانەوادەکەیان جیا کردەوە و گەورە و منداڵەکان سواری پشتی هینۆ کران و لە نزیک سنوورەکانی ئێران فڕێ



دران. ئەو تاوانانە تا ساڵی ١٩٩٠ درێژەی کێشا، دەرئەنجامەکەشی شوێنبزرکردنی زیاتر لە ١٢ هەزار لاوی کوردی فەیلی و دوورخستنەوەی زۆرەملێیی زیاتر لە ٦٠٠ هەزار تاکی فەیلی بوو، سەرباری زەوتکردنی ماڵ و موڵك و سامانیان، ئەوەی سەیر بوو، ئەوە بوو کە ڕژێمی بەعس بڕیارێکی دەرکرد بەوەی ((ئەوەی ژنی لە کوردانی فەیلی بێت، نابێت لە ڕیزی سەربازی بمێنێت، و ئەوەی تەڵاقی بدات بە بڕێك پارەیەك پاداشت دەکرێت.))، ئەوە جگە لە ناچارکردنی زۆر کوردی فەیلی بە گۆڕینی نەتەوەیان. ئەوەی بە سەر کوردی فەیلی هاتووە، بە سەر هیچ

**هەزار بریا ئێمەشیان دەکوشت و ئەم هەموو تاوان و کوشتنەمان بە چاوی خۆمان نەدەبینی**

چین و توێژێکی تر نەهاتووە لە عێراقدا، چونکە ئەوان نەك تەنیا لەناو بران، بەڵکو شوناسیشیان لە عێراق گەیشتە ڕێژەی نەمان و لەناوچوون. زۆر چین و توێژ کارەساتی لە دژ کراوە، بەڵام ئەمڕۆ هەن، کەچی فەیلییەکان نزیکن لە نەمان.

بەداخەوە سەرەڕای گشت ئەو زوڵم و زۆرداری و تاوانەی دەرحەق بە ئێمەی فەیلی کراوە، هێشتا لە عێراق و کوردستان مافە سادەکانمان پێ نەدراوە».

چیرۆکی پڕ ئازاری کەسوکاری ئەنفالکراون و نەهامەتی و کۆسپەکانی سەر ڕێی ژیانیان خاڵی کۆتایی نییە و، پەڵەیەکی ڕەش و نەگریسی ناوچاوی مێژووی حوکمڕانیی بەعسی ڕووخاوە.

ئیسماعیل قولە بەرزی یەکێکە لە هەزاران نموونەی قوربانیی ئەو تاوانانە و وەك وارسێکی ئەنفال دەڵێت: «ئەو ئاواییە ماڵی ئێمەی تیا بوو، لە ساڵی ١٩٨٨ پەنجا و سێ خێزان پێکەوە بەڕێ کەوتن، سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بوو گەیشتنە بن جادەی قیری گوندی عیسای لە بەینی دوو ڕەبێ بوو، هەر پەنجا و سێ خێزانەکە هەموویان بە منداڵەکانیانەوە ئەنفال کران. دایکی من یەك خوشکمی لەگەڵ بوو لە ناو چادرەکانی کەلار ئەو خوشکەمانی لە ئەو جەیشە دڕندەیە دزییەوە، ئەویش لە ڕێی کەسێکی دەستڕۆیشتوو، من لەگەڵ سێ خوشکی دیکەم بە جیا هاتینە خوارەوە، هەر هەمان ڕۆژ تاقی بەیانییەکەی، بەڵام فایدەی چی، دوانیوەڕۆی هەمان ڕۆژ دایکم و ئەو هەموو ژن و منداڵە پێکەوە گیران، بەڵام دایکی من دووگیان بوو، تەقریبەن دە بۆ پازدە ڕۆژی مابوو منداڵی ببێت، ئەنفال کرا، بەڵام ئەو خوشکەم کە لە ئەو ڕژێمە دڕندەیە حەشارمان دا، ئێستا زەواجی کردووە و دایکی چوار منداڵە. بە ڕاستی ئەو هەموو نەهامەتییە بە سەر ئێمەدا هات، پێم وایە بە سەر کەسدا نەهاتووە. ئەو منداڵ و ئافرەتانە نەگەڕانەوە، دوو ژنیان نەبێت، ئەویش پیر و پەککەوتە بوون، هەر هەموویان لەگەڵ منداڵەکانیان ڕەوانەی خوارووی عێراق کران و هەر هەموویان زیندەبەچاڵ کران. خێزانی واهەبوو تیا بوو، سەرووی شەش بۆ حەوت منداڵی تیا بوو. ماڵی وابوو دوو کچی عازەو بوون، ماڵی کاك مەحموود دوو کچی هەبوو، بێ دایك بوون، هەردووکیان ئەنفال کران. زۆر جوان بوون. ناوی ئەم دوو خوشکەی ئەنفال کران، نەسرین و پەروین بوو».

## شاجوان کاوە:

# هیوادارم بتوانم براندێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت

**ئەو خانمانەی دوور لە کەرتی گشتی و کاری حکومی تێکەڵ بە بازاڕی کار بوون، لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا ژمارەیان کەم نییە، لە هەرێمی کوردستانیش ئافرەتانی دەسترەنگین و خاوەن کار ڕێژەیان لە بەرزبوونەوەدایە و زۆربەشیان لە کاری خۆیاندا سەرکەوتوو بوون. شاجوان کاوە، یەکێکە لەو ئافرەتانە و لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باسی تێکەڵبوونی بە بازاڕی کار دەکات و داوا لە ئافرەتانی کوردستانیش دەکات «ڕێگە نەدەن بە بیانووی ئافرەتبوون و بە زەعیفە ناوبردنیان خەونەکانیان لە گۆڕ بنێن».**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

شاجوان کاوە ساڵی ١٩٩٨ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ ژیانی هاوسەری پێك هێناوە. وەك خۆی باسی کرد دایکی کچێکی بچووکی جوانە، سەبارەت بە جۆری کارەکەشی گوتی: « کارەکەشم بریتییە لە دروستکردنی ئێکسسوارات، بەتایبەت ئەو ئێکسسواراتانەی بۆ سەر جلی ڕەسەنی کوردی بەکار دێن، وەك ئافرەتێك منیش دەمویست خاوەن پیشەی خۆم بم و ئەو بەربەستە بیشکێنم کە لە کۆمەڵگەدا بۆ خانمان هەیە، حەزی خۆم بۆ کارەکە و پێویستیی ژیانیش هۆکاری دیکە بوون بۆ دەستکردن بە کارکردنم، هەروەها دەمویست وەکو ئافرەتێك شان بە شانی هاوسەرەکەم کار بکەم، نەك تەنیا چاوەڕێی دەست و گیرفانی ئەو بم.» ئەو خاتوونە نایشارێتەوە کە سەرەتا هاوسەر و خێزانەکەی بە کارکردنی ڕازی نەبوون و ڕێگرییان لێ کردووە. ئەوەتا دەڵێت:

«هاوسەرەکەم دەیوت ناتوانی و کاتت نابێت، بە حوکمی ئەوەی چاوەکانیشم کەمێك لاواز بوون، خێزانەکەم پێیان باش نەبوو کار بکەم. دواتر منداڵم بوو، هاوسەرەکەم وتی: ناتوانی منداڵ و ماڵ و زۆر ئەرکی دی جێبەجێ بکەیت، منیش چاوەڕێم کرد تا تەمەنی کچەکەم بوو بە ساڵێك، دواتر لەسەر ئیزنی خوا و ویستی خۆم و قەناعەتکردن بە هاوسەرەکەم دەستم بەکار کرد و، داوی ئەوەش هاوسەرەکەم پاڵپشتیی گەورەی من بووە. لە ئێستادا خاوەنی پەیجێکی بچووکم و هەر لە ڕێگای ئۆنلاینەوە ئێکسسواراتی دەستکردی خۆم دەفرۆشم، ئارەزوویشم ئەوەیە بتوانم براندێکی تایبەت بە خۆمم هەبێت و بتوانم هەلی کاریش بۆ ئەو خاتوونانە بڕەخسێنم کە بەهرەیەکیان هەیە و ئارەزووی کارکردنیان هەیە، بە پشتیوانیی خوای گەورەش هەر واش دەبێت».

کاتێك پرسیارمان لە شاجوان کاوە کرد، ئایا تا چەند متمانەت بە تواناکانت هەیە؟ گوتی: «متمانەبەخۆبوونم زۆر زیاترە لە متمانەم بە تواناکان. مرۆڤ تا متمانەی تەواوی بە خۆی نەبێت، ناتوانێت دەرك بە تواناکانی بکات. بۆ هەر کار و کردەوەیەکیش ئەگەر مرۆڤ متمانەی بە خۆی نەبێت، ناتوانێت بە سەر ئەو ترسانەی ناخیدا زاڵ بێت. بە بڕوای من متمانەبەخۆبوون خودی سەرکەوتنە».

وەك پەیامی بۆ خانمان و دواوتەی خۆیشی گوتی: «دەمەوێت بڵێم ژیان هەلێکی زێڕینە و ڕێگە مەدەن بە ئاسانی لە دەستتان بچێت. هەندێك کات و هەندێك دەرفەتت بۆ دەڕەخسێت لە ژیاندا، پێویستە ئەو کات و دەرفەتە وەکو فیرعەونێکی مۆمیاکراو بپارێزێت. بەتایبەت دەمەوێت بە خانمان بڵێم: ڕێگە مەدەن بە بیانووی ئافرەتبوون و بە زەعیفە ناوبردنتان خەون و خەیاڵەکانتان لە خاك بنێن. هەمیشە ئەوە بزانن مێشکی ئێمە وەکو موگناتیسێکە ڕێگە بدەن ئەم موگناتیسە تەنیا سەرکەوتن بەرەو ئامانجەکەت کێش بکات، نەك دوودڵی و ترس و دۆڕان».



# ئەنجامی هەڵمەتی گەڕانەوەی قوتابییە دابڕاوەکان دڵخۆشکەرە

**وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونیسێف ماوەی دوو ساڵە پرۆژەی گەڕانەوەی قوتابییە دابڕاوەکان، یان ئەو قوتابییانەی کە هەرگیز نەچوونەتە بەر خوێندن جێبەجێ دەکات، بۆ ئەمساڵ پرۆژەکە لە ڕێگەی ١٠٠ ڕێنماییکار بە چەندین تیم ئەنجام درا، کە کۆڵان بە کۆڵان لە سەرجەم گوند و ناحیە و قەزاکان و سەنتەری پارێزگای هەولێر دەگەڕێن و، لە دەرگای هەموو ماڵێك دەدەن، پرۆژەکە لە سنووری پەروەردەی گشتیی هەولێر بەڕێوە دەچێت، کە یازدە پەروەردەی قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، لەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان تیشك دەخەینە سەر دەرەنجامی هەڵمەتەکە و بەشداربووانی ڕاپۆرتەکەش ڕا و سەرنجی خۆیان لەو بارەیەوە دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

«دوای هەوڵی وەزارەتی پەروەردە و ڕێکخراوی یونیسێف کوڕەکەی من گەڕایەوە بۆ خوێندن و تا ئێستا بەردەوامە و سوودی زۆری لە هەڵمەتی گەڕانەوەی قوتابیان بۆ خوێندن بینیوە». ئەمە قسەی شڤان بۆتانی بوو. وەك خۆی باسی دەکات، کوڕەکەی یەکێکە لە سوودمەندانی پرۆژەکە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئێمە وەکو کەسوکاری قوتابی سوپاسی هەوڵی هەموو لایەك دەکەین بۆ گەڕانەوەی قوتابیانی دابڕاو لە خوێندن، ئەمە دەبێتە هاندانی زیاتری قوتابیان بۆ پرۆسەی خوێندن، کوڕەکەم لە پێناو کارکردن لە پۆلی هەشتی بنەڕەتی وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لە خوێندن بەردەوامە».

**کوڕەکەی من گەڕایەوە بۆ خوێندن و تا ئێستا بەردەوامە و سوودی زۆری لە هەڵمەتی گەڕانەوەی قوتابیان بۆ خوێندن بینیوە**

پشتیوان ساڵح بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات و ڕێنماییکاری پرۆژەکە، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم پرۆژەیە بە هاوکاریی ڕێکخراوی یونیسێف لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردە ئەنجام درا، کە بریتی بوو لە هەڵمەتێکی مەیدانی و بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ بەردەوام بوو. لە هەر پەروەردەیەك دوو تیم لە مامۆستایان و توێژەران پێك هاتبوون بۆ گەڕانی مەیدانیی ماڵ بە ماڵ بە مەبەستی گەڕانەوەی قوتابییانی دابڕاو، وەك بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی خەبات لە ژێر چاودێریی بەڕێز بەڕێوەبەری پەروەردەی خەبات تیمەکانمان دابەشی سەر سەنتەری قەزای خەبات و هەر سێ ناحیەی دارەشەکران و کەورگۆسك و ڕزگاری کرد، کە ژمارەی قوتابخانەکان لە سەرووی ١٥٠ قوتابخانەیە و نزیکەی ٨٠٠ قوتابیی دابڕاومان لە سنووری پەروەردەی خەبات هەبوو، کە بە هۆکاری جیاجیا وازیان لە خوێندن هێنابوو. ئەم هەڵمەتە بۆ ماوەی ٥٠ ڕۆژ بەردەوام بوو، تیمەکانمان توانییان ٣٠٠ قوتابی بگێڕنەوە بۆ خوێندن و لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەردەوام بن. ئەوانەشی نەگەڕانەوە هۆکاری تایبەت بە خۆیان هەبوو، کە بەشێك لە کچانی ئامادەیی چووبوونە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە، بەشێکیش بە هۆی سەختیی هاتوچۆ لە گوندەکان و نەبوونی قوتابخانەی ئامادەیی لە گوندەکەیان وازیان لە خوێندن هێنابوو، کاریگەریی هاوڕێیان و ئالوودەبوون بە یارییە ئەلکترۆنییەکان بەشێکی تری هۆکارەکان بوون بۆ دابڕانی قوتابیان لە خوێندن».

**وەکو کەسوکاری قوتابی سوپاسی هەوڵی هەموو لایەک دەکەین بۆ گەڕانەوەی قوتابیانی دابڕاو لە خوێندن**

پشتیوان ساڵح بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «ساڵ بە ساڵ ڕێژەی دابڕانی قوتابیان لە خوێندن لە بەرزبوونەوەدایە و ژمارەیەکی زۆری دایك و باوکان ئومێدیان بە پرۆسەی خوێندن نەماوە بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکانیان، بە بیانووی ئەوەی کە تەواوکردنی خوێندن بێ ئەنجامە و بۆ پاشەڕۆژی منداڵەکانیان سوودی نییە. واتە پێیان باش بوو منداڵەکانیان بۆ پاشەڕۆژی خۆیان کارێك بکەن». گوتیشی: «سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانە تیمەکانمان لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی خەبات توانییان ٣٠٠ قوتابی لە کۆی ٨٠٠ قوتابی بۆ پرۆسەی خوێندن بگێڕینەوە».

پەیام غەریب توێژەری کۆمەڵایەتییە و وەك سەرۆکی تیمی سەنتەری خەبات دەڵێت: «ئێمە وەکو پەروەردەی خەبات دابەش کراین بۆ سەر سێ تیمی سەرەکی و هەر تیمێك سەرۆکێکی بۆ دەستنیشان کرابوو، ئەویش بۆ ڕێکخستنی کارەکان و تێپەڕاندنی بە ئاسانی، من بە یاوەری دوو هاوڕێی بەڕێزم کە یارمەتیدەرم بوون بۆ هەوڵی گەڕانەوەی



ئەو قوتابییانەی کە لە خوێندن پاشگەز ببوونەوە، ئەویش لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا جا بە هەر هۆکارێك بوبێت. ئامانجی ئێمە لە پڕۆژەکە گەڕاندنەوەی ٥٠٠ قوتابی بوو، بەڵام توانیمان ١٣٣ قوتابی گەڕاوە تۆمار بکەین، کە بە فیعلی گەڕانەوە بەر خوێندن، ئەویش بە هاوکاریی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کە یارمەتیدەرمان بوون بۆ ناردنی ناوەکانیان، مایەی خۆشحاڵییە کە خەڵکەکە بە ئاستێکی بەرز و شێوازێکی باش پێشوازییان لە تیمەکانمان دەکرد، بە تایبەتی خێزانی قوتابی دابڕاو، بەڵام کێشە لە قوتابییەکاندا بوو، کە ئەوان حەزی خوێندنیان نەبوو».

پێشتر حەسەن سامی حەسەن، بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە پەروەردەی گشتیی هەولێر، وردەکاریی پڕۆژەکەی خستەڕوو و هەر لەو بارەیەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: «پڕۆژەی گەڕاندنەوەی ئەو قوتابییانەی کە دابڕاون، ڕێکخراوی یونیسێف لە ڕووی داراییەوە پشتیوانیمان دەکات و تیمەکانی خۆمان جێبەجێی دەکەن، تیمەکانیشمان لە پارێزگای هەولێر لە ١٠٠ ڕێنماییکار پێکهاتوون بە سەر ٢٠ تیم دابەش کراون، هەڵمەتەکە هەموو قەزا و ناحیە و گوندەکانی سنووری پارێزگای هەولێری گرتووەتەوە، پڕۆژەکە لە سنووری پەروەردەی گشتیی هەولێر بەڕێوە دەچێت، کە یازدە پەروەردەی قەزا و ناحییەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە، بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەر دەستمانن، ئامارەکان دڵخۆشکەرن، ئامانجمانە بە لانی کەمەوە نزیکەی حەوت هەزار قوتابی بگەڕێنینەوە بەر خوێندن، دڵنیام ژمارەکە لەوەندەش زیاتر دەبێت، چونکە تیمەکانمان چالاکانە ڕۆژانە سەردانی دایك و باوکەکانیان کردووە، پڕۆژەکەمان گشتگیرە و ئامانجمان هەم گەڕاندنەوەی قوتابیی دابڕاوە، هەم منداڵی تۆمار نەکراو، دابڕاو ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە بە هۆکارێك لە هۆکارەکان لە خوێندن دابڕاون، تۆمار نەکراویش ئەو منداڵانەن کە بە هیچ شێوەیەك نەچوونەتە قوتابخانە و تا ئێستا ناونووس نەکراون.» گوتیشی: «ئەو قوتابیانەی کە دەگەڕێنەوە دووبارە ناویان تۆمار دەکرێتەوە، ئەو قوتابیانەش کە ئارەزوومەند نین بگەڕێنەوە، فایلیان بۆ دەکەین و هەوڵ دەدەین ساڵی داهاتوو بە هەمان شێوە کار لەسەر ئەو کەیسانە بکرێت، لە بەر ئەوەی هەموو تاکێك مافی خوێندن و فێربوونی هەیە، ئەو هەڵمەتە وادەکات لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی قوتابی لەو پۆلەی کە جێی هێشتووە، دەست بە خوێندن بکاتەوە، ئێمە بە هەموو شێوەیەك ئاسانکارییان بۆ دەکەین».

بەڕێوەبەری بەشی پلاندانان لە پەروەردەی گشتیی هەولێر، ئەوەشی خستەڕوو: «پار پڕۆژەکە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی یونیسێف و یونسکۆ و دەزگای خێرخوازیی بارزانی جێبەجێ کرا، بەڵام پڕۆژەکە تەنیا لە پێنج پەروەردە جێبەجێ کرا، لە کۆی ٣٥٠٠ قوتابی ئامانجمان بوو ٢٥٠٠ قوتابی بگەڕێنینەوە بەر خوێندن، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە توانیمان ٢٨٤٠ قوتابی بگەڕێنینەوە بەر خوێندن. هاوکات ئەو پڕۆژەیە لە پەروەردەی گشتیی دهۆك و سلێمانی بە هەمان شێوازی کارکردن و لە هەمان کات جێبەجێ دەکرێت. ئێمە بە هەموو توانایەکمان هانی دایك و باوکان دەدەین بۆ ئەوەی ناوی منداڵەکانیان تۆمار بکەن، هەروەها داواکارین لە ڕێگەی میدیاوە هانی دایك و باوکەکان بدرێت، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لە دەرفەتی فێربوون بێبەش نەبن».

**کوڕەکەم لە پێناو کارکردن لە پۆلی هەشتی بنەڕەتی وازی لە خوێندن هێنا، بەڵام ئێستا بە خۆشحاڵییەوە لە خوێندن بەردەوامە**

**هەڵمەتێکی مەیدانی و بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ بەردەوام بوو. لە هەر پەروەردەیەک دوو تیم لە مامۆستایان و توێژەران پێک هاتبوون بۆ گەڕانی مەیدانیی ماڵ بە ماڵ بە مەبەستی گەڕانەوەی قوتابیانی دابڕاو**

# ڕۆڵی ئافرەت لە نێو هونەری موزیک و گۆرانیی کوردیدا



**د. ئامانج غازی**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

**(٢-٢)**

ئەو گۆرانییانەی کە پیاو بۆ ئافرەتی گوتوونە، دەکرێت دووبارە لە لایەن ئافرەتەوە وەك پیاهەڵدانێك بگوترێنەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەیە، ئەگەرچی لە ڕووی دەروونییەوە شتێکی خراپە و لەوانەیە ئافرەتەکەش دەرکی بەوە نەکردبێت، بەڵام ئێستا ڕادەی ڕۆشنبیریی خانمان گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانن گۆرانیی ئافرەتانە بڵێن و، لایەنی سۆز یەکێکە لە لایەنەکانی ژیان، بەڵام هەموو لایەنەکان نییە، بەڵکو بوارەکانی دیکەی پەروەردەیە لە ڕووی چۆنێتیی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگە، لە ڕووی بابەتەکانی زانستی و هۆشیاری و بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە بواری ئەدەب، ئەگەر بێینە سەر بوارەکانی دیکەی وەك فۆلکلۆری میللەتەکەمان لە بواری قارەمانێتییەوە، ئەمانە هەموویان بابەتێکمان بۆ دروست دەکەن، کە دەبێ ئافرەت خۆی لەقەرەی ئەمانە بدات، ئەگەرچی ئێستا لە ڕوانگەی ئەوەی کە باس لە ئافرەت دەکرێت، پەیوەست کراوە بە لایەنی خۆشەویستی و ئەڤینەوە، لە ڕووەکەی دیکەیشەوە دەبێ وا سەیر بکرێت کە ئافرەت ڕۆڵێکی زۆر بنیادنەرانەی لە گشت بوارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هونەری و نەتەوەییدا هەیە و، ئێستاش هەندێ بابەتم بیستووە لە ئافرەتانەوە کە باسی بوارەکانی دیکە دەکەن، وەك حاڵەتی قارەمانێتی، یان



دەربڕینی خۆشەویستییەك، ئەمانە دەبێ پەرەی پێ بدرێت، کۆمەڵێك بابەت هەیە تا ئێستا پەردەی شەرمی لەسەرە، دەبێ بە گۆرانی دەرببڕدرێت، چونکە پێمان وایە ئافرەت بە چڕینی گۆرانی دەتوانێت زۆر شتی شاراوە پێشکەش بکات، هەروەها بابەتی حەیرانیش وەك یەکێك لە فۆرمە هەرە ڕەسەنەکانی کوردی کە باسی لێوە دەکرێت بە هەمان شێوە، من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئافرەت چۆن دەبێ خۆی لەقەرەی حەیران بدات، بەداخەوە ئەوانەی تا ئێستا ئافرەتن و حەیرانیان گوتووە هێشتا نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی زانستی ئەدای بکەن و، یان سەربەندیان گوتووە لە ناوەڕاستەو ناوبەندیان بەشێوەیەکی دیکە گوتووە، هەروەها هەردوو بابەتی حەیرانی مەجلیسی و سەرچیاییان تێکەڵ بەیەك کردووە، کە بە شێوەیەك نەتوانراوە بە بابەتێك بیورووژێنن کە باسی لێوە بکرێت.

حەیران خۆی بابەتێکی دڵداری زۆر ناسکمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەبەر ئەوە چڕینی حەیران لای ئافرەتە و دەبێ وا بێت، کە باسی جوانی و پاڵەوانێتی، یان شاکاری میرخاسێك بکات، کە وەك دڵدار هەڵبژاردووە، ئەوانەی کە ئێستا گوتراون ناگەنە ئەو ڕادەیەی کە ئێمە بتوانین چێژێکی هونەریی لێ وەربگرین. بۆیە ئەو بابەتە دەبێ گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێت، دەبێ لە ڕەگەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێتەوە، کە تێکستێکی جوان بۆ ئەو قارەمانێتی و دڵداری و خۆشەویستییەی ئافرەتە بۆ ئەودیوی خۆی کە پیاوە، بەڵام لە ڕووی دەسگیرۆیی ئافرەتان و ئەو پیشتگیرییانەی کە ئێستا بۆ ئافرەتان هەیە، من بەشتێکی کەمی دەزانم و کۆمەڵگەش ڕۆڵێکی نێگەتیفی بەسەر بزاڤی ئافرەت لە بواری هونەریدا هەبووە و هەیە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش بە شمشێرێکی ژەنگاوییەوە ڕۆڵی کپکردنی دەنگی ئافرەتیان بینیوە، یان ئەوەی لە ڕوویەك لە ڕووەکانەوە قۆرخ بکرێن بۆ کۆمەڵێك بابەت، کە لە کەسایەتی و بابەتە هونەرییەکانی ئەو ئافرەتە کەم دەکرێتەوە، ئەو بابەتە زۆر گرنگە، بەڵام دەبێ پشتگیرییەکی تەواو لە ئافرەتان بۆ بواری موزیك بکرێت، ئێستا چەند تیپێکی موزیکمان هەیە وەك: تیپی مریەم خان لە هەولێر، تیپی کیژانی سلێمانی و چەند تیپێکی دیکەش بەناوی کۆڕاڵی ئافرەتان هەیە، ئەگەرچی من لەگەڵ ئەوەدام دەبێ ئافرەت شانبەشانی پیاو لە تیپە موزیکییەکاندا کار بکات و، پێموانییە موزیکی تایبەت بە پیاو و ئافرەت هەبێت، موزیك زمانێکی جیهانیی ئەبستراکتە و پێویستی بە پاسەپۆرتی پەڕینەوە نییە، چونکە ناکرێت هونەرێك تەرخان بکرێت بۆ پیاوان و هونەرێکیش بۆ ئافرەتان .

# هەڵەکەی (سمێس) گران لەسەری دەوەستێت



دوای ئەوەی لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا، ئەکتەری ئەمریکی ویل سمیس زللەیەکی لە پێشکەشکاری ئاهەنگەکەدا، ئەکادیمیای ئۆسکار بڕیاریدا بۆ ماوەی دە ساڵی داهاتوودا ڕێگا بە سمێس نەدرێت بەشداریی هیچ کام لە ئاهەنگەکانیدا بکات.

ئەنجومەنی کارگێڕیی ئەکادیمیای هونەر و زانستەکانی سینەما (ئۆسکار) لەم بارەوە بڕیاری دا، بۆ ماوەی (دە) ساڵ ڕێگە بە ویل سمێس نادات بەشداریی لە هیچ چالاکییەکییەکدا بکات، چ بە ئامادەبوونی ڕاستەوخۆ، یان بە ئۆنەلاین بێت. ئەکادیمیای ناوبراو داواکاریی دەستلەکارکێشانەوەی ویل سمێسی قبوڵ کرد، بەڵام خەڵاتی ئۆسکاری لێ نەسەندەوە، کە بۆ ئەم ساڵ بە دەستی هێنا بوو، لە بەرامبەر لێسەندنەوەی ڕۆڵبینینی لە فیلمی (کینگ ڕیتچارد) .

لە میانەی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکاردا، سمێس چووە سەر سەکۆی ئاهەنگەکە و زللەیەکی لە کریس ڕۆکی پێشکەشکاری ئاهەنگەکە دا، ئەمەش دوای ئەوە هات کە کریس ڕۆك بە گاڵتەجاڕییەوە باسی لە ڕووتانەوەی قژی هاوسەری سمێس کرد. ئەم زللەیە قسەوباسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا لە میدیاکان و سۆشال میدیا بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام هاوسەری سمێس کە خۆیشی ئەکتەرە، بێدەنگی هەڵبژارد. دواتر سمێس لە بەیاننامەیەکدا داوای لێبووردنی کرد و ڕایگەیاند کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بەڵام ئەوەشی نەشاردەوە کە نەیتوانی بەرگەی گاڵتەکردن بە هاوسەرەکەی بگرێت.

**سەرچاوە: سکای نیوز**

# ڤاندام چەندی پارە وەرگرتووە لە بەرنامەی ڕامز موڤی ستار



ئەم ساڵ ٢٠٢٢ بەرنامەی ڕامز جەلال زۆرترین بینەری هەبووە لە تەلەفزیۆن و یوتیوب، ئەمەش بەهۆی بەشداریکردنی ئەستێرەی ناسراوی جیهانی (جان کلۆدیۆ ڤاندام). بە هۆی ئەو سەرکەوتنەی ئەم ساڵ بەرنامەکەی بەدەستیهێنا، زۆر باس لە کرێی ڤاندام دەکرێت، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی میدیایی، ڤاندام داوای (٣٠٠) هەزار دۆلاری کردبوو بۆ هەر ڕۆژێك وێنەگرتن، بەڵام دواتر لەسەر بڕی (٢١٠) هەزار دۆلار ڕێککەوتن و، ئەگەر ڕۆژەکانی وێنەگرتن زیاد بوون، ئەوا کرێی یەك ڕۆژی وێنەگرتنی ڤاندام دەبێتە (٢٣٠) هەزار دۆلار، هەر ئەمەش ڕوویدا، چونکە وێنەگرتن ١٣ ڕۆژی خایاند. بەپێی سەرچاوەکان بەگشتی، ڤاندام لە بەرامبەر بەشداریکردنی لەم بەرنامەیەدا بڕی دوو ملیۆن و ٧٩٠ هەزار دۆلاری وەرگرتووە، هەروەها ڕامز جەلالیش بڕی (٣،٥٠٠،٠٠٠) دۆلاری وەرگرتووە بە گشتی بودجەی بەرنامەکەی گەیشتۆتە (١١) ملیۆن دۆلار، بەمەش دەبێتە یەکێك لە گرانترین بەرنامەکان.

شایەنی باسە جان کلۆدیۆ ڤاندامی بە ڕەچەڵەك بەلجیکی، یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی هۆلیۆد لە فیلمەکانی ئەکشن.

**سەرچاوە نجوم مصریە**



# «یار»ی فەرنوود ئیلهامی بڵاوکرایەوە

کلیپی گۆرانیی «یار» بە ئاوازدانەری و ژەنیاری موزیکزانی کوردی کرماشانی فەرنوود ئیلهامی بە دەنگی سپێهر زوالنووریان، بە ژەنینی دەفی ئەمیرحوسێن مێنشادی و بە کەڵك وەرگرتن لە ڕەسەنایەتیی مەقامەکان و ڕوانینێکی نوێی بۆ کووکی ڕەسەنی تەنبوور، لە دەرهێنانی موحسین ڕەشیدی، لە بەرهەمهێنانی ماڵی تەنبووری «ئەیاز» بە بەرپرسیاریی موزیکزانی بەئەزموونی کرماشانی «فەرید ئیلهامی ئاوازدانەر و وانەبێژ و ژەنیاری بەتوانای تەنبوور بڵاوکرایەوە.

کووکی گۆرانی «یار» لە کووکە ڕەسەنەکانی تەنبوور نییە و لە ڕاستیدا کووکێکە کە «فەرنوود ئیلهامی» خوڵقاندوویەتی کە تێکەڵاوێکە لە کووکە ڕەسەنەکانی ئامێری تەنبوور و کووکێك کە ناوەکەی کووکی «عشاق» واتە «عاشقەکانە».

ئەو مەقامەی کە لە گۆرانیی «یار»دا خوێندراوە، لە مەقامی «خامۆشە گیان» وەرگیراوە و لە کۆتایی ئەم بەرهەمە مۆسیقاییەشدا کەڵك لە دوو مەقام لە مەقامەکانی تەنبوور وەرگیراوە، کە مەقامە سەرەکییەکە ناژەندرێت.

«فەرنوود ئیلهامی» لە بنەماڵەیەکی هونەرمەند لە شاری سەحنەی کرماشان لەدایکبووە. باوە گەورەشی مامۆستا سەید «ئەیاز قەزوینە» لە مامۆستایانی خاوەن شێواز و ناوداری تەنبوور بووە و، باوکیشی یەکێك لە دەرهێنەرە بەرچاوەکانی شانۆی شاری سەحنە دێتە ئەژمار.

# هونەری هەڵپەڕکێ

**کەسێك پێشتر شایی و هەڵپەڕکێی نەدی بێت، بەدەم کۆمەڵە خەڵکێکەوە تێپەڕ بێت کە گۆڤەندیان گرتووە، بەرانبەر بە جووڵە و هەڵپەز و دابەزی گەرم و گوڕی گەڕی گۆڤەندەکەیان سەری سوڕ دەمێنێت. لە لایەك جوانی و ڕیتم و ڕێك و پێکیی جووڵەی جەستەی بەشدارانی گەڕی گۆڤەندەکە سەرسامی دەکات، کە بە گوێرەی ڕیتمی موزیك لە دیلان و هەڵپەڕکێدان، لە لایەکی دیکەوە پێی وایە ئەو خەڵکە لە ڕەوشێکی نائاساییدان، بۆیە وا لە دنیا دابڕاون و کەوتوونەتە نێو بەزمی هەڵپەڕینەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

بۆ من و تۆ کە لە خۆشی و شادیدا دەستی یەك دەگرین و شایی و دیلان گەرم دەکەین، بابەتەکە بە جۆرێکی دیکەیە. لەو کاتەی خۆشییەکی زۆر ناخی ئێمەی تەنیوەتەوە، ئەو خۆشی و شادییە بۆمبێکی وزەی لە ناخماندا تەقاندووەتەوە، ئەگەر خەرجی نەکەین پێوەی تەوەلـلا دەبین. بۆیە هەر کە دەستی یەك دەگرین و دەکەوینە نێو پێچی هەڵپەڕکێوە، بێ ئەوەی کەس پێمان بڵێت یان ڕێنماییمان بکات، دڵ و جەستەمان ئاوێتە بە ڕیتمی ئاوازی موزیکی کۆڕ و گەڕی شاییەکە دەبێت.

هەر نەتەوەیەك هونەری هەڵپەڕکێی خۆی هەیە. داب و کولتوور و میراتی شارستانی، بیر و باوەڕ و ژینگەی نەتەوە، جۆری هەڵپەڕکێیەکەی دیاری دەکات. هەڵپەڕکێ هێمای ئاشتی و تەبایی و گونجان و سازانە، بۆیە هەمووان بە دەوری بازنەی گەڕی دیلاندا ئەڵقە دەبەستن، تێکڕا مەستی نێو شادییەکی بێ سنوور دەبن. تۆ بڕوانە، تەنانەت ئەو هۆزانەی تا ئێستا لە دۆخی بەرایی ژیانی بەر لە شارستانیەتیشن، دروست وەك ئەو نەتەوانەی گەیشتوونەتە لووتکەی شارستانیەتی سەردەم، سەما و هەڵپەڕکێ دەکەن. مرۆڤ هەر مرۆڤە، ئەگەر لە نێو جەنگەڵی ئەفریقا و ئەمازۆندا بێت یان لە شاری لەندەن و نیویۆك، سیدنی و پاریس بێت، بەدەر نییە لە پێکهاتەی دەروون، لە ناخەوە هەست بە خەم و شادی، خۆشی و ترشیی ژیان دەکات. بۆ خەم و پەژارە مات و خامۆش دۆش دادەمێنێت، بگرە دەست بە گریان و باوەکەڕۆش دەکات، قوڵپی گڕی خەم ناخی دەسووتێنێت، ئەگەر بەتاڵی نەکات، دەتاسێت و دەپسێت، فەراقی لێ دەبڕێت. بە هەمان شێوە، لە ڕەوشی خۆشی و شادیدا، گڕی وزەیەکی ئەرێنی ناخی دەتەنێتەوە، دەری نەبڕێت ئیفلیج و کەفتەکاری دەکات، بۆیە مرۆڤ بە زمان و جەستە گڕی وزەی



شادی لە دەروون و ڕۆحی بەتاڵ دەکات.
لە ئایینانی دێرینی کورد، ئێزدی، یارسان، زەردەشتی، مووزیک و سەما بەشێك بوون لە سرووتەکانی خوداپەرستی. ڕەگی سەما (دیلان: هەڵپەڕکێ: گۆڤەند: شایی) لە نێو میرات و کولتووری شارستانی و ڕۆحیی نەتەوەی کورددا ڕەگاژۆیە. بە لای کەمەوە دوو فاکتەر پاڵپشت بوون لەوەی کورد یەکێك بێت لە نەتەوە هەرە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی هەڵپەڕکێوە. لە لایەك مێژووی دێرینی ئەم نەتەوەیە، بەوەی خاکی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین زێدەکانی بەرەی مرۆڤایەتی، کاروانی ژیانی ژیارداری مرۆڤی ئەم وڵاتە، میراتی زۆری ڕۆحی و شارستانیی تێدا کەڵەك کردووە، لە لایەکی دیکەوە سروشت و ژینگەی فرە دەوڵەمەند و ژیانارای دێرین وڵاتی کوردەواری، مرۆڤی ئەم نیشتیمانەی هان داوە، لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە دەوڵەمەند و فرەخواز و فرەدەر و فرەناس بێت. خۆ ئەگەر ئەوەش بخەینە بەر نیگا، پەیدا بوونی کشتوکاڵ وەك یەکەمین شۆڕشی شارستانیەتی مرۆڤ کە لە کوردستاندا بەرپا بووە، لە پاڵ ماڵی کردنی گەلێك گیاندار، ئەمانە وەرچەرخانی زۆر گەورە بوون لە ڕەوڕەوەی مێژووی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، هەموو ئەمانە کوردستان لانکە و چاوگیان بووە.
جا بۆیە سەیر نییە کورد خاوەنی نزیکەی ١٢٥ جۆرە هەڵپەڕکێیە، خاوەنی زۆرترین میراتی مووزیك و میلۆدییە. هەڵپەڕکێ لە نێو کورددا هێندە ورد و فراوان پەلی هاویشتووە، بۆ هەر بۆنە و دۆخ و یادێك، چەندین جۆرە هەڵپەڕکێ هەن، هەر هەمووشیان بە گوێرەی ڕیتم و ئاوازی تایبەت بە خۆیان دەکرێن. ورد بوونەوە لە خەسڵەتی هەڵپەڕکێی کوردی و شرۆڤە کردنی، بۆ وتارێکی دی جێ دەهێڵین.









سۆز بەهیج:

یاریزانی تۆپی باڵەی یانەی ئەفرۆدێت

# لەسەر ئاستی عێراق بە باشترین یاریزان هەڵبژێدراوم

پارێزگای سلێمانی یەکێك لە پارێزگاکانی کوردستانە کە یانەکانی ئەو شارە گرنگیی زۆر بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان دەدەن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازییەکان بەشدارن، یانەی ئەفرۆدێتی شارەکەش گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدات لە سەر ئاستی کچان، تیپی باڵەی یانەکە خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە، کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی خولەکانی باڵە، بەردەوام لە کێبڕکێ دابوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، (سۆز بەهیج) یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی  چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان، سۆز لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٦ی پارێزگای سلێمانییە و قوتابیی قۆناغی ئامادەییە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** ئاستی یاریی باڵە چۆن دەبینی لە کوردستان؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی تۆپی باڵەی کچان وەکو پێویست نییە، هیوادارم گرنگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت لە شارەکانی کوردستان.

*** کەمیی کردنەوەی پاڵەوانێتی ئێوە سارد ناکاتەوە لەم یارییە؟**

- هەتا بکرێت پاڵەوانێتی زیاد بکرێت، ئەوا مەشقکردن و هەوڵدانی یاریزان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستیان زیاد دەکات، هاندانێکی زۆر باشیشە بۆ بەردەوام بوونی یاریزان.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

- بۆ ئەوەی ئاستی یاریی باڵەی کچان بەرەوپێش بچێت، پێویستە پێداویستییەکانی مەشقکردن دابین بکرێت و خول و پاڵەوانێتییەکان زیاد بکرێن و، گرنگیی زیاتر بدرێت بە یارییەکانی تۆپی باڵە.

*** گرفتی وەرزشی یاریی باڵە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتی پاڵەوانێتییەکان لەوە دایە کە ماوەی یارییەکان کەمە و هەموو یارییەکان بەدوای یەکەوە زوو تەواو دەبێت.

*** تا ئێستا گرێبەست لە یانەکانی دیکەی کوردستان بۆ هاتووە؟**

- نەخێر هیچ گرێبەستێکم بۆ نەهاتووە.

*** ئامانجت چییە لە وەرزشکردن؟**

- ئامانجم ئەوەیە کە باشترین ئاست پێشکەش بکەم لە یاریگا و خزمەتی وەرزش بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-نەخێر لەگەڵ ئەوە نیم کە پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستین، چونکە خۆمان یاریزان و ڕاهێنەری زۆر باشمان هەیە لە کوردستان، بەڵام پێویستی بە گرینگیدانی زیاترە، سوپاس بۆ خوا مامۆستا سەنگەری ڕاهێنەرمان یەکێك لە ڕاهێنەرە بەتواناکانی کوردستانە هەمووکات پاڵپشتی ئێمەیە.

*** لە هەڵبژاردەی عێراقی داوا کراویت؟**

- نەخێر چونکە نەگەیشتوومەتە ئەو ئاستەی کە یاری لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقدا بکەم.

*** چۆن بوو یانەی ئەفرۆدێت هەڵبژارد؟**

- چونکە یانەیەکی زۆر دڵسۆز و بەتوانا و ئاست بەرزە، دەتوانم بڵێم وەکو خێزانێکمان لێهاتووە، سەرەڕای ئەوەی یاریگایەکی پێشکەوتوومان نییە.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی؟**

- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی کە سەردانی یانەکان بکەن بۆ ئەوەی لە نزیکەوە کەموکورتییەکان بزانن و هاوکارییان بکەن.

*** خەونی تۆ وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- خەونی وەرزشیم ئەوەیە کە خۆم لە بەرزترین ئاست ببینمەوە و بەشداری لە پاڵەوانێتیە گەورەکان بکەم، چونکە ئەوە خەونێکی منداڵیمە، سوپاس بۆخوا کە ئێستا باشترین یاریزانی مەرکەز چوارم لە سەر ئاستی عێراق بە باشترین یاریزان هەڵبژێردراوم، بە هەوڵ و ماندوو بوونی زۆر گەیشتمە ئەو ئاستە، یاریزانان و ڕاهێنەرەکەمان زۆر دڵسۆزن و هانی یەکتری دەدەین.

*** هیواو ئاواتت وەکو یاریزانێك لە یاری باڵەدا چییە؟**

- هیوادارم کە یاریی باڵە پێش بکەوێت، گرنگیش بە هەموو یاریزانەکان بدرێت و منیش باشترین ئاست پێشکەش بکەم.



*** چی بە کۆمەڵگەی کوردی دەڵێیت دەربارەی وەرزش؟**

- پێویستە کۆمەڵگەی کوردی وەرزش بە شتێکی گرنگ بزانن لە ژیانیان، خانمانی کوردستانیش وەرزش بە گرنگ بزانن لە ژیانی خۆیاندا، چونکە تەندروستییەکی باش دەبەخشێت بە لەش.

*** پەتای کرۆنا تا چەند کاریگەری لە سەر وەرزش هەبووە؟**

- بێگومان کۆرۆنا بوو بە هۆکاری وەستانی مەشقەکانمان لە ڕابردوو، بەڵام ئەوەش تێپەڕی ئێستا وەرزش هاتۆتەوە سەر ئاستی جارانی و خەریکە کۆرۆنا نامێنێت.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- لە ئێستادا خەریکی مەشقەکانی خۆمم بۆ ئامادەکاری بۆ هەر خول و پاڵەوانێتییەك کە ئەنجام بدرێت.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتایدا؟**

- دەست خۆشی بۆ گۆڤاری گوڵان، کە بەردەوام و بەبێ جیاوازی خزمەتی سەرجەم وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکات، هیوای سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازم.

## ڕاهێنەری ئەیاکس داواکاریی زۆری لەسەرە

یانەی لایپزیگی ئەڵمانی دەچێتە نێو ڕکابەرییەکانی مانچستەر یۆنایتد بۆ بەدەست هێنانی ئێریک تێن هاگی ڕاهێنەری هۆڵەندی. مانچستەر یۆنایتد دەیەوێت لە کۆتایی ئەم وەرزە ئێریک تێن هاگی ڕاهێنەری ئەیاکسی هۆڵەندی لە شوێنی ڕاڵف ڕانیک بکاتە ڕاهێنەر و هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ تێن هاگی ٥٢ ساڵ چڕ کردووە، بەڵام ڕۆژنامەی دەیلی تێل گرافی بەریتانی ئاشکرای کرد یانەی لایپزیگی ئەڵمانی هاوشێوەی مانچستەر یۆنایتد دەیەوێت دەستی بگات بە تێن هاگ و گرێبەستی لەگەڵ مۆر بکات.

سەرچاوەکە هێمای بۆ ئەوەش کردووە، کە لایپزیگ تەنانەت دەستی بە گفتوگۆ کردووە و ئۆفەرێکی گرانبەهایان بۆ چەند ساڵێک ئامادە کردووە و ئامادەشن ئەو بڕە پارەیە بدەن، کە یانەی ئەیاکس لە بەرامبەر ڕۆیشتنی تێن هاگ داوای کردووە.

ئێرك تێن هاگ لە ٢٠٠٣ وەکو یاریزان لە یانەی تویێنتی هۆڵەندی وازهێنانی لە یاریکردن ڕاگەیاند و لە هەمان ساڵ لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەکە وەکو ڕاهێنەر دەستبەکاربوو تا ساڵی ٢٠٠٩ ڕاهێنانی بە سەرجەم یانەکانی تویێنتی کرد، پاشان بووە یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی ئایندهۆڤن، لە ساڵی ٢٠١٥ بووە ڕاهێنەری تیپی دووەمی یانەی بایرن میونیخ، لە ساڵی ٢٠١٧ـەوە ڕاهێنەری یانەی ئەیاکسە، ٢ نازناوی خولی هۆڵەندا، ٢ نازناوی جامی هۆڵەندا و نازناوێکی جامی سووپەری ئەو وڵاتەی بەدەستهێناوە.






## درێسی پیلی دەچێتە یەکێک لە مۆزەخانەکانی لەندەن

مۆزەخانەی دیزاین لە لەندەن، مۆزەخانەیەکی تایبەت بە کەرستە کۆکراوەکانی تایبەت بە تۆپی پێ دەکاتەوە، کە ئەو تۆپەی لە یەکەم یاریی کۆتایی مۆندیالدا بەکارهێنراوە تێیدا دانراوە، لەگەڵ یارییەکانی ڤیدیۆ، لۆگۆ و ئاڵای یانەکان، درێسی یاریزانان، ملپێچی هاندەران و دیزاینی یاریگەکان.

ئەو مۆزەخانەیە هەموو شتێک دەگرێتە خۆی، کە پەیوەندی بە تۆپی پێی هەبێت و ڕۆژی ٢٩ـی مانگی هەشت دەرگای بۆ گەشتیاران و هەوادارانی تۆپی پێ دەکاتەوە، بۆ ئەوەی سەردانی بکەن.

لەم مۆزەخانەیەدا نزیکەی ٥٠٠ کەرستە دانراون، کە لە نێویاندا چەندین تۆپ و پێڵاوی یاریکردن هەن، کە مێژوویان بۆ سەدەی ١٩ دەگەڕێتەوە، هەروەها درێسی پێلێی ئەفسانەی بەرازیل و تۆپی پێی جیهانیشی تێدا دانراوە، کە لە یەکەم بەشداریکردنیدا لە مۆندیال، لە ساڵی ١٩٥٨ بەو درێسەوە یاری کردووە.

هەروەها لەم مۆزەخانەیەدا چەندین فیلمی تایبەت بە مێژوو و بۆنە وەرزشییەکان نمایش دەکرێن، کە پێشبینی دەکرێت ئەو مۆزەخانەیە ڕەواجێکی زۆر لە لایەن گەشتیارانی بەریتانیا بەدەستبێنێت، بەتایبەتی لەبەر نزیکبوونەوەی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەر و میوانداریکردنی یۆرۆی خانمان لە مانگی حەوتی ئەمساڵ لە لایەن ئینگلتەرە.

مۆزەخانەی دیزاین، مۆزەخانەیەکی بەناوبانگی لەندەنە، کە ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوە، دەکەوێتە سەر ڕووباری تایمز لە نزیک پردی تاوەر لە ناوەڕاستی لەندەن.



# ئەستێرەیەک مان یۆنایتد جێدەهێڵێت

مانچستەر یۆنایتد دەرگای رۆیشتن بە رووی ئەستێرەی پورتوگالی یانەکەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ دەکاتەوە.
بەپێی رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنیا، مانچستەر یۆنایتد نزیکە ساڵی پێنجەم لەسەریەک بەڕێ بکات بەبێ ئەوەی هیچ نازناوێک بباتەوە، کە دوایین نازناوی لە ٢٠١٧ بوو ئەو کاتەی یۆرۆپالیگی بردەوە.
سپۆرت ئاماژەی بەوە کردووە ئێستا دەرگای رۆیشتن بە رووی کریستیانۆ زیاتر لە کاتەکانی دیکە کراوەیە و یانەکەش دەیەوێت لە کۆتایی ئەم وەرزە دەستبەرداری ببێت.
کریستیانۆ رۆناڵدۆی ٣٧ ساڵان، پێشتر ٥ خەڵاتی تۆپی زێرینی بردووە و ٥ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەدەستهێناوە، لە هاوینی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی لەگەڵ یۆڤێنتۆس هەڵوەشاندەوە و بە بەهای ٤٥ ملیۆن یۆرۆ گەڕایەوە مانچستەر یۆنایتد، ئەم وەرزە رۆناڵدۆ لە سەرجەم پاڵەوانێتییەکان لە کۆی ٣٤ یاری، ١٨ گۆڵ و ٣ ئاسیستی کردووە.

PARIS
SAINT-GERMAIN
ACADEMY

## قەتەرییەکان دەستبەرداری پاریس دەبن

بە گوێرەی رۆژنامەکانی ئەورووپا، لە دوای تەواوبوونی جامی جیهانی ٢٠٢٢ی قەتەر، یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسا دەفرۆشرێت.
بەپێی بەرنامەی ئێلچێرینگیتۆی ئیسپانیا، قەتەرییەکان بڕیاریانداوە لە دوای جامی جیهانی دەستبەرداری یانەی پاریس سانت جێرمان ببن و بیفرۆشن.
لە بەرنامەکە هێما بۆ ئەوە کراوە قەتەرییەکان، کە خاوەندارێتی پاریس سانت جێرمان دەکەن پێیانوایە پرۆژەی پاریس بۆ بردنەوەی خولی یانەکانی ئەوروپا شکستی هێناوە، کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو پلانیان بۆ داناوە، هاوکات سەرکەوتوو نەبوونە لە نوێکردنەوەی گرێبەستی کیلیان ئیمباپێ هێرشبەری فەرەنسی، لەبەر ئەم هۆکارانە رەنگە لە دوای جامی جیهانی ٢٠٢٢ دەست لە یانەکە هەڵگرن و بیفرۆشن.



## سیروانی نوێ بوو بە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی، بۆ یەکەمجار لە مێژووی یانەکەدا بەر لە کۆتاییهاتنی یارییەکانی خولەکە بە دوو هەفتە، توانی نازناوی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، یاریزانانی یانەی سیروانی نوێ ئەم وەرزە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەری یانەکە (ڕزگار عەلی) هەر لە سەرەتای خولەکە جیاواز لە تیپەکانی دیکەی بەشدار لە خولی کوردستان، بە هەستیاری یارییەکانیان ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی زۆرترین خاڵ لەم وەرزەدا کۆبکەنەوە و ئامانجەکەیان بپێکن، دوای بەڕێوەچوونی ۲۸ گەڕ لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان، یانەی سیروانی نوێ توانی ئەو خەونە بهێنێتە دی کە ساڵانێکی زۆرە هەوڵی بۆ دەدات، سیروانی نوێ لە ۲٦ یاری توانی ٥۱خاڵ کۆبکاتەوە و بەر لە کۆتاییهاتنی خولەکە بە دوو هەفتە، ببێتە پاڵەوانی خولی نایاب، هەرچەندە یانەی هەندرێن و سەید سادق بەردەوام لە کێبرکێدان، بەڵام سەرئەنجام یانەکە بەجیاوازیی نۆ خاڵ لەگەڵ هەردوو ڕکابەرەکەی، توانی نازناوەکە بۆ خۆی یەك لایی بکاتەوە، هەر چەندە یانەی سیروانی نوێ دوایین یاریی خۆشیی لەگەڵ شێروانە یەکسان بوو، بەم ئەنجامەش بە سوودوەرگرتن لە ئەنجامی تیپەکانی سەید سادق و هەندرێن، دواجار سیروان ئەنجامەکەی گۆڕی و توانی بە نازناوی خولی نایابی کوردستان شاد ببنەوە دوای چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی، ئەم وەرزە خولی نایابی کوردستان بەبەشداری ۱٦ یانە بەڕێوە چوو و، دواجار یانەی هەلۆ پاشەکشەی کرد و چەند یانەیەکی کوردستان لە چاوەڕوانی دابەزیندان لە پاڵ یانەی هەلۆ. ساڵانە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لەلایەن فیدراسیۆنی تۆپی پێی کوردستان بەڕێوەدەچێت.



## فوتساڵی جەوییە
## پشت بە یاریزانێکی کورد دەبەستێت

یانەکانی شاری بەغدادی پایتەختی عێراقی فیدراڵ چاویان لەسەر ئەستێرەکانی شارەکانی کوردستانە بۆ خولەکانی ناوەخۆ و دەرەوەی عێراقیش، یەکێك لە کچە بەتواناکانی کوردستانیش کچە یاریزان (خەنسا فاتیح)ی یاریزانی کوردی شاری کەرکووکە، ئەو یاریزانە هەمیشە لە زۆربەی یانەکانی کوردستان و عێراقی چاویان لە سەریەتی، بۆ ئەوەی یارییان بۆ بکات، خەنسا ئەم وەرزە ڕووی کردووەتە شاری بەغدا و بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ یانەی جەوییەی شارەکە کردووە، وەکو تاکە کچەیاریزانی کوردە لە ڕیزی یانە گەورەکەی عێراق، لەم بارەشەوە خەنسا فاتیح بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بۆ



# بژار ئەکرەم
# هۆکاری وازهێنانی ئاشکرا دەکات

هەرچەندە یانەی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان تاکوئێستا بەتەواوی لە ئەگەری دابەزین ڕزگاری نەبووە، بەڵام ڕاهێنەری یانەکەی بەر لە سێ هەفتە دەستلەکارکێشانەوەی لە یانەی هەولێر ڕاگەیاند، کارگێڕیی یانەی هەولێریش بۆ ئەم سێ یارییە (وریا سەباح)ی لە شوێنی بژار ئەکرەم کردە ڕاهێنەری یانەکە، لە بارەی هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەشی بژار ئەکرەم ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هۆکاری وازهێنانم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یانەی هەولێر بە هیچ جۆرێك پاڵپشتیی منیان نەکرد، ئەو داواکارییانەی من لە ئەوانم دەکرد، بە قسە زۆر باش بوون، بەڵام بە کردار بە داخەوە هیچ کات بۆیان جێ بەجێ نەدەکرم، لە بەرامبەریشدا کارگێڕیی یانەکە داواکارییەکانی خولی عێراقیان بە ئاسانی جێ بەجێ دەکرد و هی خولی کوردستانیان پشتگوێ دەخست، تەنانەت لەم گەرمایەدا داوای فانیلەم دەکرد بۆ یاریزانان، بەر لە دوو ڕۆژ لە دەستلەکارکێشانەوەم کاپتن سەلاح بۆی کڕین، جگە لەوەش لە ڕووی مووچەی یاریزانانی تیپەکەمان، یاریزانانی کوردستان ٤٥ ڕۆژ مووچەیان وەرنەگرتبوو، جگە لەوەش داوای یاریزانم دەکرد لە ئیدارە، ئەوان یاریزانیان نەدەدامێ و سوور بوون لە سەر ئەوەی یاریزانی عەرەبم بدەنێ، منیش داوای یاریزانانی کوردی خولی عێراقم دەکرد، کەچی لە دوای منیش بۆ خولی کوردستان شەش یاریزانی کوردی خولی عێراقیان داوەتە تیپی خولی کوردستان»، لە بارەی چوونی بۆ ڕیزی تیپێکی دیکە کاپتن بژار گوتی :»تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی هیچ قسەیەکم لەگەڵ هیچ یانەیەك نەکردووە، ئیتر نازانم چارەنووسیش چی دەبێت، ئەگەر داواکارییەکانمان جێ بەجێ بکرایە ئێستا بارودۆخ جۆرێکی دیکە دەبوو.

خولی عێراقی گرێبەستم لەگەڵ یانەی قوە جەوییە کردووە، لە ئێستاشدا جگە لە یانەی جەوییە گرێبەستم لەگەڵ هیچ یانەیەکی دیکە نییە و بۆ خولی فوتساڵی عێراقی یاری بۆ ئەوان دەکەم، خەنسا گوتیشی: «گرێبەستەکەم بۆ ماوەی یەك وەرزە و لە ئێستادا لە دوو پاڵەوانێتی لەگەڵ یانەکەدا بەشداربووم و خولی عێراقیش ماوە بەشداریم، گرێبەستەکەم بە شێوەی مووچەیە و لەگەڵ جەوییە جامی عێراقیم بەدەست هێناوە، مانگی شەشیش بەشداریی خولی عێراقی دەکەین، گوتیشی «وەکو تاکە یاریزانی کوردی ڕیزی تیپەکەم و زۆریش ئاسوودەم، هیچ کەموکورتی و جیاوازییەك نییە لە نێوان یاریزانانیدا، چونکە پێشتریش هەموومان بە یەکەوە لە هەڵبژاردەی فوتساڵی عێراقی بووین، هەولێش دەدەم باشترین ئاست و ئەنجام لەگەڵ یانەکە بەدەست بهێنم».

# با ژەمی بەربانگت تەندروست بێت

ژەمی بەربانگ ڕۆڵی گرنگی بۆ لەش هەیە پاش نزیکەی ١٥ کاتژمێری درێژی ڕۆژوودا، بۆیە هەڵبژاردنی خۆراکی کۆالیێتی بەرز لەم ژەمەدا زۆر پێویستە. با ژەمی بەربانگ بری پێویستی وزە لەخۆ بگرێت، هاوکات لەگەڵ خۆراکی جۆراوجۆری تەندروست و هاوسەنگ لە نێوان پرۆتین و کاربۆهیدرات و چەوریدا بە شێوەی کاربۆهیدرات ٥٥٪، پرۆتین ٢٥٪، چەوری ٢٠٪. هەوڵ بدە کە بەربانگ بە خواردنەوەی برێك ئاوی شلەتێن، یان شیرەی میوەی سرووشتی بکەیتەوە، گرنگی بدە بە شۆربای نیسك، یان شۆربای تێکەڵاوی سەوزەکان، گۆشتی سوور و چەوریی ئاژەڵی کەم بخۆ، زیاتر گۆشتی پەلەور و ماسی هەڵبژێرە، لەگەڵ زەڵاتەی جۆراوجۆر. واباشە کە سەوزەی جۆراوجۆر بەشێکی سەرەکیی سفرەی بەربانگ بێت، لەگەڵ دانەوێڵەی تەواو Whole grains، نان بە گەنمی تەواو، ساوار، پاقلەمەنییەکان، سەوزە گەڵا تاریکەکانی وەکو سڵق و سپێناغ وخاس(کاهو)، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە سوورکردنەوەی خۆراك لەناو ڕۆن یان زەیتدا، پاشان کەمکردنەوەی شیرینی و شلەمەنییە شیرینکراوەکان و هەویرکارییەکان، دوورکەوتنەوە لە ژەمی گەوری بەربانگ، واباشترە کە شیرینی ماوەیەك پاش ژەمی سەرەکیی بەربانگ بە برێکی کەم بخورێت.



# هێلکە و کۆلیستیرۆل



هێلکە خۆراکێکی تەندروستە، دەوڵەمەندە بە پرۆتین، ڤیتامین، کانزا، ماددەی دژەئۆکسان لەگەڵ چەوری. ئەمە ڕوونە کە هێلکە ڕێژەیەکی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە زەردێنەکەیدا لەخۆدەگرێت، بۆنموونە هەر زەردێنەیەك Yolkبە تێکڕایی ٢٠٠ ملگم کۆلیستیرۆڵی تێدایە، ئەمەش زانراوە کە ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ لە خۆراکدا هاندەرە بۆ تووشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان و نەخۆشیی دڵ، ئەمەش وای لە زۆر کەس کردووە کە هێلکە نەخۆن، یان زۆر بە وریایی و بە کەمی بیخۆن. زەردێنەی هێلکە،جگە لە کۆلیستیرۆڵ، چەوریی تێر، کانزا و ڤیتامین و ماددە گرنگەکانی دیکە لەخۆ دەگرێت، کەچی یەك سپێنەی هێلکە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سێ گرام پرۆتین و ڕێژەیەکی بەرزی ئاو پێکهاتووە. بۆ زۆربەی پێگەیشتووانی تەندروست ڕۆژانە خواردنی ١-٢ هێلکە تارادەیەك بێ زیانە، بە مەرجێك بڕی زیادی کۆلیستیرۆڵ لە خۆراکەکانی دیکە ڕۆژانەدا وەرنەگیرێت، بەڵام ئەو کەسانەی کە ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێنیان بەرزە، یان قەڵەو و جگەرەکێشن کە ئەگەری تووشبوونیان بە نەخۆشیی دڵ بەرزە، ئەوا پێویستە کە هەفتانە تەنیا سێ تا چوار هێلکە بخۆن. ڕێژەی بەرزی کۆلیستیرۆڵ، چەورییە تێرەکان، لەگەڵ چەورییە نێوەندییەکان Trans fats لە خۆراکدا، هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆلی خراپ LDL لە خوێندا، کە ئەگەری نەخۆشیی دڵ زیاد دەکات. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە پێویستە بڕی کۆلیستیرۆڵی خۆراکیی ڕۆژانە هەرگیز لە ٢٠٠-٣٠٠ ملگم زیاتر نەبێت، بۆنموونە خواردنی دوو هێلکە ڕۆژانە واتە وەرگرتنی نزیکەی ٤٠٠ ملگم کۆلیستیرۆڵ کە زیاترە لە بڕی ڕینماییکراوی ڕۆژانە، بە مەبەستی خۆپاراستن لە نەخۆشیی دڵ.

# زیانەکانی قەڵەوی لەکاتی دووگیانیدا



قەڵەوی لەکاتی دووگیانیدا هۆکارە بۆ گەلێك گرفتی تەندروستیی گەورە وەکو: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەتایبەتی لە نیوەی دووەمی دووگیانیدا کە هاندەرە بۆ ئاڵۆزیی تەندروستیی گەورە، ژاراویبوونی دووگیانی Preeclampsia کە حاڵەتێکی مەترسیدارە، نەخۆشیی شەکرەی پەیوەست بە دووگیانی Gestational diabetes کە هۆکارە بۆ گەورەبوونی قەبارەی کۆرپە و پێویستی بە نەشتەرگەریی قەیسەری، هەناسەتەنگی توند لەکاتی نووستندا Sleep apnea کە بریتییە لە چەند جارێك وەستانی هەناسە بۆ ماوەیەکی کورت لەکاتی خەودا، کە هۆکارە بۆ هەستکردن بە ماندووبوون و زیادبوونی ئەگەری بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و گرفت لە دڵ و سییەکاندا. مەترسییەکانی قەڵەوی لەکاتی دووگیانیدا بۆ تەندروستیی کۆرپە: ئەگەری ڕوودانی سەقەتیی زگماکی بەتایبەتی لە دڵ و کەناڵی دەماردا، گەورەیی قەبارەی کۆرپە Macrosomia کە ئەگەری زەبر بۆ کۆرپە لەکاتی منداڵبووندا زیاد دەکات، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری نەشتەرگەریی قەیسەری، منداڵبوونی پێشوەختە واتە بوونی منداڵی ناکام، زیادبوونی ئەگەری مردنی کۆرپە Stillbirth.



# وشكبوونی دەم لە ڕەمەزاندا

وشـكبوونی دەم Xerostomia حاڵەتێكی بـاوە لـە مانگـی ڕەمەزانـدا، هـۆكاری وشـكبوونی دەم دەگەڕێتـەوە بـۆ: كەمبوونـەوەی دەردانـی لیـك لـە گلاندەكانـی بنگوێ و ژێرەوەی شەویلاك، كەم خواردنەوەی ئـاو و شـلەمەنی، زیـاد خواردنـی چـەوری و تیـژی و تورشـی لـە ژەمـی پارشـێودا، جگەرەكێشـان، زیانی لابەلای بەكارهێنانی هەندێك دەرمـان. وشكبوونی دەم لەوانەیە كـە هەندێـك جـار ڕۆژووەوان بـە تونـدی نارەحـەت بـكات، هەروەهـا دەبێتـە ئەگـەری: دەنـگ كەوتـن، ناخۆشـبوونی بۆنـی هەناسـە، گرفـت لـە قسـەكردندا، كرانـەوەی قـورگ، گرفـت لـە بەكارهێنانـی تاقمـی ددان لـەو كەسـانەی كـە تاقمیـان هەیـە، زیادبوونـی ئەگـەری كلۆربوونـی ددان و نەخۆشـیی پـووك، گرفـت لـە جویـن و قووتدانـی خۆراكـدا، گـۆڕان لـە هەسـتی چێژكردنـی خـۆراك. بـۆ خۆپاراسـتن لـە وشـكبوونی دەم لـە مانگـی ڕەمەزانـدا، پێویسـتە كـە پەیـڕەوی ئـەم خاڵانـە بكرێـت: خواردنـی بڕێكی باشـی سـەوزە و میوە و خواردنـەوەی بڕێكـی باشـی ئـاو لـە ژەمـی پارشـێودا، گرنگیـدان بـە پاكوخاوێنیـی دەم و ددان بـە شووشـتنی ددانـەكان بـە فڵچـە و هەویـری ددان لەپـاش ژەمـی پارشـێو و بەربانگدا، دووركەوتنـەوە لـە جگەرەكێشـان و ڤەیـپ و نێرگلـە و جگـەرەی ئەلیكترۆنـی لـە مـاوەی پـاش بەربانـگ تـا ژەمـی پارشـێو، چونكـە جگـەرە هۆكارێكـی زەقـە بـۆ وشـكبوونی دەم و زیادكردنـی هەسـتی تینوێتـی لـە ڕۆژووەوانـدا.





# به نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین C ئاشنا به

ڤیتامین C دژەئۆکسانێکی بەهێزە و ڕۆڵی گرنگی بۆ تەندروستی هەیە، پێویستی ڕۆژانەی ڤیتامین C بۆ پیاو بریتییە لە ٩٠ ملگم و بۆ ئافرەت ٧٥ ملگم. هەندێك حاڵەت ئەگەری کەمیی ڤیتامین C زیاتر دەکەن وەکو: خۆراکی ناهاوسەنگ و کوالیتیی نزم، ئەوانەی کە لەسەر دەزگای گورچیلەی دەستکردن Di-alysis، کەسانی ئەلکهولی لەگەڵ جگەرەکێشەکان، لەم حاڵەتانەدا پێویستیی ڕۆژانەی ڤیتامین C بە بڕی ٣٥ ملگم زیاد دەبێت واتە ١٢٥ ملگم بۆ پیاو و ١١٠ ملگم بۆ ئافرەت. کەمیی ڤیتامین C لە ماوەی سێ مانگدا دەبێتە ئەگەری دەرکەوتنی نیشانەکانی کە بریتین لە: دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، خوێنبەربوون لە پووك، لووتپژان، دەرکەوتنی خاڵی بچووکی خوێنبەربوون لە پێستدا Bruises لە ئەنجامی ناسکبوونی موولوولە وردەکانی خوێن، زیادبوونی کێشی لەش بەتایبەتی لە دەوری سکدا، وشکبوون و لۆچبوونی پێست، هەستکردن بە ماندووبوون و نارەحەتی، لاوازبوونی سیستمی بەرگریی لەش و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنە ڤایرۆسی و بەکتریاییەکانی وەك هەڵامەت و هەوکردنی شانەی سییەکان Pneumonia و میزەڕۆ، گرفت لە بینیندا، ئەسکەربووت Scurvy کە ئەگەرچی ئێستا زۆر بە کەمی دەبینرێت، بەڵام لەوانەیە ڕوو بدات لەو کەسانەی کە ڕۆژانە کەمتر لە ١٠ ملگم ڤیتامین C لە خۆراکەوە وەردەگرن.

# نیکۆتین و تووتن.. جیاوازیان چییە؟

زۆربەی ئەو نیکۆتینەی بۆ جگەرەی ئەلیکترۆنی و ڤەیپ بەکاردێت لە تووتنەوە وەردەگیرێت، هەروەها لە ئێستادا هەوڵێکی زۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی نیکۆتینی دەستکرد Synthetic nicotine کە هیچ پێکهاتەیەکی تووتنی تێدانییە. خودی نیکۆتین هۆکاری شێرپەنجە نییە، بەڵکو پێکهاتەکانی دیکەی تووتن هۆکارن، وەکو نایترۆزئەماینەکانNitrosamine و قەتران Tar و ماددەی کیمیایی دیکە. نیکۆتین هۆکارە بۆ ڕاهاتن لەسەر جگەرەکێشان، ئایا جێگرەوەکانی نیکۆتین چارەسەرن بۆ خۆپاراستن لە پێکهاتە خراپەکانی تووتن؟ بەم دواییە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ڕوونیکردەوە کە جێگرەوەکانی نیکۆتین بە شێوەی بنێشت، یان لەزگەی پێست Patches تەنیا هەنگاوێکن بۆ وازهێنان لە تووتن، بەمەبەستی کەمکردنەوەی زیانە تەندروستییەکان، ئەگینا هەرگیز چارەسەر نین، چونکە هەرگیز ناتوانرێت بووترێت کە نیکۆتین بێ زیانە، جا لە تووتن وەرگیرابێت، یان لە تاقیگەدا دروستکرابێت، بۆنموونە هەندێك جێگرەوەی جگەرە وەکو ڤەیپ، یان لەزگەی نیکۆتین لەوانەیە کە لە خودی تووتن بۆ تەندروستی زیانبەخشتر بن، جگە لە ڕاهاتن، زیانە تەندروستییەکانی نیکۆتین بریتین لە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، نارەحەتیی دەروونی، تەسککردنەوە و ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ.



## سکانێری س

سکانێری سێ دەوری واتە (3D scanner) لە داهاتوودا گرنگییەکی زۆری هەیە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا رۆڵی خۆی دەبینێ. سکانێرە سێ رەهەندییەکان کارکردنیان وەك سکانێرێکی ئاساییە و کۆپی هەڵگرتنەوە لە شتەکانە، بەڵام بەشێوەی سێ رەهەندی. بۆ پیشەسازی و بەرهەمهێنان گرنگترین ئامێرە، بۆ نموونە کاتێك نیازت هەبێ پارچەکانی ئۆتۆمبیل بەرهەم بێنی، لە سەرەتادا دەبێ بەهۆی سکانێرێکی سێ دەورییەوە، کۆپییەکی دیجیتالی پارچەکە بگری و پاشان کاری لەسەر بکرێ. لە باری تەندروستییەوە، ئەگەر شوێنێك وەك ئێسکێك لە جەستە شکابێ، بەهۆی سکانێری سێ دەورییەوە، سکانی



## گیمبالێکی ژیرۆک و تایبەت

ئەوانەی ئەرکی پیشەیی فیلم هەڵگرتنەوەو وێنەگرتن دەکەن، دەزانن ئامێری Gimbal cam-era یەکێکە لە ئامێرە گرنگەکان. ئەو ئامێرە بۆچی دەبێ؟ ئەگەر بە مۆبایلەکەت ماوەیەکی زۆر فیلم هەڵبگریەوە، یان وێنەبگری، پێویستە کەسێکی شارەزا ئەو ئەرکە بکات، چونکە دەست دەلەرزێ، چوارچێوەکان گونجاو نین. فیلم هەڵگرتنەوە کە هەم کامێراکە لە جووڵەدابێ و هەم دیمەنەکان زۆر دژوارن، وەك رۆیشتن بە خێرایی لە دەریادا. گەیمباڵەکان مۆبایلەکانیان دەخرێتە ناو و ئۆتۆماتیکی گشت ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن کە کامێرەوانێکی پیشەیی ئەنجامی دەدات.

گەیمباڵی جۆری Hohem 3-Axis Smartphone زیرەکە، ئەرکی فیلم هەڵگرتنەوە زۆر ئاسان دەکات. دەکرێت بۆ چالاکییەکانی وەك، سواری شەپۆلەکان، خلیسکانی ناو بەفر، ئێسکی و هەر جۆرە وەرزشێکی دیکە سوودی لێوەربگری. ئامێرەکە سێ حاڵەتی وێنەگرتنی هەیە، پانۆرامایی، کە بە کلیکێك ١٨٠ پلە وێنەدەگرێت. وێنە جوڵاوەکان بەشێوەی ئۆتۆماتیکی دەگرێت، حاڵەتی (تایم لاپس) کە لە مەودای کاتی دیاریکراودا وێنەدەگرێت. هەستەوەری زیرەك کە لەناو ئامێرەکەدایە لەگەڵ پرۆگرامەکانی تایبەت بە پەخشی راستەوخۆ، یوتیوب، ئیسنتاگرام و تۆڕەکانی دیکە پشتیوانی دەکا.

رووناکییەکەی رێك دەکرێ و لە شەو و رۆژدا کێشە نایەتە پێش. دژە لەرزینە، لە بەرزایی و نزمایی کێشەی بۆ نایەتە پێش. هەتا ٩ کاتژمێریش وزەی تەواو نابێت.

## سپلیتی بچووک بۆ هەموو شوێنێک



سپلیت ئامێرێك بۆ گەرما و سەرما، لە چلەی هاویندا و لە چلەی زستاندا گرنگی خۆی هەیە. سپلیتەکان هەم قەوارەیان گەورەیە و هەم کێشیان زۆرەو کارەبا و وزەیەکی زۆریشان دەوێت.

سپلیتی بچووك و کەم وزەش بەرهەمهاتوون کە بۆ هەموو شوێنێك دەگونجێن، تەنانەت بۆ سەیران و گەشتکردنیش.. سپلیتی جۆری ZERO BREEZE MARK 2 یەکێکە لەو سپلیتانە.. هەڵگرتنی ئاسانە، شەحن دەبێتەوە و بە ئۆتۆمبیلیش شەحن دەکرێتەوە کەوایە بۆ گەیشت کردنیش گرنگی خۆی هەیە. هاوشێوەی سپلێتێکی ئاسایی بۆ گەرما و سەرما دەبێت. هەرکاتێك بەتەواوی شەحن بێتەوە هەتا ٥ کاتژمێر بەردەوام سوودی لێوەردەگیرێت. پلەی سەرمایی هەتا لە (٠)وە هەتا (٦٠) پلەی هەیە. کێشی ٧,٥ کیلۆیە.

## ـــــێ ڕەهەندی

شوێنەکە دەکەی بۆ ئەوەی پارچەیەکی هاوشێوەی ئێسك بۆ شوێنی پێویست دابندرێ.

سکانێرە سێ دەورییەکان جۆراوجۆرن، سکانێرە مەزنەکان زۆر قورسن و ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەیان ئەستەمە، بەڵام سکانێری بچووکیش هەن، بۆ نموونە Revopoint POP، ئەم سکانێرە خێرایی ٨ فریمی هەیە لە چرکەیەکدا، بۆ سکان کردنی هەموو شتێك بەکار دێت. کێشی هەر بەقەد مۆبایلێك دەبێت ٢٢٤ گرام. شەحن دەکرێتەوە. لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ. هەموو شتێك بە وردی بەهۆی ئەو دوو چاوەی هەیەتی سکان دەکات.






## مۆتۆڕسکلیتیش دەفڕێت

بیرۆکەی دروستکردنی ئۆتۆمبیلی فڕۆك، لە قۆناغی سەرکەوتنندایە و زۆر کۆمپانیا لە بواری بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبیلی فڕۆك هەوڵی چڕیان داوە. هەندێك لە کۆمپانیاکان گەیشتوونەتە ئاکامی جێگای گەشبینی کە لە داهاتوودا، ترافیك و قەرەباڵغی لەسەر زەوی نامێنێ و هەر ئۆتۆمبیلە و بە هەوادا دەفڕێ..

کۆمپانیایەکی ژاپۆنی هەوڵیداوە نە تەنیا ئۆتۆمبیلی فڕۆك، بەڵکو ماتۆڕسکلیتی فڕۆکەش بەرهەم بێنێ. لەم ڕۆژانەدا لە یاریگایەکی تۆپێنێ لە ژاپۆن لەناکاو (هوکایدۆ نیپۆن) بە سواری ماتۆڕسکلیتی XTurismo هاتە ناو یاریگا و هەمووانی سەرسام کرد. ماتۆڕێك کە بەسەر سەری یاریگاکەدا دەسووڕایەوە.

ماتۆڕسکلیتە فڕۆکەکە لە ڕاستیدا درۆنێکی مەزنە، کە بەشێوەی ستوونی لە زەوی بەرز دەبێتەوە و هەر بەم شێوەیەش دەنیشێتەوە. بە خێرایی سەد کیلۆمەتر بە ئاسماندا دەفڕێت. ماتۆڕەکە ٦ پەروانەی هەیە بەهۆی مۆتۆڕێك کە بە سووتەمەنی کار دەکا دەفڕێت. ماتۆڕسکلیتەکە هەر لە بواری تاقیکردنەوە دایە، هەرچەندە هەتا ئێستا ٢٠٠٠ دانەی لێ بەرهەم هاتووە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە وزەی بەگەڕخەری تەنیا بۆ ٤٠ خولەکە و پاشان دەبێت بنیشێتەوە و سەرلەنوێ وزەی تێبخرێتەوە ئەمەش کێشەیەکی گەورەیە.. هیچ دوور نییە لەداهاتوودا ئۆتۆمبیل و ماتۆڕ و تەنانەت پایسکلی فڕۆکەش بەرهەم بێت.

## ڕۆبۆتە بچـ




ئەم ڕۆبۆتە بچکۆلەیەی دەبینن کە زیاتر وەك بووکەڵەیەك دەچێت، لە هەستەکانی بەکارهێنەرەکەی دەگا، eilik companion bot بە وردی پێت ڕادەگەیەنێ کە لە بواری تەندروستی، هەروەها لە بواری دەروونییەوە لەچ حاڵەتێك دایت. (ئیلیك) هەست بە لەرین



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، لەوکاتەوە ویندۆز١١م خستۆتە سەر کۆمپیوتەرکەم، زۆر سست بووەو بە سستی فایل و فۆڵدەرەکان دەکاتەوە هۆکار چییە؟**

خوێنەری بەڕێز ئێمە وا فێربووینە هەرکاتێك شتێکی نوێ دەکەوێتە بازاڕ، وەك پرۆگرامێکی نوێ، سیستەمێکی نوێ یەکسەر دایدەبەزێنینەسەر کۆمپیوتەر، بەبێ ئەوەی بزانین ئایا ئەم پرۆگرامە یا سیستەمە لەسەر کۆمپیوتەرەکەمان کێشەی دەبێت یان نا؟ ویندۆز١١ پێویستی بە کۆمپیوتەرێکی بەهێز هەیە، لانی کەم دەبێت لەبری هارددیسك، SSD دابندرێ. کێشەی سەرەکی نەکردنەوەی فایل و فۆڵدەرەکان کە باسی دەکەی ئەوەیە کە کۆمپیوتەرەکەت هارددیسکی لەسەرە، بیگۆڕە بە SSD باش دەبێت..

## پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستن و دەستکاری کردنی وێنە

**پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن کە ئەرکیان ئەوەیە دەستکاری یا ڕێکخستنی وێنەکان بکەن، جوانکاریان تێدا بکەن، ئیفێکتان بخەنە سەر و نۆژەنیان بکەنەوە و ڕەش و سپییەکان بکەنە ڕەنگی و پێچەوانەش. یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە. پرۆگرامی PhotoDirectorە.**

**هەرکاتێك وێنەکانت خستە سەر کۆمپیوتەر، پرۆگرامی ناوبراو دەتوانێ دەست بە ڕێکخستنی وێنەکان دەکا. ماسك دەخاتە سەر وێنەکان، ڕیزبەندیان بەپێی ویستی بەکارهێنەر دەکا، ڕووناك و لێڵیان دەکا. ئەو وێنانەی تێکچوونە و خواروخێچن ڕاستیان دەکاتەوە. ئەگەر نیازت هەبوو لە وێنەیەکدا کەسێك یان شتێکی لاببەی بە ئاسانی لایدەبات. سوورایی گلێنەی چاو ناهێڵێ. لۆچی و پەڵەی پێست دەسڕێتەوە. ددانە زەردەکان سپی دەکات و زۆر خاڵی بەهێزی دیکەش کە لەکاتی بەکارهێناندا زیاتر خۆیان دەردەخەن.**




## گشت ئەرکەکانت بەو تانکە بچووک



ئەوەی دەبینن کە وەك تانکێکی بچووك دەچێت، تانك نییە و دوورە لە شەڕ و لەگەڵ ئاشتیدایە و ژینگەپارێزێکە بە تەواو مانا.. هەندێك وەك ئەو ئامێرانە دەچێت کە بۆ سەر هەسارەکانی دیکە بەڕێ دەکرێن، بەڵام ئەم تانکە بچووکە هەر لەسەر ئەو زەوییە ئەرکەکانی ئەنجام دەدا.

ڕۆبۆتی Yard Yardroid تەنیا تایبەت نییە بە یەك ئەرك، بەڵکو زۆربەی ئەرکەکان جێبەجێ دەکات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کشتوکاڵ و ئاودیری و چیمەن و سەوزاییەوە بێت.

زەوی دەکێڵێ، چیمەن دەچێنێ، ئاوی دەدا، لە زیندەوەرە زیانبەخشەکان دەیپارێزێ....تاد. بە سوود وەرگرتن لە زەینی دەستکرد، بە دەوروبەری حەوشە و باخچەکاندا دێت، هیچ لەمپەرێك کێشەی بۆ دروست ناکات، ئەگەر چیمەن و سەوزاییەك تێکچووبێ یا شین نەبووبێتەوە، بێ ئەوەی کە مرۆ دەستی تێدابێ، ئەوەی پێویست بێ دەیکات.

شەو و ڕۆژ ناناسێ، بەهۆی گلۆپی تایبەت کە لە پێشەوە و پشتەوەی دایە شەو و ڕۆژی وەك یەکە. تۆ و دەچێنێ، زبڵ و زاڵ وەك گەڵای وەریوی دارەکان کۆ

## ...كۆلەكە لە هەستەكانت تێ دەگات

دەكات و بۆیە بۆ كاتی هاتنی زەوی لەرزە ئاگادارتان دەكاتەوە.. ئەگەر لەسەری بدەی تووشی سەرەگێژە دەبێت و ئەگەر تورە بی و بە مست لە مێز بدەی.. هەست بە ترس دەكات.

(ئیلیك) لە شوێنە بەرزەكان دەترسێ، ئەگەر بیبەی بۆ شوێنێكی بەرز هەست بە نەخۆشی و مەترسی دەكات، بەڵام ئەگەر دەستی بگری ئارام دەبێتەوە. رۆبۆتە بچكۆلەكە هیچ ئەركێكی وا ئەنجام نادا، بەڵام هاورێ و هاو هەستتە و كاتێك لەلاتە هەست بە ئارامی و حەسانەوەیەكی جەستەیی و دەروونی دەكەی..



### سەرێک لە ماڵپەڕی پاندای بێ تاقەت بدەن

جیهانی ئینتەرنێت ئەوەی باشە كە ئەوەی مەبەستت بێ دەتوانی بیدۆزیەوە، بە دوای هەر شتێكدا بگەرێی بەئاسانی دەكەوێتە بەردەستت. بە هەزاران و رەنگە ملیۆنانیش ماڵپەڕ هەبن كە تایبەت بە وێنە و فۆتۆگرافی. یەكێك لەو ماڵپەڕانە. ماڵپەڕی https://www.boredpanda.com/ە. واتە (پاندای بێتاقەت) لەراستیدا بێ تاقەتیش نییە و بە هەزاران وێنەی سەرنج راكێش و تایبەتی تێدایە. وێنەكان ریزبەندی كراون لە (گەشت و گوزار، وێنەگری پیشەیی، گیانلەبەران، تەكنەلۆژیا...تاد) دەتوانی لە ماڵپەرەكەدا ببیە هاوبەش و وێنەكانی خۆت دابنێی. بەشێكی تایبەتی تێدایە بۆ وێنەی پێكەنینی و سەرنج راكێش.

## دەنگ هەڵگرەوەیەكی تایبەت




لەگەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا، هەندێك ئامێر هەر بوون بە مێژوو و كەوتنە ئەرشیفەوە.. بۆ نموونە كاسێت و ریكۆردەر (دەنگ هەڵگر).. ئەوانەی كاری رۆژنامەوانیان كردبێ، بەر لەبەرهەمهاتنی مۆبایل، گرنگترین پێداویستی سەرەكی رۆژنامەوان، دەنگ هەڵگر (مسجل) بووە. دەنگ هەڵگرێ تایبەت بە رۆژنامەوانان، كە كاسێتێكی بچووكی هەبوو. ئێستا بە دەیان جۆری دەنگ هەڵگر بەرهەمهاتوون كە پێویستیان بە كاسێت نییە و میمۆرییە و هیچی دی.

دەنگ هەڵگری Zoom H8 كە وەك ئامێرەكانی ناو فیلمە خەیاڵی زانستییەكان دەچێت. بۆ كاری رۆژنامەوانی، ئەركی تۆماركردنی دەنگی گۆرانی و مۆسیقا وەك ستۆدیۆیەك.. و بۆ كاروباری تایبەتیش دەبێت.

لە دە لاوە دەنگ هەڵدەگرێتەوە و دەتوانێت لەیەك كاتدا ١٢ دەنگ پێكەوە بە كوالیتی زۆر بەرز تۆمار بكات. جگە لەوە شوێنی دانانی ٤ جێگای تریش هەیە و واتە لەیەك كاتدا ١٦ دەنگ هەڵبگرێتەوە. شاشەیەكی بچووكی هەیە و لەمسییە بە ئاسانی ریكۆرد دەكا، دەیان دوگمە و فەرمانی دیكە هەن كە كارئاسانییەكی زۆر دەكەن و دەنگەكە دەستكاری دەكەن. دەنگ لەسەر میمۆری تۆمار دەكا و دەتوانی هەر ئەوكاتیش بەهۆی سوود وەرگرتن لە سیستەمی ئەنتەرنێت بڵاوی بكەیەوە..

## ...ە بسپێرە



دەكاتەوە. بۆ زیندەوەری ورد ژەهریان بۆ دەرژێنێ، بۆ گیانداری دیكە وەك سەگ و پشیلە بۆ ئەوەی دووریان كاتەوە، ئاویان پێدا دەكات، ئاو بە باڵندەكانی سەر دارانیش دا دەكات. جگە لە هەمووی ئەو ئەركانە، بە وردی چاودێری ماڵەوە دەكات و ئەگەر كەسێكی نامۆ و جێی گومان نزیك بێتەوە خاوەنەكەی ئاگادار دەكاتەوە. زستانانیش بێكار نییە، بەفر پاك دەكاتەوە. ئەگەر زۆریش بێ كار بێ ئەوە لەگەڵ منداڵانی ماڵەوە دەست دەكات بە یاری كردن.. رۆبۆتێكی وات هەبێ بەسە.



# چۆنێتیی ماکیاژکردن لە ڕەمەزاندا

ئارایشتکاری دەستڕەنگین لە سالۆن مورکیانی (سروە مەولوودی) دەربارەی ڕێنماییەکانی ماکیاژ بۆ ڕوخساری ئافرەتان دەڵێت: بەهۆی ئەوەی بەیانیان خواردن کەم دەخورڕێت، ڕەنگی ڕوخسار زەرد دەبێت، بۆیە ماکیاژی ناسك و جوانی پێویستە وەك، پاودەری ڕەنگی پێست، سەر ڕوومەت قاوەیی و پەمەیی لە ڕەنگی مات، ماسکارا و مەقەس و پشتچاوی ماتی سادە و ئایشۆدی نەرم، ڕوخسار لە مانگی ڕەمەزاندا کرێمی شێدارکردنەوەی (٣ تا ٤) جار پێویستە، چەندین شێوازی ماکیاژ هەن کە هەندێکیان بۆ ئەو وەرزە و مانگە شیاون، بۆ ئەم بابەتە سروە مەولوودی دەڵێت: جوانترین مۆدی ماکیاژەکان لە مانگی ڕەمەزاندا واچاکە بەم جۆرە بن: ئەساس نابێ تۆخ بێت، فاوندێشنێکی تەنك، سووراوێکی کاڵ، لەگەڵ پشت چاوی زیاتر لە ڕەنگە کاڵەکان بێت وەك ڕەنگی پێست، ماسکاراش پێویستە بۆ ڕازاندنەوەی برژانگەکان بێت، بە داخەوە ئەوەی ئێستا باوە، زورینەی خانمەکان ئیشی جوانکاری خۆیان لە ماڵێ ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی شارەزاییەکیان هەبێت لە ئیشەکە، بۆ کاری جوانکاری پێویستە خانمەکان شارەزایی باشیان هەبێت کە ئەم کارەش پێویستی بە ئەزموون هەیە، بۆ نموونە دەبێ نەوعی پرچ و نەوعی سبوغ و، یان مەوادی مێش بناسن، زۆر جاران ئەو خانمانەی کە سەردانمان دەکەن، ڕەنگی تۆخیان لە پرچیان داوە، یان پرچەکە بووەتە چەند ڕەنگێ، کە ئەمەش کێشە بۆ ئیشی ئێمەش درووست دەکات، زۆر جار چاکردنەوەی پرچەکەش کارێکی ئەستەمە بۆ وەستا و ئارایشتکارانی سالۆنەکان.



# تەنوورەی درێژ، جلی شیک و پڕ کەسایەتی

ئەو خانمانەی خولیای پۆشینی تەنوورە دەکەن، لە مانگی ڕەمەزاندا زیاتر بایەخ بەو جلانە دەدەن، وەك نەریتێکی ئەو مانگە تەنوورە باو و زیاتر دەپۆشرێت، مۆدەکانی تەنوورە زۆرن، هەر یەکێك بۆ شوێن و کاتی خۆی دەپۆشرێت، تەنوورەی مۆدی بلیسەی درێژ، مۆدێکی ناوداری جیهانییە، زۆربەی کچان لە وڵاتان دەیپۆشین، ئەو تەنوورەیە لەگەڵ کەشی مانگی ڕەمەزاندا دەگونجێت و باو دەبێت، مۆدە باوەکانی ئەو تەنوورەیە بریتیین لە: تەنوورەی بلیسە لەلایەن براندۆن ماکسوێڵ، مۆدێکی باوەو لە سەرەوە تەسکە و لە خوارەوە فراوان دەبێتەوە، بۆ شوێنی فەرمی وەك بۆنە و شوێنی کار دەپۆشرێت، تەنوورەی بلیسە لە بیاتریس، لەگەڵ تی شێرت و پێڵاوی وەرزشی دەپۆشرێت، بۆ کاتی بەیانیان گونجاوە، شێوەی ڕاستە (عدل)ـە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەمان پێوانەیە، لەگەڵ پێڵاوی فلات دەپۆشرێت، تەنوورەی میدی، کە لە سەرەوە تەسکە و لە خوارەوە بە تەواوی فراوان دەبێتەوە، مۆدێکی نایاب و ناسکە، بۆ سەردانی و میوان و ماڵ دەپۆشرێت، وا چاکە تەنوورەکان لە ڕەنگی جۆراوجۆر بن، زیاتر ڕەنگەکانی، پەمەیی، سەوز، سوور، ڕەش و قاوەیی گونجاون بۆ مانگی ڕەمەزان و بۆ ئەو وەرزەی بەهار.





# چۆنێتی ئاگاداربوونی پێست لە مانگی ڕەمەزندا

بۆ ئەوەی لە مانگی ڕەمەزاندا ئاگاداری پێستت بیت، پێویستە ئەم ڕێنماییانە لەبەرچاوی بگریت: سەرەتا لە پارشێوەوە دەست پێ دەکەین، وا چاکە بەکارهێنانی کرێمی شێدارکردنەوەی پێست دوای نانی بەیانی و بەر لە خەوتن بەکار بهێنە، سەر لە بەیانی و بەر لە دەرچوون بۆ شوێنی کار و زانکۆ و شوێنی گشتی، پێویستە کرێمی دژە خۆر بەکار بهێنت، بەهۆی ئەوەی لەم وەرزەدا هەوای وشك و تۆز و خۆڵ زۆرە، چاویلکە لەچاوکردن بۆ پارێزگاری لە ماکیاژی چاوەکانت بەسوودە، هەروەها لەگەڵ بەربانگدا پێویستە ماکیاژەکەت بە تەواوی لابدەیت، هاوکات پێویستت بە خواردنەوەی ڕێژیەکی زۆری ئاو و شلەمەنی هەیە، سەوزە لەگەڵ خواردنی بەربانگ و دواتر میوەش نۆش بکە، چونکە سوودی هەیە بۆ پێستی مرۆڤ بە گشتی و ئافرەتان بە تایبەتی، ڕۆژانە ماکیاژی بە ڕێژەیەکی کەم بکە، بەهۆی ئەوەی پێستت لەو وەرزەدا وشکە و نەبوونی خۆراك و ئاوی پێویست لە ڕۆژدا کار لەسەر وشکبوونی پێست دەکات، بۆیە دەبێت کەمترین ماکیاژ بکەیت، بەڵام دەتوانیت لە ڕێگەی بەکارهێنانی کرێمەکانی نەرمکردنەوەی پێست و دەست و قاچ بەردەوام گرنگی بە نەرمیی دەست و قاچت بدەیت، بەڵام بۆ ڕوخسار دەبێ پشوویەکی پێ بدەیت، تا مانگەکە تەواو دەبێت.





# شێوەی تازەی پیتزا





سەرچاوەی دۆزینەوەی خواردنی پیتزا وڵاتی ئیتاڵیا بوو، پێشتر وڵاتانی (یۆنان و تورکیا و میسر) یەکەمەکانی دروستکردنی ئەو جۆرە خواردنە بوون، کە پارچەیەك نانیان دەهێنا و بەشی سەرەوەی نانەکەیان پڕ دەکرد لە گۆشت و میوە و سەوزە و پەنیر، بەڵام دواتر چێشتلێنەرانی شاری ناپۆلی ئیتاڵیا کە بە بنکەی سەرەکیی خواردنی پیتزا دەناسرێت، پەرەیان بەو بیرۆکەیە دا و ناوی تاوەری پیتزای ئیتاڵییان لەو خواردنە ناوە، شێوەی پیتزا بازنەییە و کاتێك دەبڕدرێت، یان پارچە پارچە دەکرێت، دەبێتە چەند سێگۆشەیەك، بەڵام دواجار چێشتلێنەران و ئامادەکارانی خواردن لە وڵاتی کەنەدا ئەو ڕێچکەییەیان شکاند کە پێویستە پیتزا بازنەیی بێت، چاین بۆستون ئەو چێشتلێنەرەیە کە کەمپینێکی بۆ گۆڕینی شێوەی پیتزا ساز کرد و نزیکەی (٣٤٠٠) کەس لە چێشتلێنەر و هەویرکارانی بانگهێشت کرد، لە کەمپینەکەدا چەندین شێوەی پیتزایان نمایش کرد، کە هیچیان بازنەیی نەبوون، بەڵکو هەر پیتزایەك لە شێوە و دیزانێك بوو، لەوانە: شێوەی مۆتە، ساندویچ، لەفەی ئاسایی، کاتژمێر، پارچە قوماش.





## لە جلی نمایشەوە بۆ جلی سەربازی

خەڵکی ئۆکرانیا دوای هێرشەکانی ڕووسیا بۆ سەر وڵاتەکەیان، یەکگرتوون و بە هەموویانەوە بەرگری لە وڵاتەکەیان دەکەن، جگە لە پیاوان ئافرەتانی ئەو وڵاتەش هەر یەکە بەپێی کار و ئەرکی خۆی هەڵساوە، تا بتوانن ئەو داگیرکارییە بوەستێنن، دیزاینەر و نمایشکاری ئۆکرانی (میلا نۆڤا)، کە مارکەیەکی ناوداری ئەو وڵاتەیە و لە سەراپای جیهان کارەکانی جێ بایەخ و گرنگین، لە دەستپێکی جەنگەکەدا هەڵساون بە گۆڕینی کارەکانیان لە دروستکردنی جلی نمایش و فاشیۆنەوە بۆ جلی سەربازی و دژەگوللە و بەرگی سەربازی. خاوەنی ئەو مارکەیە (کۆرتیسی میلا نۆڤا) لە ڕێگەی (ئۆلیانا کایرچوك)- (Uly-ana (Kyrychuk بەڕێوەبەری کارەکانی مارکەکە ڕایگەیاندووە: پێی وابوو پێویستە ئەوانیش هاوشانی سەربازان و پیاوانی وڵاتەکەیان بەرگری بکەن، لە سەرەتای کارەکانیانەوە تاوەکو ئێستا نزیکەی ١٥٠٠ پارچە جلی سەربازی و دژە گوللەیان دروست کردووە و، بۆ سەربازانی ئۆکرانیان ناردووە، تاوەکو بتوانن چەند لە پارێزگریکردن بەردەوام بن.








# قاوەخانە و چێشتخانەی فڕۆکە لە کوردستان



چێشخانە و قاوەخانەی فڕۆکە لە کوردستان ماوەیەکە کراوەتەوە، شێوازێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، خەڵکێکی زۆر ڕووی تێ دەکەن بۆ نۆشکردنی قاوە و خواردن، لەم بارەیەوە (عەبدولسەلام مەحموود) دەربارەی (پلان کافێ) قاوەخانەی فڕۆکە، دەڵێت: بیرۆکەکە لەوەوە هات کە خاوەنەکەی زۆربەی کات گەشت بۆ وڵاتان دەکات، هەر بۆیە ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات کە لە کوردستانیش فڕۆکەیەکی گەورە بکاتە قاوەخانە و چێشتخانە، سەرەتای پلانەکە گەورە بوو، وابڕیار بوو فڕۆکەیەکی گەورەی لە کارکەوتوو بهێنین و بیکەین بە چێشتخانە و قاوەخانە، تا هاووڵاتیانیش ئەوانەی کە فڕۆکەیان لە نزیکەوە نەبینیوە، یان گەشتیان نەکردووە، لە ناوی دانیشن و خوارن و خواردنەوە نۆش بکەن، ئەو فڕۆکەیەی ئێستا لە کوردستان دروست کراوە، لەسەر شێوازی فڕۆکەی ئاسایی بە بڕی زیاتر لە (٢) دەفتەر دۆلار دروست کراوە، ئێستا تەواو بووە و سەر لە ئێوارەوە تا درەنگانی شەو خواردن و خواردنەوە پێشکەش بە میوانان دەکەین، خەڵکێکی زۆر دێن و ڕووی تێ دەکەن، هەروەها وێنە و سێلفی و سناپی لەگەڵ دەگرن، فڕۆکەکە جێگەی زیاتر لە (١٤) کەس دەبێتەوە، گەڕۆکە و دەتوانین لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازینەوە، ئەوەش لە ڕێگەی لێکردنەوەی باڵەکان و دواتریش لەسەر تایە دەڕوات، خەڵك هەبووە لە باشووری عێراقەوە سەردانی هەولێری کردووە، تەنیا بۆ بینینی فڕۆکەکە، لە ژوورەوە سارد و گەرمی هەیە و شوێنی دانیشتن و هەروەها شوێنی فڕۆکەوانانیش هەیە بۆ وێنەگرتن، لە شەوانی ڕەمەزانیشدا ئەو شوێنە کراوەیە و پێشوازی لە خەڵك دەکەین.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە ئیمپریالیزمی ڕووسیا دەکات و، نییەتی پۆتین دەردەخات، کە دەیەوێت لە ڕێگەی هێزەوە جیهان ڕابگرێت.



## میوزیک

**گۆرینی ڕووناکییەکان-Light Switch**

یەکێکە لە گۆرانییە خۆشەکانی ساڵی ٢٠٢٢، کە لەلایەن گۆرانیبێژ (چارلی بوت) و لە ئەلبوومی Light Switch، لە جۆری پۆپ میوزیکە Pop، چاوەڕێ دەکرێت یەکێك بێت لە گۆرانییە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠٢٢.



# گەورەترین ئەڵقەی هاوسەرگیری

ئەوە گەورەترین ئەڵقەی هاوسەرییە لە جیهاندا و، لە وڵاتی سعودیە دروست کراوە، لە زێڕی عەیار (٢١)ـە و کێشەکەی (٦٤) کیلۆگرامە، هەروەها بە (٥) کیلۆ لە بەردی (شوارڤیسکی) ڕازێندراوەتەوە، ئەو ئەڵقەیە بڕی یەك ملیۆن دۆلار تێچووی بووە، لە ماوەی سێ مانگدا تەواو کراوە، هەروەها نزیکەی (٣٠) دیزاینەر و کاربەدەست سەرپەرشتیی دروستکردنی ئەو ئەڵقەیان کردووە، کە بە نایابترین و بە نرخترین ئەڵقە دادەنرێت، کەچی هەمان شێوەی نموونەی ئەو ئەڵقەیە بە لاساییکردنەوە دروست کراوە، کە نرخی تەنیا (١٧٠٠) دۆلارە، تەنیا لە ئاوی زێڕ ڕووپۆش کراوە، بەڵام هەمان دیزاین و نەخشی ئەڵقە گەورەکەی هەیە.




## کچی شەمشەمەکوێرە - Batgirl




فیلمێکی ئەکشن و سەرکێشییە، یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی باتمان و بات ومان و ئەمجارە بات گێڵ، واتە کچی شەمشەمەکوێرە، باس لە کچێکی ئازا بەناوی (باربارا گۆردۆن) دەکات، لە شێوەی جلی شەمشەمەکوێرە خۆی داپۆشیوە، لە شاری واشنتۆنی ئەمریکا دەژی، ڕۆژانە دژایەتیی تاوانکاریی نێو ژیانی خەڵك دەکات و ناهێڵێت کەس ستەمی لێ بکرێت، لە دەرهێنانی (ئەدیل ئیل ئەربی، بیلال فەلاح)، لە نووسینی کریستینا هۆدسۆن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (١٣) خولەکە، لە نواندنی (لیسلی گریس، میشیل کەیتۆن، بریندار فرێسەر، جەك کەی سیمۆنس، ئیڤۆری ئەکوینۆ، جەیکوت سیسپیۆ)یە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەرگیز کێشە تایبەتییەکان تێکەڵاوی کارەکەت مەکە، چونکە کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانت دەبێت، خۆت بەدوور بگرە لەو دەنگۆیانەی کە پەیوەندی بە لایەنی سۆزداریتەوە هەیە، چونکە کاریگەری دەخاتە سەر ئامانجەکانت، ئەرکێکی زۆرت لەسەر شانە، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تەندروستیت دەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بایەخدان بە کارەکەت لەگەڵ گرووپەکەت و پێشکەشکردنی باشتر، کاریگەری ئەرێنی لەسەر پێگەت دەبێت، بایەخدان بە ژیانی کۆمەڵایەتی وادەکات هەست بە تەنیایی نەکەیت و یارمەتی هەموان بدەیت، هەمیشە هەوڵ بدە هەستەکانت ڕێك بخەیت، بۆ ئەوەی توشی دڵەڕاوکێ و ماندوبون نەبیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لە ئێستادا لایەنی پیشەیت گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، چونکە جێگیرە و هیچ کێشەیەکی تێدانییە، دەربڕینی خۆشەویستی تەنیا بە وشە نییە، بەڵکو بە کردارەکانتدا دەردەکەوێت کە ئاخۆ تاچەند گوفتار و کردارت لەو ڕووەوە یەکە، ئەم ماوەیە ڕەنگە بەهۆی دڵەڕاوکێیەوە تەندروستیت ناجێگیر بێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە هەنگاوی بوێرانە و باش دەنێیت و متمانەت بە خۆت هەیە، لە ڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە هاوبەشیی خۆشەویستەکەت بکە لەو بەرپرسیارێتییانەی کە لەسەر شانتانە، واتە لە هەمو هەنگاوێکدا پێکەوەبن و بەتەنیا بڕیار لەسە پرسە گرنگەکان مەدە، ئەم ماوەیە پشوو وەربگرە باشترە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەرگیز ئەرکەکانت دوامەخە و بەپێی میزاجت کار مەکە، چونکە تووشی کێشەی پیشەیی دەبیت، هەوڵ بدە کاتە بەتاڵەکانت تەرخان بکەیت بۆ خۆشەویستەکەت و زیاتر بایەخی پێ بدەیت، لە ڕووی تەندروستییەوە ڕاهێنانی وەرزشی، بەتایبەت بەیانیان، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ لەشێکی تەندروست و دەروونێکی ئارام.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە واباشترە لە پێناو داهاتوویەکی باشتردا هەمیشە بە شێوەیەکی ئەرێنی بیر بکەیتەوە، چونکە بیرکردنەوەی خراپ دەرئەنجامی باشی نییە، لە ڕووی سۆزدارییەوە کاتێك هەست بە پەستانێکی زۆر دەکەیت، هەوڵ بدە لە بیرکردنەوە و بڕیارداندا گۆڕانکاری دروست بکەیت، لەڕووی تەندروستییەوە ئەم ماوەیە هۆشیاربە، چونکە کەشوهەوا کاریگەری لەسەر تەندروستیت دەبێت.

بۆ زانیاریت

# بناغەی سلیکۆن


ژیان لەو ژینگانەی کە زۆر جیاوازترن لە ژینگەی زەوی، دەکرێت بایۆکیمیاییەکی جیاوازتریشیان هەبێت لەوەی کە ژیانی لەسەر ئەم هەسارەیە پێك هێناوە، دەمێکە شیمانەی ئەوە لەئارادایە کە توخمێکی دیکە لە بری کاربۆن پاڵنەری دەرکەوتنی ژیان بێت لەسەر هەسارە و ژینگەکانی دەرەوەی زەوی. بیرۆکەی ژیانێك کە بناغەکەی سلیکۆن بێت، لە ساڵی ١٨٩١ لە لایەن ئەستێرەزانی ئەڵمانی (Julius Scheiner)ـەوە هاتە کایەوە و، لەوکاتەوە بووەتە باسێکی گرنگی کتێب و فیلم و زنجیرە زانستییە فیکشنەکان، سلیکۆن چەندین تایبەتمەندیی کیمیایی لەگەڵ کاربۆندا هاوبەشی پێ دەکات و، لەسەر شێوەی جیاوازی سلیکات لە بەردەکانیشدا هەیە، دووهەم توخمی بەربڵاوە (لە دوای ئۆکسجین) لە توێکڵی زەوییدا، سەرەڕای ئەم بەربڵاوییەشی، ژیانی سەر وشکانی تەنیا بە دوو شێوە سلیکۆن بەکار دەهێنێت، ئەوانیش ترشی silicic (کە لە هەندێك لە شانەکانی لەشدا هەیە) و سلیکا (لە پێست و شانەکانی کۆئەندامی دەماردا هەیە). هیچ نموونەیەکی دیکەی ژیان نییە کە جۆرێکی جیاوازی کیمیای سلیکۆنی بەکار بهێنێت.



## پەند و وتە



جیان لویس لێربیس کیرۆك (جاك کیرۆك) لە ساڵی ١٩٢٢ لە ماسایشتویش لە ئەمریکا لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە فلۆریدا لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی چاکەکردن لەگەڵ خەڵك دەڵێت: هەمیشە لەگەڵ هەمووان باش بە، بە درێژایی ڕۆژ چاکە بکە، بۆ ماوەیەك هەست دەکەیت کە لە خۆشی و بەهەشتدا دەژیت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان کەللە سەرێکە و ئەوەی دیکەش منداڵێکە، هەوڵ بدە منداڵەکە لە ماوەیەکی کەمدا بدۆزیتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەلایەنی پیشەییەوە ڕەنگە هەندێك بڕیار و هەنگاوی نوێ بنێیت، بۆ ئەوەی بگەیت بە خواست و ئامانجەکانت، لەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە متمانەکردن بە کەسانێك کە شایەنی نین، تووشی کێشەت دەکات، هەمو قسەکانی چواردەورەکەت بە جددی وەرمەگرە، چونکە تووشی تووڕەییەکی زۆر دەکات و کاریگەری نەرێنی لەسەرت هەیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بیرکردنەوەکانت لەلایەنی پیشەییەوە دەبێتە جێگای بایەخی بەرپرسانت، لەلایەنی سۆزدارییەوە و هەوڵ بدە خۆسەپێنی نەکەیت و، ڕێگەمەدە ناکۆکییەکان گەورەتر ببێت، چونکە پەیوەندییەکەتان باش نییە لە ئێستادا، ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزشی هەنگاوێکی بەسوودە بۆ زیاتر بەهێزکردنی توانا جەستەییەکان.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەمڕۆ ئەگەری زۆرە پرۆژەیەکی کاری نوێ بێتە بەردەمت، بەڵام پێویستە زۆر بە وردی بەدواداچونی بۆ بکەیت، ڕاستگۆیی لە دەربڕینی هەستەکانت بەرامبەر خۆشەویستەکەت پەیوەندیتان چالاکتر دەکات، تەندروستیت ڕەنگە ناجێگیر بێت، بەهۆی مانەوەی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر، کە زیان بە پشت و چاو دەگەیەنێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


لەلایەنی پیشەییەوە لەخۆتەوە بڕیاری خێرا لەسەر چارەنووست مەدە، لە هەمان کاتدا ئەرکە گرنگەکان پشتگوێ مەخە، باشترە زیاتر تێگەیشتن بۆ خۆشەویستەکەت هەبێت و لە قورساییەکانی ژیانی کە پێیدا تێپەڕدەبێت تێبگەیت، وا باشترە بایەخ بە جوولە جەستەییەکانت بدەیت، بۆ ئەوەی توشی کێشەی تەندروستی نەبیت.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

واباشترە زیاتر بایەخ بە کارەکانت بدەیت بە وردی و جددی ەنگاو بنێیت، چونکە ڕەنگە کەسانێك بیانەوێت زیانت پێ بگەیەنن، لەلایەنی سۆزدارییەوە هەرگیز مەکەوەرە ژێر قسە و پەستانی چواردەورەکەت، پێویستە پشت بە خۆت ببەستیت، لایەنی دەرونیت ناجێگیرە، بەهۆی کێشە پیشەیی و سۆزدارییەکانتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ڕەنگە لەگەڵ هاوپیشەکانت توشی گفتوگۆیەکی توند ببیت، کە ئەگەری ئەوەهە نەتوانیت زاڵبیت بەسەر کاردانەوەکانتدا، هەرگیز لە ڕێگەی ڕوخسارەوە باوەڕ بە کەسەکان مەکە، چونکە مەرج نیە لەگەڵ کردەوەکانیاندا یەك بگرێتەوە، ئەگەر ڕووبەڕووی هەر کێشەیەك بویتەوە، ئارامی خۆت لەدەست مەدە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT,
Croporation Computerizing and Implementation of
Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626